شیعر



# ڕێک بۆڕکا و مەقام

لە نووسین و شیعر

فەرید محەمەد تاها بابان (تەنیا)

هەولێر - 2023ز- 1445ک



فەرید محەمەد تاها (بابان)

# ڕێــــك
# بــۆ
# ڕكـن و مەقام

له نووسین و شیعر

فەرید محەمەد تاها بابان


چاپی یەکەم

ساڵی ٢٠٢٣ ز – ساڵی١٤٤٥ ك- هەولێر

## ناساندنی کتێب:

ناوی کتێب : ڕێـك بـۆ ڕکـن و مـەقام
بابەت : شیعر
زنجیرە کتێبی : دووەم
تیراژ : ((١٢٠٠٠))دانە
نووسەرو شاعیر: فەرید محەمەد تاها ئەحمەد ئیسماعیل ولـی
فەقەی ئەحمەدی دارشمانی بابانەکان
تایپ: خوودی شاعیر
چاپ: چاپی یەکەم
دیزاینی ناوەڕۆك: هێرش حەمەد
بەرگ و تابلۆکان : خودی نوسەرو شاعیر
ئیمێل: president.farid77@gmail.com
وێب: www.farid.doomsday.com
فێس بووك و تویتەر : **Farid Muhammed Taha Baban**
کەناڵی یووتووب : فرید تەنیا ـ **You Tube: Farid Tanya**
مۆبایل: WhatsApp , Viber (+964) 07734460096
نرخ: ١٧٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (٤٩١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.



بۆ تەواوکردنی بینای عەقل تەنها پێویستیت بە چل ڕۆژە
بۆ ڕادەست کردنی هەرپڕۆژەیەك

## پێشکەشە بە:

بەپەروەردگار و خوداکەم کە(الله)یە..
وە بە هەڵسان و هێنانی قیامەتی گەورەی عاشقان..
وە هــەروەها بە هەڵهاتنی خۆری خەلافەت کە بەرەبەیانیەکەی زۆری نەماوە.
وە هــەروەها پێشکەشە بە ئازا و بوێرەکان، کە یەکتاپەرست و سەربازەکانی خودان...
وە هەروەها پێشکەشە بە دەوڵەتی (کورد زۆزان) مەبەست کوردستانە..
وە هەروەها پیشکەشە بە موسڵمانە فەلەستینەکان..
وە پێشکەشــە بەو بەرە ڕووسیایەی کە لە بەردەم خۆرئاوا وەستاون بەسەرکردایەتی ڤلادیمێر پۆتین..

---

ТОЛЬКО ЭТА СТРАНИЦА: РУССКИЙ И АРАБСКИЙ

فقد هذة الصفحة : الروسية العربية

.. И ПРЕДЛАГФЛИ
РУССКОМУ ФРОНТУ ЧТО ВПЕРЕДИ ИДЕРСТВО
ВЛАДИМИРА ПУТИНА НА ЗАПАД.

كما قدمت .. للمسلمين الفلسطينيين

بسم الله الرحمن الرحيم

يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ (٨)
مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ
هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ
عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ (٩)
يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ
تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (١٠)
تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ
وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (١١)
(سورة الصف)

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشـــەکی:

بەناوی ئەم کانگایەی کەپڕپڕە لـــــەمیهری سۆزو بەزەیی و دلـــۆڤانی خوداکەم، کەلەمەش زیـــــاتر شـــایستەیەتی خودای جیهانیانە، سەبارەت بۆ لە دایک بوونی شیعرەکانی کتێبی دووەمـــم کە یـــەکـــەمیان بـــەنـــاوی (کـــڕنـــۆشی خـــۆشەویستی) بووکەئەم کتێبەیە لە ناو خـــــەمێکی بڕیناوی زۆرقووڵ و ناسۆریدا لە دایک بوو بـــۆ ڕووبـــــەڕووبوونەوەی نادادپەروەری وئازادی کـــە قـــــەتیسکراوە لەلاین سەرمایەدارانی جیهان، و بـــەچاپ گـــەیاندنی ئەم کتێبەی لەبەردەستم دایە تەنها بۆئەوەنیە خـــوێنەری بـــەرێز خـــۆی پێ مەست بکات بەڵکوو ئەم کـــــتێبەیە وەک سومبڵی خەبات و شۆڕشێکی فکر ئاسا وەک هزرو هێزی شکۆی دەسەڵاتی چوارەم پێتان دەگەیەنم، وەک خۆبەخت کارێک ئامادەم ڕۆڵی فیداکاری لـەسەرتەختی شـانـۆی ڕووی ڕاسـتەقـینە ڕۆڵـی تـیابگێرم بەپشت و پـەنای خـودایەکی بـــــەهێز، بەتایبەت دووکێشەن لە خۆرهەڵاتی نـــاوەڕاســـت هەرگیز چارەسەر نەکراون وەک

کێشەی کورد و کێشەی موسڵمانەکانی فەلەستین، ئامادەین چارەسەری بکەین لەکات و ساتی خۆیدا، ئەمەش هەڵهاتنی خـــۆری خـــەلافەتێکی ڕاســـتەقینەیە بـــۆگەڕانەوەی لـــەسەردەســـتە پـــیرۆزەکەی (عیسای مەسیح) و هاتنی (محەمەدی مەهدی). هـــیوادارم پـــشتیوانی لێ بکەن ولـــەخودا داواکـــارم خودا ئەم پشتیوانیە بەرەکەتداری بـکات و نێـــوان مـــوسڵمانان پتەوتربکات بۆ ئاگاداری کـــوردەکـــان من دەوڵـــــەتی کوردستان دەکەم بە (کـــورد زۆزانی ســـەربـــە خـــودا ئیـــنجا لە دوای ئەم هـــەنگاوە ڕاســـتەوخـــــۆ بۆ سەربەخۆیی کورد) واتا نـــاوەکەی گـــۆڕدرا و لـــــەدوای گەڕانەوەی خەلافەت، ئـــەمەش وەڵامـێکی جوامێرانەیە بۆ هەندێک لەو کەسانەی کـــــە دەڵێن ئیسلام کوردی پارچە پارچەکردووە و دەڵێن ئـــیسلام زوڵمی کردووە لە دەوڵەتی کوردی، گەرانەوەی ئـــەم خەلافەتەیە مافی هەموولایەک مسۆگەردەکات، ئێوە پـــشتیوانی لێ بـــکەن یـــان نا، لەم خەلافەتەیە ئەوە ئـــێمە مافی مـــەزڵوومەکـــان بۆ خاوەنەکانیان دیاری دەکـــــەین لەسەر ئاستی کۆمەڵ بێت یان تاک. سەبارەت بـــــە نووسراوە شیعریەکانم هەرشتێکم نووسیبێت هـــــــەوڵم داوە بەشێوەی کردارەکی کاریان لەسەر بـــکەم چونکە ڕاســـتگۆیی شاعیر لە نووسراوەکانی بـۆ شـــێوەی کردارەکی ڕاســـــــتەوخۆ ڕاستگۆیی نـــووسەر و ئـــەدیب دەردەکەوێت لەم کتێبەم هەوڵم داوە هـــــەمەلایەن وەک ئـــاینزان وســـــــیاسیەکی

دوورمەودا کاربکەم و هەروەها لەلایەنی ئەویندارییەکی ڕاستگۆیانە لەنێوان تیری نێو کەوانەکەم زۆری نەماوە لە ناوچە جوگرافیەکە لەم ئارامیە دەرچێت بگات بەخاڵی پێکانی ئامانج بۆ سەرخستنی هەق بەسەر بەتاڵ، لەڕووی ئەڤینداری داخیلی بیست و حەوت ساڵ بووم لەلایەنی ئاینداریش پەیوەندیەکەم لەگەڵ خودا بە پتەوی ماوەتەوە و لەسەریشی بەردەوامم هەر ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ کردنەوەی دەرووی خێر هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتی توانیومە ژانی ئەم خەڵکە بخەمە سەر کاغەز و لەڕووی ستەمکاری و ناهەقی دەرهەق بە خەڵکی مەزلوومی سەرئەرز، من ژانی ئەم خەڵکەم، کە تکام بۆژیانێکی شایستە و سەربەستی و پڕلە خوا پەرستی، لەسەر ئێمەیە خودا پەرستی ڕاستەقینە بگەیەنین.



فەرید محەمەد بابان
١٤/٠٢/٢٠٠٩

## ((مـن و تـۆ))

بیرتە بەیەکەوە
نهێنی دووپیتی زۆر چوان بووین
لەناکاو
ئەهری مەن (شەیتان)
خۆی خزاندە نێوانمان
نەوەک یەک ودوو
بگرە بەسەدان جار
تاخودا دەری کردین
وەکوو دایکە (حەوا) و باوکمان.

ئۆکرانیا – کیڤی پایتەخت
٢٠٠٩-٠٢-١٤

---

سینەو پەراسوەکانی ئەلف و بێی ئەم شیعرە درووست بوونی لەئادەمە، کە حەواکەیەتی لە کۆتاکانی زەمەنی هاتنی ئەم قیامەتەیە.

## ((سەرکردە))

سـەرکـردەی لاسای فیرعـەون و
تـاغوت وجالـوتـە
خـوانـەنـاسـەکانی ئەمڕۆ..
تابکرێ ڕم وقەڵغانی دەسەڵاتیان
توندوتیژبڕی سەرهەسان دەکەن
بەڵام هەرکەشکان!.
بێ شـەرمـانـە
وەکـوو((قەحپە))،
سـەر شۆردەکەن.

ئێراق – کوردستان باشوور – هەولێر
٢٠٠٥-٠٢-٠٦

---

تێبینی: ئەم شیعرە لە کۆڕێکی جەماوەری لە شاری هەولێر لـە مەکتەبی رێکخراوە جەماورەیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە گەڕەکی ئازادی گوتراوەتەوە لە رێکەوتی ٢٠٠٦/٠٨/١٦ ی ئاب

# ((بەخت و تەخت))

ئەمڕۆ هەن بەرزی
لەسەر هەمان سەردەمی،
دووبارەی پێشووی سەرتەختی
سپێدە نزمی،
لە پەری بەدبەختی،
وەکوو هامان و قارون و
فیرعەونەکانی ئەمڕۆ،
هەش بەسەرو
بێشک ژێراو ژووری بن تەختی.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٥ -٠٢-٠٦

---

تێبینی: ئەم شیعرە لە مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گووتراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٠٨/١٦ ی ئاب.

# (( گـڵـكۆی ماڵە تـازەكەت ))

تـەرمەكەت وێنەی پەیكەری
خەمی ئێمەی درووست كرد،
نەوەک لاشەكەت
باوكە دەزانم هێشتان زووبوو
بۆچوونی ماڵە تازەكەت.
تكام وایە میوانی خودابیت،
لەدوای دابڕانی ئێمەوتـۆ
هیوادارین،
هیچ دروستكراوێک بێزارت نەكات.
دوای دابڕان و قوڵایی ئەو خەوەت..

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢١ -٠٥-٠٢

---

ئەم شیعرە پێشكەشە بەبرای خۆشەویست كاک (دیارسەعدولاحەلیم نێروەیی).

# (( ئۆخەی خەوێك ))

لەوەتەی چاوم دەخەوێت
دڵم هەربەئاگایە
هەروەک بڵێی نەخەوتووم..
کەچی نازانم ئۆخەی خەوێک
ڕووی لەکامە دەرگایە..
ڕووی لەکامەدەرگایە.

ئۆکرانیا - شاری کیڤی خۆشەویست - میچۆرینە
٢٠٠٩-٠٢-٢٦

---

بۆزانین وتێرامان: بەهۆی حاڵی پەشێوی ئەوکاتەی کە لەووڵاتی ئۆکرانیا دەژیام لە شاری کیڤی پایتەخت دەزگا ئاسایشەکانی چاودێربوون بە سەرمەوە بە هەماهەنگی حکومەتی کوردستان و ئیسرائیلیەکان کە دیزاینی کارەکانیان لە لایەن ئەمریکیەکان بوو، بە هۆی ئەو نیشانانەی کە تیامداهەبوون و زانیان بە هیچ شێوەیەک خۆم نادەمە بەردەستی ئەم ڕەوشە درووستکراوەی لیبرالیەکان بۆ چەند دینارو درەمێک. تا ئێستاش ئەم پەیوەندیە ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ ماوەتەوە لەگەڵمان، بەڵام بۆ سەرخستنی دینی خودا بەیانی باشترە لـە ئەمڕۆ بە ئیزنی خودا.

# ((خەوتن و بەخەبەرهاتن))

هەرخەوتنێک بۆ بەئاگاهاتنەوەت
سوپاسی خودای دەوێت،
بۆئەمەش ئەگەر مانەوەت لە ژیاندا
بۆ تێکۆشان وسەرخستنی
دینی خودا نەبوو،
ئەو ئەوپەری پەشیمانیە
و نەبوونت باشترە لەسەرئەرز.
وەک دارێکی ڕووت
نە بەری هەبێت نە سێبەر.
بۆ ئەمە باشە ببڕێتەوە.

ئێراق – كوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠١٥ -٠٣-٠٣

---

ئەم شیعرە وەکوو هەواڵێکی بەپەلە پێتان ڕادەگەیەنم بـــۆ بەئاگاهاتنەوەتان و ئەو پەڕی ئاست بەرزی وهەست بەپرسیاری.

## ((تاڵ))

ئەگەرچی هەندێک کەس،
تامی قسەکانیان لەڕەشکە دەچێ
هەتا بڵێی تاڵن..
بەڵام باشترین چارەسەرن
بۆلابردنی دەردوو بەڵات،
بەڵکو نەوەک بۆهێنانی ئافات و بەڵا.

ئۆکرانیا - کیڤ
٢٦-٠٢-٢٠٠٨

---

بۆبەبیرهێنانەوە: ڕەشکە لەلای زۆربەتان ئاشکرایە خەڵکانی زاناو ڕۆشمبیرەکان بەکاری دەهێنن لە جێگای دەرمـــان وە قسەوباسێکی زۆر هەڵدەگرێت لــــــە ڕوانگەی پـزیشکی پێغەمبەران.



# (( ستریێس ))

ئێمە لەهەمووکەسێک دەترسێن.
تەنها لە خودای گەورە ناترسێن..
ئەگەرلەخودا ((الله)) بترسێن،
ئەوە زاڵ و بەدەسەڵات دەبین
لـــە ئەرزوو هەموو بورجەکانی ئـــاسمان،
ئینجا لە هیچ کەس ناترسێن.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٥ - ٠٢-١٤

---

ئەم شیعرە لە کۆڕێکی جەماوەری گوتراوەتەوە لە شاری هــــــەولێر لەمەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەڕەکی ئازادی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٠٨/١٦ ی ئاب.

# (( سەربازانی خودا))

ئێمەی سەربازانی خودا ((الله)).
لەیەک سەنگەردا دەجـــەنگین،
وامــەزانن پەرتەوازەین
بـــــەگۆمەڵ وبەتاک..
تاغوت وفیرعەون و
مل هورەکانی ئەمڕۆ
شـــــەرمەزاری
ئەو دۆزەخەدەکەین
کەلە نێوان ئێمەوئەواندایە،
* * * *

تا لەپێناوی خودا بژین.
شیاوی ئەوەین
داری ئازادی وداد پەروەری
بەدەستی خۆمان ئاوبدەین،
ئەمەش خوێنە پاک و
بێگەردەکەی سەربازانی خودایە.
بۆگەڕانەوەی حوکمی خودا
هەموو شتێک ئامادەیە،
بۆ ئەو حکومەتەی،
خودا دەست نیشانی کردووە بۆمان...

ئۆکرانیا – پایتەختی کیڤ
١٤-٠٢-٢٠٠٨

ئەم شیعرە پێشکەشە بە یەکتاپەرستە ئەفغانی و شیشانیەکان.

# (( ئـاڵای قیامـەتی عـاشقان))

کـورد بـۆتــە،
یەئجـوج ومەئجوج.
هـەربـەجارێـک
بڕوای بەپێچەوانەی ڕووناکی خۆڕ و
گومرایی شەونەمایە..
ئەمڕۆ نیشانەی خۆڕ
بەری ئاسمانی
ئاڵاکـەی لـەهـەرچوارلای،
کێشە یاخەی گرتووە..
* * * *

وادەزانن خۆرەکەی لەئاسمانی
ئاڵاکەی ئاوانابێ..
ئەگەربەڕۆژی ڕوونیش بێت،
نەوەک ئاسمانی کوردستانی
چەندکەسێکی چەتەودزی نەقۆڵا
بەڵکووجیهان بەجارێک
ئاڵای سەربازانی خودا ((الله)) هەڵدەکا..
لە ئەرزی (مەککە) و(قودس) و(فاتیکان)
سەردەردەکا.

ئۆکرانیا – پایتەختی کیڤ
٣٠ -٨ -٢٠٠٨

---

ئەم شیعرەیە ئیلهامەکەی لە یاسایەکی فیزیایی وەرگیراوە کەئەمەش خۆرگیرانە لە ئاسمان، ئەگەر بەشێک لە دەسەڵاتی کوردی علمانی باوەڕتان بەم گۆڕانکاریە فەلەکیە نیە ئەو دەتوانن وانەی فیزیا لە قوتابخانەکان نەخوێنن.

## ((دیلی دەستی هەرەمەکەی فیرعەون))

هەرکە، ئەرز دەبینی..
ئازاو بەجەرگەکانی،
لـــەنێو گڵکۆدان
لـە زیـندانەکان،
پـیاوانی تـــیان.
دزوو جـــــەردەومافیاکان و
* * * *

نەدیتکەی
سەرتەخت و کورسی
لە تەلار و کۆشکان
پارەی بلۆکی دزراو
لە ژێرخاکی بنەچەکەیاندا بای پێ نەکەوتووە
لێرەدا، سلاو و پەیوەندیەکانت
ببڕە لەکۆیلە و بەندەی
دونیا پەرستەکان

❊ ❊ ❊ ❊

کەغروورو بێ وەفایی لەسەری داون
چونکە شوکرانەی خودایان لەبیرکردووە
خۆت ئامادە بکە بۆ
نزیک بوونەوەی ڕۆژانی ئەم قیامەتە
لەکۆتا چل ڕۆژەکەی دەجال
بەسەرجیهان
بۆئەم سەرکەوتنە بەسەریانەوە
زۆرمان بڕیوە کەمی ماوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠١٠-٠٦-١٤

# ((گەڕانەوە لەئەرزی مەسیحیەکان))

لەدەرفەتێکی تــر
گەڕانەوەی خۆم تان،
لە ئەرزی مەسیحیەکان
بۆ باس دەکــەم..

* * * *

لە پاش پێغەمبەرمـــان
محەمەدەکەی دواین زەمەن
ئەو سرووشەی بۆ پێغەمبەر محەمەد هاتووە
لە دوای ئەو بۆکەسی ترنایەت.
بەڵام بـەکاری زەمەن و زەمانە پێویستی پێبێت
زۆر تایبەت دەبیت بۆخودا !
پیاوێک دەبیت لە پیاوانی خودا
لـە شـەوێکە من ئـاگادار و
ئـامادەکرام،
* * * *

بەکاری پێویست،
ئەوەی تر بۆ خودا ((الله)) هەڵدەگرم
من لە ئەزەلی خودا پەلە ناکەم
ئەگەر خۆڕاگربم لەسەردینی خودا
بێگومان هەمووشتێک بەباشی تێپەر دەبێت.

ئۆکرانیا – پایتەختی کیڤ
٢٦-٠٢-٢٠٠٩

---

گرینگە بەسەرهاتی ئەم شیعرەیە بۆ جیهانی موسڵمانان قەسەم بەزاتی خودا (الله) بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئایندەی ڕاستە هێلی سەفەرەکەمان، لەم ڕێکەوتەی باسی شیعرەکەمی تـــیادا نووسراوە، ئیسرائیل و نۆکەرەکانی کە پێکهاتبوون لە ئۆکرانی و عەرەب و فارس و ئازەری و کورد ویستیان لە کات ژمێر

٠١:٣٠ی شەوی ٢٦/٠٢/٢٠٠٩ ویستیان وابوو بمڕفێنن لە ڕێگای فڕۆکەکانیان کە بێ ئەوەی هیچ ڕەچاوێک بۆحکومەتی ئۆکرانیا بکەن و بە فڕۆکەکانیان هاتنە ئەو وولاتە، پێش هاتنیان دوای نوێژی ئێوارە واتا (نوێژی عیشا) خودای هەمووجیهانیان نیگای بۆ کردم لەسەر دیواری ژوورەکەم وەک تەلەفیزیۆن (TV) پیلانەکەی پێ نیشاندام دووجار لەسەر یەک بۆ ئـــەم شاهیدیە (گۆگڵ ئێرس) ئاگاداربوو بەڵام لە کـــاتی دەرچونم لەبەشی ناوەخۆی خوێندنەکەم بەشێوەی تایبەت هەڵسوکەوتم کرد تا نەتوانن بـــــمدۆزنەوە، دواتر حکومەتی ئۆکرانیا پەیوەندی دیبلۆماســـی پچڕاند لەگەڵ ئیسرائیل وە بە خێرا شامون پـــیریێسی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل خۆی گەیاندە ئـــۆکرانیا سەرۆک وەزیرانی ئۆکرانیا یولیای خـــــانمی یەکـەم بە ڕوویێکی گرژ پێشوازی لە شـــــامون پیریێس کرد وهیچ دۆقەیەکیان لەگەڵ یەک نەکرد کە ڕەوشەکە هیچ چارەیەکی بۆ نەدۆزراوە کە بدرێم بە دەستی جولەکەکان دواتر ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا هات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە من لەو کات کە بەیانیم لێ بۆوە خۆم ڕادەستی حکومەتی ئۆکرانیا کرد ووتم با مەسیحیەکان بمگرن نەوەک جوولەکە بۆ پیلان گێڕی جوولەکـــە هـەر لەم کاتەبوو کە عبدوڵا ئۆجەلان درا بـــــە حکومەتی تورکیا ئەم دوو پیلانە لە ناو یەک هەفتەکرا بەڵام هیمن سەری نەگرت بۆ ئەوان، کە ڕووســــــیا پشتگیری ئۆکرانیای کرد بۆ پاراستنی من لە هەمان کاتدا وەک چاودێر بەسەر من کەجوولەکە ئۆکرانیا بە شوێنێکی ئیستراتیژی دەزانن بۆیە ناچاربوون یەکێک لە خۆیان وەک ڤلادیمێر زیلینسکی یەهوودی بکەن بە سەرۆک تا هەرچی بکەن کەس لێپێچینەوەیان لەگەڵ نەکەن لەم شەڕەدا رووسیا لە

سەر هەقە بۆ نەهێشتنی خراپە کاران. لەدوای شەش مانگ بەسەر ڕووداوەکەم لـــە وولاتی ئۆکرانیا هاتمەوە کوردستانی باشوور، کە زانیان دوابژاردەم گەرانەوەیە بۆ کوردستانی باشوور یەکسەر ئەمریکا بە هەر ڕەهەندێک (گۆگڵ ئیرس)ی دا بە کورد بۆچاودێری کردنی من وە زامنکردنی ئاسایشی کورد وجیهان بە گشتی و ئێمە بووین بە کردنەوەی دەرووی پڕخێرو دەستکەوتی زۆرگەورە بۆ کورد بەتایبەت هید.

## (( لەسەر قورئـان گیرایە))

کڵافەی دیوارە ڕەشەکانی
زیندانیش نــەما
تا زیاتر بیا نووسمەوە.
تا ئەوحوکمە بێ ئابڕۆ یە
زیاتر بێ ئابۆیان بکەم
شکۆیان لە ناو ببەم.
ڕامانی ماسـۆنیەت
ڕیسواو و دۆڕاوی قیامەتیان بکەم..
ئاخـوو داخـەکانی کـوفـر
بەکردەوە لەدڵم دەرکـەم.
ئەوە نووسینی دزووجەردە ومافیاو
پیاوکوژەکانی لەخۆتان نیە،
❊ ❊ ❊ ❊

ئەوەنووسینی پیاوی مەردوو
ملکەچی ڕێگای خودایە.
لــەسەر زایەڵــەی
باسی پەیامی قورئان گیرایە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەرەمەکەی (مەسیف سەلاحەدین)

٢٠٠٠ – ٠٥– ٠٦

---

پێشکەشە/ بەهەمووزیندانیان، ئەوانەی لـــــەسەر ڕێبازی دینی خودا گیریان خواردووە لە هەرەمەکانی سەردەمی فیرعەونەکانی ئەم زەمەنەیە.

## ((یاسای بچووك و گەورە))

له لای من له یاسای گەورە و بچووک
بچووکی خۆبه زل زان و گەورە
وەک ئاغاو سەرۆکه خۆپەرستەکانی،
دواین سەدەی ئەم سەردەمەیە..
بەخوداکەم بچووکیان دەکەمەوە!.

* * * *

وگەورەی بچووکیش گەورە دەکەم
چ سەرکێشیەک بێت،
یانیش هەرکەسێک بێت
بە دونیایە کاتیەکەی بنازێت.

ئێراق –کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠١٩- ٠٩- ٠٩


بەلێ بۆجەنگ لە پێناوی جەنگ

# ((لەعەشقت تەقیمەوە))

هەنــگاو
بەهەنگاوەکانی
چاوەڕوانی مەرگــم دێنەپێش..
بە ترسوو، بێ مـــەترسی،
مل لێنانە لەپردی
ئەوپەری چاونەترسی..
لەپردی مین ڕێژکراوی پڕمەینەتی
* * * *

ڕامـانی عەشقت.
تاک ڕێگاوتەنهایە لەعەشق وخۆشـەویستیت،
پەریمەوە
لەشەرم وبەردەمی خـــەڵک،
لەپێناوی عـــــەشقی پڕلەریسوات،
تەقیمەوە..
تەقیمەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٥ - ٠٢-١٤

## ((پێت گەیاندم))

بەگەنجی و هەرگەنجیشم
لەتێستی بەردەوام..
دەرفەتی هەڵەی دوا هـــــەڵەکان،
زۆرچاک تێکت شـــــکاندم.
ئێستاش ئێکسپر یس،
بەبەرکۆڵێک لە تێست !.

* * * *

بۆپۆستی پێـــگەیاندن.
بەگۆچانی پیری پێت گەیاندم.

ئێراق –کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٥– ٠٧–٠٩

# ((دوای مەرگم مێ))

ئەی تـــاوانبار..
لەهەمووشتێک..
بۆبەدی هێنانی خۆت دەپرسی.
بەڵام بۆجارێک..
لەزاریانی تەنیایی عـــەشقی
بێـداریم ناپرسی..

* * * *

ئەی تـــاوانبار..ئەی تاوانبار
وەکی لەیەکێ لەدیوارەڕەشە،
هــەڵواسراوەکانی ماتەمینم
لەدێرێکی زایەڵەی باسی کۆچم،

* * * *

بەرگویَ و چاوی قەرزاری قەدر کەوتم..
ئەوکات دێیتە کۆڕی ئەشکە ڕێژی
دوای فەنام.
ئەی تاوانبار... ئەی تاوانبار...

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٧ -٠٧-٠٩

## ((چاوەڕوانی))

دەزانم ئەوچاوەڕوانیە
بۆقەرەبووی ئەوەیــە..
بەفیرۆچوونی بێ ویژدانی زەمەن
بەرابردووی شەوئێشەکان
بۆ جوانترین سەرەتا بگەرێنێتەوە.
هەموو ناسۆریەکان چاک بکاتەوە.

❊ ❊ ❊ ❊

یانیش پێچەوانی ئەوچاوەڕوانیە،
بۆدوا زەنگی مەنزڵگای
مردن وناوچـــاڵیە،
ئەوچاوەڕوانیە..
ئەوچاوەڕوانیە.

ئێراق –کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٥– ٠٤–٠٧

# ((سمگ و نـامەكەی))

پاكتای مەردوومە بێ ئەمەكوو،
بەد ئابڕۆو،
سەهەنەو، بێوەفـــاكان.
بەقووربانی تۆو
عەشقی درۆینت دەكەم.

* * * *

تۆش بەقوورنی
سەگێکی تۆپی دەکەم.
لەسەرشاکاری شەرمەزاری تــۆ..
بەسەدان شــعری بێ ویژدانیت..
لەسەرت کۆپی دەکەم.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
١٤-٠١-٢٠٠٤

## ((گوڵ چین))

بۆ ئەوکەسانەی گوڵدەچینن.
زۆرجـار باخـــــەوان،
لە باخەکەیدا گوڵدەچێنێ
دڕک لە پەنایەک،
وەکوو زۆڵ شین دەبێ،
ئەگەر لێی بێ ئاگابی
نەیسووتێنی زەرد دەبێ.

ئێراق –کوردستانی باشوور – هەولێر
١٩٩٨ –٠٢–١٨

---

ئەم شیعرە ئاگادری کردنەوەیە لە شۆباران و سیخووڕان وووریابن ئەم شیعرە یەکێکە لەکتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لە بەڕگی یەکەمم دا.

# ((تاوانبار))

ڕیزبەندی تاوانەکان..
هێندە زۆرن.
بێ ژمارە کەڵەکە بوون بەسەر یەکدا..
تۆڵە و زەبری دەستی میللەت
پۆڵا دەتاوێنێتەوە.
کە تیاماندایە یەکێ لە کاوەکان
* * * *

بـۆ سـەپـانـدن..
حـوكمی تـۆقێن و
تـواوانەوەی ئاسن بەسەرچوو
ئـاگـرەكان بـەدڵۆپێک
شـەپـۆڵـی ئاوكوژانەوە،
پۆڵاوئاسنەكان..
لەداخی كوورەی
مەرگە ساتـی
هەناوەكان توانەوە.
❊ ❊ ❊ ❊

زیندەبەچاڵ و
شووێن بزروو
خێر لەخۆنەدیوەکان و
سەد و هەشتا هەزار ئەنفالەکانی کورد
دۆزرانەوە،
❊ ❊ ❊ ❊

واژووی پەراوێزی
هەمووپیلانەکان..
لەناو شۆڕش
لەبن پێیان خڕکرانەوە،
بەڵگەی بابردالْەکانیان
بەرامبەر دادگا
بەمافی خۆیان گەیشتن
مافەکانیان یەک لایی کراوە.

* * * *

بەڵام ئەمجارە
بەعسیەکان چوونە ناو
کۆشی بەشێک لە کورد..
هەروەک لە پێشوو کورد
لەکۆشی بەعسیەکان بوون
وەک جاش و پارتە
بەکرێ گیراوەکانی دوێنێ.
نموونەکانیان جێگای شەرمەزاریە.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٥-٠٥-٠٩



من مێروولە نیم تا پێم لێنیت

# ((دیل))

قسەیەک
ئەگەر پەنگی داوە بۆهەڵ ڕشتن
ئەگەر زۆر گرینگ بوو
وا زوو بەتاڵی مەکەوە
چونکە شیاو و شایەنەکان ئیجگارکەمن،
بۆپاراستنی قسەکەت
نەکەی لەکۆتایدا
ببێتەمایەی پەشیمانیت..
هەمووماڵی دوونیات هەبێت،

* * * *

پێت ناکرێتەوە..
هێز و شکۆی
هەموو دوونیات لەپشت بێ،
وەک بەشێک لە دەوڵەمەندە دۆڕاوەکان،
پێت ناکرێتەوە..
لە هەمووشتێک باشتر
نەتکردبایە ئەم قسەیە..
ئەوە ئەوکات ئەم قسەیە دیلی تۆ بوو
بەڵام ئێستا پێچەوانەیە،
تۆ هەتا دونیا مایە دیلی ئەم قسەیەی.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٤- ٠٩- ٠٦

# ((ئەستێرەی شیعرەکان))

ووشەی شیعرەکانم
لەئاسمانی دڵت
یەک یەک ئەدرەوشێنەوە
زامەکان
دڵۆپ دڵۆپ ئەچۆرێنەوە
ئەستێرەکانم
ئاسمانیان سوورکردووە
❊ ❊ ❊ ❊

تكایە تكایە.
تاكەی لەم خەوە
هەڵناستیەوە.

ئێراق –كوردستانی باشوور - هەولێر
١٩٩٨- ٠٢-٠٨

# ((چەنگاڵی مەرگی ئەوین))

کەشەو وخامۆشی
ئەم شـــەوە دادێ
چەنگاڵی ئـــەوین
لەڕووحم گیردەبێ
دوا ســـاتەکانی
* * * *

باوێشکی تاریکی ئـــەم شەوە
خەریکە لە دێوانەییم بمباتەوە
پەیامی ڕۆژگــار و
شەوگارە ناشادەکانم
ناگاتە بەر گوێچکەت
تا ئاشنام بکـــــاتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٢- ٠٢- ٠٨

## ((رێی هات و نەهات))

رێم کەوتە ناچاری رێی
ئوقیانووسێکی بێ ناو
بێ نـەخشەو کـەنـار
دەمزانی رێی هات و نەهاتە
پــــاپۆری عـیشقم
گوزەری گەشتێکی نادیارە
❊ ❊ ❊ ❊

ڕووبـــەندی گێژاوە
لەبەردەمم کۆسپێکە
ساتمەم پێ دەکـــا
لەهەگبەی گێژاوی
جوانە مەرگم دەکا.

ئێراق –کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠٢- ٠٥- ٠٩

## ((دیوانی ڕووخاوم))

له مات و بێ دەنگیم
له گریانی کپی بێ ڕەنگیم
وەک بە ئاگایەکی
سەرسەختی قیامەت
وەک کۆترێکی بێ لانە
دەگەڕێمەوە ناو
ژووری ناچارم
دیوانی ڕووخاوم
دێتە بەردەستی شکاوم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٠٩ – ١٢ – ١٩٩٩

---

ئەم شیعرە یەکێکە لە کتێبی کڕنووشی خۆشەویستی، کە دەستکاری کراوە...

## ((بۆ شەرم لە ئاسمانی دڵم ناکەی))

ئـــاخ بەسەرم..
ئەم ساتە دواین ساتی
بەد بەختی مە
بارانی ڕەحمەتت
چیتر بەسەر ووڵاتی
ووشکم نابارێنی
❊ ❊ ❊ ❊

کۆچی سنووری تاوان دەکەی

تارای سپیت

لە ئاسمانی دڵم ڕش دەکەی

ئەلقەی تاوان لەدەست دەکەی

* * * *

لەئاسمانی دڵم.
پەلکە زێڕینەی دەستت
پیم نیشان دەدەی
بۆشەرم لەئاسمانی دڵم ناکەی
گەردوون پڕتاوان دەکەی
چاوی حەزم پڕ لە ئەسرین دەکەی
چاوی حەزم پڕلە ئەسرین دەکەی.


تورکیا – ئەستەنبوڵ
٢٠٠٢ –٠٤–٠٩

# ((بەفری خەمت))

بەفری خەمت
لووتکەی سەری داگرتووم
دیمەنی خەمی پۆشیوە
چاوەڕێی لافاوی عیشقم
بەفری لووتکەی
سەری سەختم ڕامالێ
* * * *

بۆ دۆڵی تاوان
سنووری بۆ دانێ
لە تاریکستانی ئەم شەوە
لە بناری سینگی خۆتەوە
سەرم ڕەشکەوە.
سەرم ڕەشکەوە.

تورکیا – ڤان
٢٠٠٢ -٠٤-٠٩



# ((پێت ووتم))

تۆ ناهێڵی گەورە بم و
چرۆبکەم
پێت ووتم منالّی !
دان بەوە دادە نێم،
کە منالێکی چەتوونم..
❋ ❋ ❋ ❋

دەمی شیعرم لە سینەت نابێتەوە
من گەورە و بێلافم
بەڵام تۆ لەشیری دەمەخۆرەم
جیا ناکەیتەوە،
مەمکی تامەزرۆت
لە دەمم نابێتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠٠١- ٠٣- ٠٦

---

ئەم شیعرەم لە کتێبی کڕنۆشی خۆشـەویستی لەساڵی ٢٠٠٢بۆ ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بە چاپم گەیاند.

## ((دیمەنێك لەسنووری هیوا))

لەسەفەر..
بەرەو ژووری دەروازەی سنووری هیوا
چاوم کەوتە سەر کچێکی هاوشێوە
دڵی حەزی کوێرم لێی گۆڕا
ویستی بەرەو تەلەسمی خۆیم ببا
لێی چوومە پێش
ووتم هەڵەی هەڵە مەبە
ڕاستە هاوشێوەی لە خۆی گرتووە
* * * *

بەڵام ئاخ بەسەرم
حەزم لە سەرنجی تۆ
زۆر گەورەترە
کلیلی کەلەپچەی
لای یەکێکی ترە

❊ ❊ ❊ ❊

پاشان کپ کەوتووم
کەوتمە سەر شەپۆڵەکانی
دەریای ناوەراست و ئیجا
بەیادی جاران. بەیاد جاران.
دیسان بەیادی گەرانەوە
بۆ کوردستانی باشوور.

تورکیا – ئەزمیر- بەرەو ئیتالیا
٢٠٠٢ -٤-٠٨

---

ئەم شیعرەم لە کتێبی کرنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ساڵی ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بە چاپم گەیاند. سەرەنجێک: هاوشێوەی ئەوین لەسرووشتی سەفەر.

## ((دایکی شیعر))

تۆ لەگەڵ من خائین و بێوەفا بووی.
نەدەبا
شیعرە بێ تاوان و گوناهەکانم
(گوناهـ) باربکەی

* * * *

چونکە ووشەکانم
لەتۆ لەدایک بوون
دایکی شیعرەکان بووی
فێری ئامێزی خۆت کردن

❊ ❊ ❊ ❊

بەڵام دایکێکی
بێ وەفاو بێجەفا بووی
جا لەرێی ئەهری مەن
ووشەی شیعرە کانت ڕووخاندم
تابلۆی بەرائەتی ژیانت شکاندم
* * * *

درەختی خۆشەویستیت هەژاندم
ئێستاش گیانە
وەرزی ڕوانەوەم خەزانێکە
بەڵام لای من هیشتان هیچ
شتیک نیە بەناوی
کۆتایەکی تاڵ و
دابڕانێکی دوورمەودای هەتاهەتا.
ئەگەرچی دووری نێوان مان چەند ڕۆژ ڕێگا بێت
بێگومان بە وازت لێناهێنم.

تورکیا – ئەستەنبوڵ
٢٠٠١- ٥- ١٠

---

ئەم شیعرە لە کتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لە ساڵی٢٠٠٢ بۆ ساڵی ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بە چاپ گەیشت.

## ((بیرەوەریە بێ نازەکان))

هەرکاتێک کە لەبیرەوەرییم
سەنفۆنیای نەواری
خەمە بێ گولاجەکانی
ئەوینم لێ ئەدەمەوە
گــەڵا رێزان،
لەسەر شۆستەکانی دڵم
سەرلەنوێ ڕیزدەبنەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٢-٠٩-٠٨

---

ئەم شیعرە لە کتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ لەکوردستانی باشور بەچاپ گەیاندرا.

# ((مەرگ بڕ))

لەکۆتایی مەرگ.
کفنیش سەرەتایە لە بەرگ،
لافیتەی ڕش ئاڵایە.
دەرگاش لەبەردەم خەڵک واڵایە

❊ ❊ ❊ ❊

ڕۆڕۆو شیوەن و گریان
سەدای داوە..
لەدەم ودەنگدانەوەی،
هاوخەمەکان
بەرەو گۆرستانە. گۆرستان
ئەم خەمە مەهێڵن لەبەرچاوان.

ئێراق – کوردستانی باشوور – ( ز.ن ) مەسیف
٢٠٠٢-٠٥-٢٠

---

پێشکەشە : بەمەرگ و خۆڵەکەی سەرسینگی فەنابوونی دایکم.

# ((دەمێكە نـەمدیوی))

گیانە..
دەمێكە نەم دیوی
مــەڵێ،
سەداو سۆزی عەشقی نەماوە
مــەڵێ،
داستانی حەزی سوتاو كوژایەوە
* * * *

مــەڵێ،
دەریای حەزی ووشک بوو
تـــەڕی نەماوە.
مــەڵێ،
لەزیندانی حەزم ڕۆیشتی و
عەشقت بڕایەوە.
* * * *

بەڵام گیانە چاک بزانە
خۆحوکمی ئەبەدی چاوەکانتم
هەرلەسەرماوە.

تورکیا – ئەزمیر
٢٠٠٢ -٠١-٠١

ئەم شیعرە لەکتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بەچاپ گەیاندرا.

## ((خەونێکی ڕەشی تازیەدار))

هاوسنووری خەمین
ئاگرپژێنی خەمت
وولاتی دڵی ئاوارە کردوومە..
چۆن نەڵێم !
خەمم خەمی ئەوکەسانەیە
لەئەوینەکان
بەتەنیا لە پەرجووەکان لە خەڵوەتی
کاروان جێ ماون
چۆن نەڵێم،
باری سەختی خەمت لەسەرمنە..

❊ ❊ ❊ ❊

لەپاش ترازانێکی زۆر لــە دیدەن
لەشاری شنیاری وەفای عەشقت
خەونێکی ڕەشی تازیەدارت
بانگی کردووم
❊ ❊ ❊ ❊

لە خەوەکەدا بەجلی ڕەشەکەت
هاتیە لام
ووتت!
پەلەم لێ مەکە
منیش بەدوای وەفا گەرام.
لافیتەی ڕەشم دیت و دابڕام.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٢ -٠٨-١٠

---

ئاماژەیە ئەم شیعرە خەون و ڕوئیایەکی ڕاستەقینەیە بە چەند ساتێک پێش ئەوەی ڕووبدا لـە ریکەوتی ئەم شیعرە.



## ((تەونۆکەی کۆچ))

کۆترێکی بێلانە بووی..
عیشقم لە ئاسمانی بێ سنووری
ماندووی تۆی هێناوە
دڵی لانەی ماتم حەسایەوە
* * * *

لەخۆبایی بوونت
هەڵی فڕاندی
تەونی جاڵجاڵۆکەی
دابڕان و کۆچت
بوونە تۆزو غوبار
❊ ❊ ❊ ❊

کەلاوەی کەلە پووری
پڕ ڕابردووی عەشقت
بۆ عاشقان جێماوە..
بۆ عاشقان جێماوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٢ -٠١-٠٧

---

ئەم شیعرە لەکتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بە چاپ گەیشت.

## ((كێ وەك من))

کێ وەک من !
بینای وەفای بۆ عەشقت دروست کردووە.
کێ وەک من !
کۆشکی خۆشەویستی
لە ئاسمانی دڵت بڵند کردووە..
کێ وەک من !
لەسەرینی تۆ ژیانی
لەخۆی حەرام کردووە..
* * * *

کێ وەک من !
شیعری بۆ چاوە گەشەکانتی ڕیزکردووە..
خۆت باش دەزانی تەنیا هەرمننم
لە دووریانی بێ وەفایی تــۆ.
خۆم بەدی کردووە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٢-٠١-٠٨

---

ئەم شیعرە لە کتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ لە کوردستان بەچاپ گەیشت.

## ((لەیـادت چوو))

ئەو ڕۆژانەت لە یاد چوو،
سەرت بە ژوانگەی
شیعرەکانمت دادەدا
ماتەمینی عەشقت لە بیرچوو
لەگەڵ مردنی عەشقم
جلم وەک ئاڵای موجاهیدان
ڕەش بوو

* * * *

بۆ حەزی خۆت
منت بەفێڵ بردە سەر دەریای عەشقت..
تەرمت نەهێنامەوە !
چۆن چووم،
ئەوهاش نەهاتمەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور– هەولێر
٢٠٠٢ – ٠٢- ٠٦

---

ئەم شیعرە لە کتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ساڵی ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بە چاپ گەیشت.

# ((حوكمی وەفا))

لەدادگایی عاشقان..
خۆزگە وەفا دادوەر (حاكم) بایە !
عاشقێكی وەك من و تۆی
دادگایی (حكوم) كردبایە..

* * * *

ئەو دادگایەش
دادگای بەریوەبەری ئاسمانەکانە
نەوەک بەرێوەبەری هەرەمەکان
حەشری شانۆکەشی
بە پشتیوانی پۆل پۆلی فریشتەکانە
تەختەکەشی گۆڕەپانێکی دیاری کراوە
ئەم ڕۆژەش ڕۆژی دڵەباشەکانە.
* * * *

لە وێدا یەک بە یەک مافەکانی
خۆم وەردەگرمەوە.
ئەوەی مافیشی بەسەرمایە
با لێم وەربگریتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١١-٠٢-٢٠٠٢

ئەم شیعرە لە کتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بە چاپ گەیشت.

## ((ڕێــگا))

هەموو ڕۆژێک..
لەسەر شەقامە گەڵاوەریوەکانی ڕێت
چاوەرێم دەکردی.
خەونەکانت چرۆیان دەکرد،
هەمووشەوێ
لەهەنگاوی ئەوینمدا..

* * * *

چیایەکیان دەهێنا ڕێگا.
لەچیا بۆ دۆڵ و دەشت.
لە دەشتیش.
بوومە کەوشی دێوانە.
لـــــەڕێگات.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٧-٠٥-٢٠٠٢

ئەم شیعرەم لە کتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لەساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ لە کوردستانی باشوور بەچاپ گەیشت.

# ((لەدێرێکیان نووسراوی))

نازانم لەبەرچی،
ئەوەندە دڵم لەلاتە
دەڵێم بڵێم دڵنیام.
لەنێوچەوانم
یەک لە دێرەکان
بەپێنووسی قەدەری پەروەردگار
لەدێرەکیان نووسراوی

* * * *

ئەم دێرە،
پێویستە بەزێرو ئەڵماس بنوسرێتەوە
بۆئەوەی بیکەمە تاجەگوڵینە،
بۆسەری بەرزت..

عێراق – بەغدا
١٤-٠٢-٢٠٠٢

---

ئەم شیعرەم لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ لە کتێبی کڕنۆشی خۆشەویستی لە بەغدا نووسراوەتەوە ودواتر بە چاپ گەیشت


## ((سەربەخوا پێش سەربەخۆیی))

کورد هەتا سەربەخودای
خۆی ڕانەگەیەنێت..
هەرگیزسەربەخۆنابێت..
کەی سەربەخودای خۆی ڕاگەیاند
ئینجا سەربەخۆدەبێت.

ئۆکرانیا – کیڤی پایتەخت
١٤-٢-٢٠٠٩

---

ئەم شیعرە پێشکەشە بەوانەی پێش سەربەخۆیی وولاتەکەیان سەربە خودای خۆیان ڕادەگەیەنن، ئەگەر بەدوای سەبەرخۆیی ڕاستەقینەی ئەوە ڕێگای ڕاستەقینەیە.



دەمەوێت دووبارە نامەکەم بگات
وەك ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ لەسەرما ناوەستێت

# ((تەڕ و ووشك))

کەچی دەڵێن
تەڕو ووشک
بەیەکەوە مەسووتێنە.؟
بەڵام لەڕاستیدا
ئاوی هەموودونیا
خۆی لەباوەشی
ووشکانی ئەرز هەڵگرتووە.
چونکە ئەم ئاوە بەووشکانی خۆی ڕاگرتووە
لێرەدا بەدەمی خۆیان
هەندێک لە ئێوە کوشتنی خۆیان حەڵاڵ کردووە.

ئێراق – کوردستانی باشوور- هەولێر
٢٠١٦-٠٩-٠٦

## ((کیبۆردوو پێنووسەکانم))

بەهەزارەها قەڵەمم
لەدەریای مەرەکەبە ڕەش پۆشەکەم دا
ووشک کردووە
چەندها دووگمەی
کیبۆردی پیتەکانی
سەرخستنی دینی خودام
لە کارخستووە،
بۆئەوەی تۆی خەوتوو بەنەفەسێکی بریانە
لەخەونی دێوەکان بەئاگات بێنمەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠١٦ - ٠٩-١١

# ((بڕیاری کۆتا))

ڕادەستی دینی خودابن!.
ئەگەر نا تووشی گەورەترین
زلەی تووڕەیی خودا دەبن.
جونکە هەر زلەیەک بەدیلی
لە ژێردەسەڵاتی فیرعەونەکان..
خودا (الله) خۆی و
دەوڵەتەکەی نقووم (نغرۆ) دەکات
خەونەکەیان دەبێتە
خەونی گیانلەبەرە قێزەوەنەکان.

تورکیا - ئەستنبوڵ
٢٠١٧- ٠٤-٢٣

## ((لاكێشە))

هۆ وولاتانی ژێردەستە
لە پێش هەموویان
کوردستان و فەلەستین
هەتا ئالا کانیان لاکێشە بێت،
هەرچوار دەوریان کێشەیە.
ئەوە بۆسەیری ئەندازەی
ئالاکانتان ناکەن
بزانن تیای تی گەورەترین کێشە.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٠٣-٠٣-٢٠٢٢

## ((تەور))

تەورێک بۆشکانی
هەموو لقکانی
داری بێبەری دکتاتۆریەت
بەڵام ووریابە
لەکاتی وەشانی تەورەکەت
بۆجیاکردنەوەی
هەرلقێک لەداری دکتاتۆریەت

* * * *

دارەکانیان مەکەنە
دەسکی تەورەکەت
بادەسکەکەی وەک من لە ئاسن بێت.
واتا وورەیەک لەپۆڵاین..
بۆئەوەی نەبشکێت ونەبچەمێتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٩- ١٢-١٤

## ((نموونەی شەی پوور))

دروودی خودا لە ئیسرافیل
لەوەتەی هەی لە پێناوی خودا وەستاوی
فووی ئەم کەرەنایە
دەبێت چ غەریبی یەک بە دوای خۆی دابهێنێت
بەراستی بۆ ئەم ڕۆژە گریانی دەوێت
دوای گەیاندنی دینەکەی خودا
کۆتا بە هەمووپاساوەکان دێنێت
ئەورۆژەی هەمووئەوانەی زل بوون
بەخۆیان دەگەرێنەوە بەردەستت
پاش وەستانێکی زۆر
چ مەحشەرێکە بۆئەم حەشرەیە
بەکۆمەڵ دەست یان دەگەزن

دەڵێن خۆزگە لە خۆڵە كەباین
بەعزیكی تریان دەڵێن
خۆزگە هەمووژیانمان
تەرخانی ئەم رۆژە ڕەشە بكردبایە
دوای نیقاشێكی زۆر هەندێكیان لە سەردەم
بۆ دۆزەخ دەبردرێن بە حەفتا هەزار فریشتە
وەهەندیكشیان لە سەر پردی سیرات
دۆزەخ قووتیان دەدات كەقووڵایەكەی دۆزەخ
حەفتا هەزارساڵە،
یان بەهەشتێكی هەتاهەتایی
لە بێواری چاوی ئەوان دایە.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٠ – ٠٣ –٠٤

## ((ڕێك بۆ ڕوكن و مەقام))

من لەم ڕۆژەی تەقیمەوە
کە ترس دڵەکانی داگیر کردبوو
لاشەکەم دابەش بوو
وەک بۆمبی لاشەی موجاهیدان
لە دونیای ترسنۆکەکان تەقیمەوە،
ترسنۆکەکان بەدیتنی ئەم دیاردەیە
چواردەوریان هەمووی کردۆتە
ئاسن و بەردی کۆنکرێتی
لەترسی مردن تانەیانگاتێ..
* * * *

بەڵام من بەو هەموو سەرکێشیەم
هێشتان شەهید نەبوومە
چونکە خۆم بۆ سەرکێشیەکەی
بیابانی حیجاز هەڵگرتیە،
لە وێش بۆ ئازاد کردنی (مەککە) دەکەومە ڕی،
لە دەرگای ئەل جەبار(الجبار) چاوەڕێم دەکەن..
لە وێش ڕێک بۆ ڕوکن و مەقام.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
٢٠١٣ – ٠٤ – ٠٦



خۆزگە ئەوباڵە باڵی من بوایە تا بگەیشتبامە
مەککە و مەدینە بۆ ئەوەی ئیسلامم یەك خستبایە

## ((خۆفرۆشی تەنها بۆخوداعەیب نیە))

له هەرشوێنێک مووسڵمان
بە مووشەک و تانک و زرییپۆش و
فڕۆکە جەنگیەکان..
ووشەی هەقیان
له دەریای خوێن،
ئەرزیان ئاودابێ
بە مانای گەورەترین خوێن ڕشتن
❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر بە جەستەش نەوەستابم
وەڵاهی بەدڵێکی زرێپۆش کراوی پۆڵاین
ئەوە بە سەدان جار کوژراوم.
بەڵام دەزانم خوداکەم
بۆ ڕۆژی خۆی هەڵی گرتووم
چونکە بەئاسانی ناکوژرێم
خۆم بۆ ئەو کاتەی
کە بەویستی خوا و خۆم
دیزاینی ئەندازەیەکمان کردووە
بۆ کۆتایی هێنان بە کوفر و
بێ ئەدەبی.

ئۆکرانیا - کیڤ لیسۆڤە
٢٢-٠٥-٢٠٠٨

## ((نـاخ چۆڵەكان))

ئەو شوێنەی چۆڵە
بۆ ئەوەی قەڵەباڵغی بکەی
تا لە ناخەوە قەڵەباڵغ نەبیت
ناتوانیت ئەو شوێنە
قەڵەباڵغ بکەیت.

ئێراق – کوردستانی باشوور– هەولێر
٢٠٢٠-٠٥-١١

## ((بەهۆبێ یان بێ هۆ))

بە هۆبێ یــان بێ هۆ
هیچ مـــاناى نیە
ئەم عیشقە بێ تۆ
خۆت لێم لانەدەى
من هەر لەگەڵ تۆم
هـــــەتا ترپـەى
دڵـــم دەوەستێ
کە ئەمرۆنیە کەبێ تۆم.

ئێراق – کوردستانى باشوور – هەولێر
٢٠٠٤-٠٨-٠٦

## ((سەربەخۆیی))

پشتی هەرکەسێک
لە پڕێکا وەرگەرا
بزانە سەربەخۆیی دەوێت
لای ڕاســـت بێت
یان چـــــــەپ.
بۆپشت ڕاست کــردنەوەی
دەستەواژەی ئەم سیاسەتە،
ئـــازادی دەوێت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٥-٠٣-٢٠٠٢

## ((سەرخەری دین))

هەرسەرخەرێکی ئاین
لەپەنای دین خەمی گەورەی
گەورەکردنی زگی بوو
ئەوە ئاین هەژارولاواز دەردەکەوێت
وئەگەر هەر سەرخەریکی ئاین
وەک ئەبوبەکرو عومەری کوری خەتاب و
عوسمانی کوری عەفان و
عەلی کوری ئەبوتالیب بوو
ئەوە هەمووخەڵک لە دین
بەهەرەمەند و بەهێز دەبێت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٧-٠٥-٠٩

## ((پـــاره))

پاره چیات
بۆتەخت دەكات.
پـــــــاره بیابانت
بۆسەوزدەكـــــات..
پاره دەشــــتەكیت
بۆ ڕۆشمبیردەكات.
پاره ناكەس بەچەت
لەڕوواڵەت بۆت پیاودەكات..

* * * *

پارە قسەنەزانت

بــــۆ زانا دەکات.

پارە سەری سپیت بۆرەش دەکات

ئەگەرپارەی بنەماڵە نەما

سەری ڕەش درۆیەکەی سپی دەبێت

دەبێتە حـــــــــەیرانێک

لەدەوریان کەس نامێنێت

ئەی مووسڵمانینە پارە

بــــــــــەهەدەر مەدەن

لەکاتی کرین و فرۆشتن

بزانە لـــەکێ دەکریت و

لــــە بۆکێ دەفرۆشیت

* * * *

یەهوودیەکان بـــەم
شێوە دەوڵەمەند بوون و
گەیشتن بە دەسەڵات
وەک خوێ لە هەموو خوانێک دان.
تەنها لە چایەو قاوە و شیرنەبێت.
بۆ دیزاینی ئەم جەنگە،
شیری خودامان داناوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٤-٠٩-٠٤

## ((ئەوەی پێم ووتی))

ئەوەی دواجار لەسیمای
تۆم بەدی کرد
ووتـــم بە تۆ
وەک پیاوێک پڕاوپڕبێت لە برین و ئازار
وەک پەرداغ عیشقەکەی لەسەری بڕژێتەوە
وەڵامەکەم هەر ئـــــەوەیە،
ئەگەر بێ منیش بیت
بەشی ئەوەت دەکات هەر بەو عیشقە بژیت..
قەد نەمریت.. قەد نەمریت..

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٣١-٠٦-٢٠١٣



بەردەوام بن لەگەڵ نەورەسەکەی بابان

## ((خوداکەت بناسە کە (الله) یە))

نەلەلای ڕاست..

نەلەلای چەپ.

نەلەسەر..

نەلە ژێر.

نەلە پێش..

نەلە پشت..

بە پێوەر ودیزاینی مرۆڤایەتی

* * * *

ئەندازەكەی بڕاوەتەوە
بەوەی دەرچووە لە پێوانە..
نەهیچ پرگالێكی ئەهریمەن
ونەهیچ ئەندازەیەك
گۆشە گیری نەكردووە.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٧-٠٧-٠٩

# ((فریشتەیەك لەدڵ ڕەقی))

تۆئەو پێنووسەی
هەرخۆت دەنووسیتەوە
چونکە سێبەری پێنووسەکەمی
بەڕۆژوشەو لێم نابیتەوە
❊ ❊ ❊ ❊

لای من
هیچ کەسێک لە تۆ زیاتر
تێکەڵی ڕووح و گیانی
ئەم عیشقە نەبووە
چونکە هەموودونیای تۆ
منی وێران کردووە،
تۆ دەستکەوتی ئەو دەسەڵاتەی
ئەگەر بێمە ژێرباڵ یان بۆ خاتری تۆ

❊ ❊ ❊ ❊

هەڵۆکانیان لە ئاسمان
وەک نێچیر ڕاوم دەکەن
لەکۆتایەکەی هەرهیمنیت
ئەگەر لەم دونیایە کاتیەش نەبێت
قیامەتەکەمان بۆمانەوەیەکی هەتاهەتاییە
ئەم ئێراقە بۆ ئەمە باشە
تەخت بکرێت
خێروبێرەکەی بەسەر
هەموو جیهان دابەش بکرێت

❊ ❊ ❊ ❊

بۆ ئەمە باشە بکرێت
بە گۆرستانی هەمووجیهان
ئەمەش بۆ ئەوەیە
بەناوی دەوڵەتێکی بێدەنگ
تادەنگ بدیتەوە
تادەنگ بدەیتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١١-٠٥-٢٠١٧

## ((شکایەتی شکانی بێ دەنگی))

له دوای ٢٠٠٩ بێدەنگ بووم
تا ٢٠٢٣ كه دواین وێزگەی ئارامگەی هەمووجیهانه،
ئینجا بێدەنگی دەشكێنم وەک
دایکی عیسای کوری مەریەم
بێدەنگی دەشكێنم وەک دوای
سێ مانگەکەی،
رەجەب وشەعبان و ڕەمەزان

* * * *

بێ دەنگی دەشکێنم
بۆ ئەوکەسانەی
ئیسلام یەک دەخەین و
پشت لە پەیامی خودا ناکەن
بە هەرنرخێک بێت
سەری دەخەن
بێدەنگی دەشکێنم
بۆ گیرابوونی دوعاکانم
داواکارم پەناگەکانی لە بیابانەکەی حیجاز

* * * *

بم پاریزن و بمشارنەوە
ئەی خودای دڵنەوایی
بۆ ترسی ئەم ڕێگایە
دامەزراوترم بکە،
تۆ بە هەر نەوەت و نۆ ناوەکانت
بۆ من دەبیت بەقەڵغان
وەک بناری شاخەکانی حیجاز
بۆ من دیدگەو دینگەی..

* * * *

بۆ من ببە بە تەپ و تۆز
لەکاتی شوێن پێی کۆچەکەم
تا پیس پیسۆکەکان نەماندۆزنەوە
ئینجا بمکە خۆشەویستی
خەڵکی ئەم ئەرزە پیرۆزەیە
نیازمان درووست کردنی ئەم دەوڵەتە گەورەیە
چونکە ئێرە شوێنی بریاو خۆزگەیە،
بیست و شەش ساڵە
خۆم بۆ فەتحی مەککە داناوە
ئاسەواری فرمێسکەکانم هێشتان ماوە
زۆری نەماوە بۆ (مەککە) خۆم ئامادەبکەم
ئەوەی لەگەڵمابێت براوەیە

* * * *

که گەیشتمە شاری مەککە
لە دەرگای (الجبار) دێمە ژوورەوە
ڕێک بۆ ڕکن و مەقام
ئەوە ئەندازەی زایەڵەی پیشەوایە
وە کودەتایە بەسەر دەمارگیری و نەتەوەپەرستی،
لێرەدا ئینجا ئارامی ئەیوب کۆتایی دێت
ئینجا چی دێتە پێشمان بابێت
بە هەموو جۆرێک قەبووڵی شەڕ و ئاشتین
* * * *

ئیتر لەگەڵ کاک مسعود بەرامبەر بێدەنگیەکەی،
هەتا سەرئێسکم هاتووە
دەمەوێت ببیستم لەسەر زارت ببیت بە حەمزە
بۆ ئەو محەمەدەی گرۆتان لەسەر کردبوو
ئەگەر لەگەڵ ئێمەبیت
خۆت و کوردستانەکەمان دەکڕیتەوە
بەپەیمانی دەولەتی پان و بەرین
تائەم برینە سارێژ بکرێتەوە
لە گرێی کۆرەی بەختی ئایندە
دەتوانیت لێرە خۆت یەکلایی بکەیتەوە

تۆ حەمزەی یان ئەبووجەهل

ئەگەر حەمزەی مەترسە لەخۆرئاوایەکان،

چونکە ئاڵای وولاتەکەت خۆری لێ هەڵهاتووە،

لەچی دەترسیت بۆهەرەس هێنان

لەکۆتایەکەیدا خوداو منت لەگەڵە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر

٢٠٠٩ -١١-٠٤

## ((ڕووگــە))

وەرە باخۆشەویستیە کەمان
بەشاهیدی قورئانێک
پیرۆز بکەین
ئەوساڵی کەویستم
بچم بۆ مەککە
دەتۆش بە دەرفەتێک بگەوێ،
هەم حکومەتەکەی
مەککە دەگۆرین و هەم دووبارە و سەد بارە
پەیمانمان نوێ دەکەینەوە

دەزانیت بۆ پێویستیم پێتە ؟
چونکە هێزو شکۆی وورەی
سەرکەوتنی منی

* * * *

بۆئەوەی دونیا ئازاد بکەین
تۆم دا خودا وەرەوێ،
یان ئیسلام سەردەخەین
یانیش کۆتایی بەهەموودونیا دەینین.
مەککە شوێنی
سەرخستنی ئازادیە
مەککە شوێنی
بەدەست هێنانی شکۆیە
بە مەرجێک دەچم بۆ مەککە..

*　*　*　*

دەبێت

کورسیە مۆڕانەکەی بنەماڵەی ئالی سعود

سەراو ژێرکەین

کودەتاو شۆڕش

لە سەرتا سەری ڕادەگەیەنین

لەخەودا هاتمە ڕێگای مەککە

ووتیان بگەرێوە

نەخشەکەت لەیاد کردووە

بەنەخشەوەرەوە ؟!.

* * * *

پەیمانم داوە کوردستان و فەڵەستین
بیانکەم بە دەوڵەتێکی سەربەخودا
ئینجا سەربەخۆدەبن،
ئەگەر لە سایەی ئیسلام بێت
هەتا دونیا مایە بەردەوام دەبێت

❊ ❊ ❊ ❊

ئەم دوو دەوڵەتە
هەتا چاویان لە خۆرئاوابێت
ئاڵاکانیان
خۆری لێ هەڵنایەت،
بەهۆی قەیرانی لکانی دین بە سیاسەت
ئەم نارِوونیە
هەر دوو دەوڵەتی بێ ئومێدکردووە

* * * *

تەنها لە سێبەری ئیسلام
خۆری هیوای لێ هەڵدێت
بۆ بەدەست هێنانی
شکۆی هەتاهەتایی،
لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت
جیهان یەک سەرکردەی دەبێت
محەمەدی مەهدی و عیسای مەسیح
یەک بەدوای یەک دێت.

ئۆکرانیا – کیڤی پایتەخت
٢٠٠٩ -٠٢-٢٦

# ((یاریەك لەگەڵ پاشاكان))

ئەی هەولێری کپ کراوەکەم
تۆوانەبووی بۆوایان لێکردی
بەپارەی حەرام و مووچەی پەنادیوار
بەیەک جار دەنگیان کپ کردی
ناپێگەیشتوەکان
لەرێی ئاغاکانیان
هەڕەشەی مردنی
بەکۆمەڵیان لێکردی،

*    *    *    *

بەڵام هەرمای و نەمردی
بەداخەوە
بۆئەم یاریە سەختە
وەزیرەکەت
وەک ئاغایەک لە ئاغاکان
لەپێناوی مانەوەی خۆی و
بنەماڵەکەی

❊ ❊ ❊ ❊

بە هەمووتان وەک چەپ بە لاچەپی
وەستاون
لەگەڵ ئاوازی نا محەمەدەکانی تر
ئەوەی هەستا بووە فیرعەون لێمان
موسایەکەی ئەمڕۆ دڵی لە ناو دەستە بۆ هەڵهاتن
وەرە با یەک بین
لە بیروڕا ئەی ئومەتی پێغەمبەرەکەم،
بۆ ئەم سەرکەوتنە
ئامادەی سەرکێشین

❊ ❊ ❊ ❊

چونکە سەربازی خوداین
بە ناوی ئەم خەلافەتە
سەرکەوتووی داهاتووین
خەونەکانی هەمووی پەمەین
* * * *

لە دژی هەمووئەهری مەن
ئەمڕۆ ئاغاکان
بێ دیوەخان ماون
لە ترسان تانان بڕاو نەکرێن،
لە سەردەمی خۆیدا
هەموودونیان لە زەواق نا
چونکە داشی دامەکە
لە دەستی ئەوان بوو
سیستەمی سەرمایە داری
ئەوەی لە چاو بوو،

❊ ❊ ❊ ❊

بەڵام خوداکەم
لە سەرووی ئاغاکانە
خوداکەم پاشای
هەمووپاشاکانە
بۆتەواو کردنی ئەم یاریە
هەمووشتێک ئامادەیە
بۆ خودای پێغەمبەران.

❊ ❊ ❊ ❊

حیجاز شوێنی مانەوەیە.
دواتر لە کاتی حەج
بەرەو کەعبە دەکەومە ڕێ
بە پشتیوانی خودایەکی گەورە
لەدەرگای جەبار(الجبار)دەچمە ژووری
ڕێک بۆ ڕکن ومەقام.
لەوێش خودا سەردەخەین
دژی خودا
درۆینەکانی ئەهری مەن.

ئۆکرانیا - کیڤ
٢٦-٠٢-٢٠٠٩

## ((هەولێر باوەشی دایکە))

هەولێر لە خەونی
زاڵم رادەچیڵکێت
تووشی کابووس دەبێت
هاوارو دەنگـــــی
ئازادی لێ هەڵدەستێت

❊ ❊ ❊ ❊

وەک ئەم جارەی
حکومرانیەکـەی
هەردووبنەمــاڵە
هەولێر قەد ئەوهای
بەســەر نەهاتووە
کـــــڵاوی گرتووە
نایوێت وەک جاران
توخمی بابیبات.
حکومی سەرمایەداری

بەهەموو جۆرێک سزای داوە
بەهۆی یەکێ لە محەمەدەکانی
توانای پێ نەهێشتووە
ئەمجارە هەولێر هەڵبستێتەوە
بەخۆشی بێت یان ناخۆشی

* * * *

دەسەڵاتی ڕەها
لە هەردوو
بنەماڵە دەسێنێتەوە
قەڵاکەی ڕاست ڕەو دەبێت
بە سەلماندنی بۆپێشەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٠٨-٠٤-٢٠١٧

## ((من کوڕە شاسواری موسڵمانانم))

نەڕەنگت نەزەنگت نەدەنگت ما
زەنگک بدە بۆ بێدەنگی من
ئەودڵە شکاوە
چەندەها تەورو تانەی لێ دراوە
بەچی چاک دەبێتەوە
خۆپەرستەکان
ئەم دونیایە یان تێکداوە،

❊ ❊ ❊ ❊

بەنامەیەک هەمووشتێک دەگۆرێت
ئەم عیشقە ئینجا بەرنامەی
بۆ دادەندرێت..
ئینجا بەهاری ئەم عیشقە
جێ گۆڕکێی وەرزی دەوەستێت..
هەربە بەهای بەهارەکەی دەمێنێتەوە
وەرە ئەم بەیەک گەیشتنە
تاقی بکەرەوە

❊ ❊ ❊ ❊

قەدەری من
کەوتۆتە لای ڕاستی تۆ
وەک سێبەر لەگەڵتام
بەهیچ شێوەیەک ناشکێمەوە..

* * * *

دەپێم بڵێ لەوەتەی منت نەماوە
پرسەکەم چـــــەندی ماوە..
بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانم
قەد چاوت پڕبووە لەفرمێسکی من..

❊ ❊ ❊ ❊

من لەدوای تـــــۆدا
دەنگیشم نووساوە و
هیچ بۆنەیەکم نەما
هیچ گۆرانیەکم بۆنایێ..
تاپیتەکانی ناوتی پێ بانگ بکەم،
* * * *

ئەم دڵدانەوەیە،
دڵدانەوەی
گڵدانەوەی ئەشکی ئەم چاوەیە
خۆڕەکەی هێشتان ئاوا نەبووە

❊ ❊ ❊ ❊

لەم دونیادا بۆمنیش نەبیت
ئەوە لەدونیایەکەی تر
بۆ پیاو دەبیت نەوەک بۆ ناپیاو
وەک ئەو ناپیاوەی لەگەڵیت

❊ ❊ ❊ ❊

چونکە بە هەمووکەسێک ناڵێن پیاو
لە کۆتاییەکەیدا
ئینجاپیاوەتی دەردەکەوێت
ئەگەر دەتانەوێت
پیاوی ڕاستەقینە بناسن
ئەوە چاوەڕێی کۆتاکەی بکەن.

ئۆکرانیا – کیڤ
٢٨-٠٢-٢٠٠٩



## ((بەبارگاوی بوونت))

زۆرجار لە ناوپێخەفی خەونت
هەمووژیانم بارگاوی دەبـــێت
کەدەست بۆپێنووسەکەم دەبەم
کـــــارەبای دەزگـــــــای
کۆیلەو ڕۆبۆتەکـــــانی
ئەم سەردەمە دەمگرێت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٨-٠٥-٠٩

## ((خۆڕی جوانیت))

بەهـــــــــــــــۆی تۆ
چاوەکانم لێڵ بووە
هــیچ بـــــەرەبەیانێک
نــابینم بۆگەڕانەوەی
خۆرهەتاوی ڕووی تۆ
بۆناڵێی بۆ..
هەتا کەی بەردەوامی لەسەر ئەم دابڕانە.
بێ خودا حافیزی وگەڕانەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٥-٠٣-٢٠٢٢

## ((کانگاکانی نەوتی کورد))

لەسێبەری من و
سەرکێشیەکانم
لەکوردستان بوومە هۆی
دەوڵەمەندی بەرپرسەکانی کورد
بەرامبەر بەدەرفەتەکانی
خۆرئاواو بێگانە
من ناسراوم لە پەیمانی کۆن و نویێ دا
* * * *

له قورئان و سونه باس کراوم
ئیسلامیەکان بۆپێشەواکەیان نابینان
بۆیە بێکەس و بێ پێشەوان
باش دەزانم چی دەگوزەرێ له ناوەو
له دەرەوەتان،
بۆداهاتووی خەلافەتەکەمـــــان.
بەردەوام زانیاری نـــادرووست
له دەربارەی منی زیندانی دەدرا
به پەرلەمانی
دوو هـــــەزار و نـۆی کوردی باشوور
❊ ❊ ❊ ❊

لەحەرەمی پەرلەمان
باس بـــاسی پەنیری
کوردی و ئۆکرانی بوو
لەزیندانی هەرەمەکەی کورد،
بەیانیانم پەنیری ئۆکرانی بوو

* * * *

بـەڵام
پــەنیرەكوردیەكەم لەدەرەوەبوو..
هات بۆبینینی من
دەیویست بزانێت
چی دەگوزەرێت لە دەروونی من
❊ ❊ ❊ ❊

لەوساڵی، سیاسەت مەدارە گەوجەکان
لەسێبەری هەردووپەنیر
هەموو بوونە خاوەنی پارەی بلۆک کراو
هەموو جوگرافیایی سیاسی وئابووریان برد
ڤێلە و باڵەخانەکانی وولاتیان
هەمووی داگیرکرد
و هەموو پارەی
میلەتی کوردتان لە
ژێر زەمینەکانی بارزان کرد..

❊ ❊ ❊ ❊

بەڵام لەدەمی نەهەنگا
لەناو كانگاكانی نەوت
مەلەدەكەن و منیش تازەبەتازە
وەک پێغەمبەر یونس
لـــەزینــدانی دەمــی
نەهەنگەكان دەرهاتم.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٩-٠٤-٠٩

## ((نەجات))

بێگومان ئەگەر
خۆت بگینیە کەشتی نەجات
ئەوە من بە خێرووئێوەش
بەسەمەت پێش وازی و
سڵاووی ئیکلامتان لێ دەکەن
چەتار بن لەگەڵ تەتارەکان
کەکاتی هات هەمووتان لەگەڵ ئەفغانیەکان
یەک بگرن.

* * * *

بەهەڵهاتنی خۆرێکی تازە
لەم جوگرافیایەی
ئێمە دەست نیشان مان کردووە
دونیاو قیامەتت سەلامەت دەبێت
لەگەڵمابە با وەکوو ئاژەڵەکان تێنەکەویت
بەردەوام خۆیان
بەقوربانی ئاغاکانیان کردووە
خەڵکانیان دەوێت وەک کەربێت
بۆ هەڵگرتنی بارەکانیان..

* * * *

ئەگەر لەگەڵمابیت
بەرەبەیانی لە ناوچوونی
ئاغاکانی ئەم سەردەمەیە
زۆری نەمایە دابێت،

* * * *

بۆهیدایەت و

خاوبوونەوەی ئەمانە

وەک قژێکی ئاڵۆزی لێهاتووە

شانەی بکەی یان نا

هیچ سوودێکی ئەوتۆی نیە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێری وێزگەی چاوەڕوانی

٢٠٢٢-٠٤-٢٢

## ((ببووره هاوڕێ گیان))

بەهـــــــۆی تۆ،
بۆحەزەکانی تۆ
وەک تۆ دونیا ڕای نەکێشاوم
لـــەوەتی هـم وام
لێت زوویر نـــیم
وەک هاوڕێگایەک

*    *    *    *

کاتی ئـــەوەهات

من لە تۆجیاببمەوە،

نــــــەوەک بەهۆی

تەسکی بەرژەوەندی

چوونکە ئێمە

بیروبڕوای جیاوازمان هەیە.

چوونکە لەسەرەتاوکۆتایەکەی

❊ ❊ ❊ ❊

وەک پێویست نەبوو
بیروڕامان جیاوازبوو
بەهۆی هـــاودەنگی
زەنگیکی مەترسیدارم
بـــــۆڕێگای ڕاستی
شایەن بێ یان ناشایەن

❊ ❊ ❊ ❊

بــەپێی توانا ڕێزم لێ گرتی
بـــۆیە ڕێگاكەم بەكۆتا هێنا
چـــــــــونكە تۆڵە ئاست
هاوڕێ یەتیەكەم لاوازبووی
چونكە تۆ بوویە
ئاوازدانەری بەرژەوەندیەكانت.
گوێ گرتن لە تۆ
وەک قــسەیەكی بێ مانابوو.
لـەمە زیاتر نامەوێت زیاتر
گـوێت لێ بــگرم.
چونكە هیچت لێ فێرنەبووم.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٢٢-٠٤-٢٠٢٢

## ((وێزگەی چاوەڕوانی وچاوڕوونی))

گـــــەرانەوەت فـرمێسـکی
شـادی بەری چاوەکانی گرتم،
دەنگم بە جوانیتا نـــووساوا
هیچ گۆرانیەکم پێ ناووترێت
کەباسی خۆشەویستیت بکات
ئەویش بێ ڕکابەریەکەی
پەیوەندیەکەی مـن وتـۆ

❊ ❊ ❊ ❊

كەگریانم بۆ ئەوانەی
وەک خــۆم دێت
چونكە ئەوانەن
بەهەشتی ڕاستە قینەیان
درووست كردووە
نەیاران..
بە مووشەكی تانە
(زۆزان وئەكسانە)یان پێ كوشتووە،
* * * *

بەسەرهاتێکە لەنێوان
کـــوردوو ئۆکرانیاکان
لـــەرێی سیخورەکـــان
ئەم پـــــــــەیوەندیە
بەهەڵئاوساوی ماوەتەوە
چونکە چرای
دوێنێم کوژاوەتەوە

* * * *

بۆپێشڕەوی كردن
گەڵاڵی وسڵاڤیەكان
نا ڕاستەوخۆ پشت گیرم لێ دەكەن
دەیانەوێت ســــەرم خەن
چونكە سەریانم خستووە.

ئۆكرانیا – كیڤ وێزگەی چاوەڕوانی وچاوڕوونی
٢٠٠٩-٠٢-٢٨

## ((فرمێسکی تۆم))

دەنگێک لەپێناوی تۆدا..
بڕیاریدا ڕەنگی بگۆڕێ
دەنگێک لەپێناوی تۆدا..
بڕیاریدا زمانی بگۆڕێ
دەنگێک لەپێناوی تۆدا..
بڕیاریدا قژی درێژ بکات
شێوەی وەک پێغەمبەرانی ڕابردووی لێ بێ
دەنگێک لەتاوی تۆدا

❊ ❊ ❊ ❊

ووڵاتی بەجێ هێشت
هەتاهەتا زوویر بــوو
دەنگێک لە زاریانی تۆدا..
وەک تەندووری نــان
بۆخوانی پارە نانەکەی تۆ
دەسووتـــــام،
دڵم نەرم تربوو
لەنانە نەرمەکەی بەردەستی بەیانیانت،
بـــۆ ژیانەوەت.

❊ ❊ ❊ ❊

دەنگێک لەپێناوی تۆدا..

بۆ جیهان دەسەلمانێت لە داهاتوودا.

کە تۆ،

لەداهاتوودا

وەک خەدیجەی لەبازرگـــانی

خێزانی پێشەوای ئەم سەردەمەی،

* * * *

دەنگێک لەپێناوی تۆدا..
دەرووی خێری بۆتان کردەوە
تـــــــــا ئازادتان بـکا،
دەنگێک لە پێناوی تــۆدا..
هەمووژیانی بۆتەرخان کردی
لەڕێگای زمانی جەستە دا
تابگەرێتەوە بۆلای خــودا،
دەنگێک لەپێناوی تۆدا..
بەهەموو ئاوازێک
بۆی چریکاندی تا خەمبارنەبی..

❊ ❊ ❊ ❊

دەنگێک لەپێناوی تۆدا
هەموو بەرژەوەندیەکی
لە ژێرپێی خۆی نـــا،
بۆئەوەی ببی
بەشێرە ژن وشاژنی خۆشەویستی.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٧-٠٢-٢٠٠٩

---

ئەم شیعرە پێشکەشە بە هەردوو شێرە ژنە خـــاتوون زۆزان و ئەکسانەی کچی ڤلادیمێری ئۆکرانی.



پۆتین و هێرشەکانی لە ناو زستانە سەختەکەی

# ((سەرگرتنی خەلافەت))

چەکەکەی دەستی
عیسای مەسیح
وورەیەکی گەورەی
بەتینی بڕوادارانە،
ئەم چەکە لەمیراتی
عەلی کوڕی تالب

* * * *

بۆعیسای مەسیح ماوەتەوە،
دەجالیش هەربەم شـــیرە
بەهاتنی هەوێن دەبێت..
گـــــــــەڕانەوەی خەلافەت
ئینجا بەمە ســـــەردەگرێت..

* * * *

سەبازەکانی ئۆردۆگـــــان
بەپەلەن بۆ ڕادەست کردنی
شیری گەڕانەوەی خەلافەت
لەدژی چەپەڕەوەکان
کلاسیکانە ئاریشەی
چوارەمـــــی جیهانی
کـــــــــۆتایی دێت
❊ ❊ ❊ ❊

ئەمیر و خەلیفەی
خەلافەتی ئیسلام
بەم شێوە دەبێت
تا حوكمرانیەكەی تەواودەبێت
لە كۆشك و تەلاری
حكومەتەكەی دانانیشێت
لە ناو تەواوی
چینی خەڵكا
دەژی و دەمرێت.

* * * *

وەک نـــــەدیتکە و

خــــۆپەرستەکان

خۆی ناپەرستێت،

بەختەوەری تەنها

لە ڕێی ئەم خەلافەتە دێت.

ئێراق –کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی

١٦-٠٨-٢٠١٧

# ((تاقامەت نەكرێت هەڵناستمەوە))

هەڵسانەوەی قامەتی قیامەت
ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستگۆیت
نیشان دەدات
کەلەکاتی خۆیدا
دەست بەکاردەبیت بۆ خودا

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەرکاتی هات سەرت دەخات
تائارامی باڵ نەگرێت بەسەرتا
مــــــوژدەی بەختەوەری
هەردوودونیات پێ نادا،

* * * *

بەردەوام فریشتەکان
هەواڵەکانت
بۆخودا دەبەن
چ لەئاشتی، یان لە جەنگا
هەرگیز وهەرگیز نابەزیت،

❊ ❊ ❊ ❊

هیچ کات بێ هێزی و
بی هیوابوون
یەخەت ناگرێت،
چونکە بۆ ئامانجێکی
دیاری کراو دەژیت..
بێگومانبە
بە نامەردانە نامریت..
مردنیشتان
وەک یاوەرانی پێغەمبەران دەبێت.

ئێراق- کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوڕوانی
٢٠٠٤-٠٣-١٣



## ((بیست و حەوت ساڵ))

بیست و حەوت ساڵ
لە گەڵناسینی تــۆدا
خۆشەویستیم بۆ ڕێبازی قەڵەم
لە ڕێگای پێیەکانم
بۆئەم جێگاو ئەو جێگایە
چیرۆکی عەشقێکی
کۆنی نووسیوە

❊ ❊ ❊ ❊

بیست و حەوت ساڵ
هەر لە سەفەردام
دەڵێم ناگەرێمەوە
بەڵام لەبەر تۆی پاکیزەدا
وەک باڵ فرێک باڵەکانم شکاوە

* * * *

بیست حەوت ساڵ

وەک بۆمبێکی چێندراو

لە ژێر پێی دوژمنان دەتەقیمەوە،

*       *       *       *

بیست و حەوت ساڵ
لــــــــەڕەنگی ڕەش
وەک ئاڵای موجاهیدان
هیچ ڕەنگێکی ترم لێ نایێت..
جگە لە ڕەش
لەلای من هەمووشتێک پێچەوانەیە
دەڵێم هەموو
چارەسەرێک بە شەڕ چاک دەبێت..
چونکە سەردەمی دایلۆگ،
کۆتایی پێ هاتووە
* * * *

بیست و حەوت ساڵە
هەرچاوەڕێی
دووکەڵکەی سەرتاپای ئەرزم،
تابێت بە زستانێکی ئەتۆم
بەڵام بۆئەم نیشانەیە..
لەگەڵ دەنگی ئەتۆم
ئینجا بێ دەنگی دەشکێنم،

* * * *

بیست حەوت ساڵ
لە پڕێک بای گەردەلوولی
بیابانەکەی دوورگەی عەرەبی بردی
بە پارەی (مەککە و مەدینە) پیلان
ئەکتیف دەکەنەوە
لە دژی پێشەوای مووسڵمانان
لــــەسەر نەخشەدا
بۆ مانەوەی خۆیان

* * * *

بیست حەوت ساڵ

تووشی چەندەها چیرۆکی کردم

هەندێک لەچیرۆکەکان

شەڕمان دەبێت لەسەر برین..

لـــــــەزیندانەکانیش

کێشەمان لەسەرسەرینە،

کوانی سارێژی برین

* * * *

زیاتر لە بیست حەوت ساڵ

دەنگی ئازادی کپ دەکرێت

ئازادی بەئاشکرا ونهێنی

لەناودەبرێت،(مەبەست ئازادی ڕەهانیە)

* * * *

بیست وحەوتساڵە
مینبەرەکان دەنگیان
کپ کراوە ووشەی هەق یان
لە فەرهەنگی ژیـــنی
ئەم دینە سڕیوەتەوە
❊ ❊ ❊ ❊

بیست وحەوت ساڵە
لە دوای هەرشیعرێک
جارلەدوا جار بەجوانتر
بەدونیاو قیامەتی قەڵەمەکەم دەیناسێنم..

* * *

لەدواین وێزگەدا
بە شیعرەوە دیسان ئاگۆنەکە هەڵم ناگرێت.
چی لەم هەمووگوڵە ووشکە بکەم
خۆشەویستەکەم
لە ڕۆژی خۆشەویستی
هەرنەیتوانی هیچ گوڵێکم
پێشکەش بکات بۆشیفای ئەم دڵــە.
ئەوە هەم ڕەزیل و قرچۆکی و
هەم ئەو پەری بێ هەستیە.
چونکە هەموو گوڵەکان بەخاک سپاردران.

ئێراق –کوردستانی باشوور– هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢– ٠٧–٠٨

## ((تـاسـەكـانـی ڕێگات))

مـــــن وەک تاسەکانی ڕێتم
ئەگەرتـــــــۆمن بیت
من لە خۆم نابوورم
چونکە سەرگەردانی
لەنێوان دونیاو قیامەت

* * * *

ئەگەر تۆ من بیت
ئەوە لـــــــەدوای
تاسەکانی ڕێگات
هەمووبەشەکانی قورئانی ڕێگاتم
هــەتا دێتوودەچیت
من هەرتەواونابم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٤ -٠٤-٠٧


هەتائەم ناخۆشیە سەرتاپای ئەرز نەگرێت خۆشی وبەختەوەری نایەتەوە !

## ((یاریەکانی چەکی ئەتۆم))

وەک ئـــەتۆم لە چاوی
دوژمـــــــن ئەتەقمەوە
وەک ئــەرز لە دەوری
خــــۆر ئەسورێمەوە
لەژێر دەستی فیزیا
خۆر بەڕۆژی ڕووناک
لەگەڵ پەرستراوەکەی
خۆیان ئامادەکردووە
❊ ❊ ❊ ❊

من لە سەیرانی
هەندیک کەس سەیرترم
چونکە بەهیچ
کەس ناکرێم
چەندەها جار
دووبەرە شەریان بووە
بەهۆی هۆکارەکانم،
لە سەیرسەیرتربووە

* * * *

سیستەمی ژیانی من
وەک تەونی جاڵجاڵۆکەیە
هەرکاتێک هەڵوەشایەوە
دووبارە ئاسانە
بۆ درووست کردنەوە،
بەردەوام جادووی
ڕەشیان لێ کردوومە
تابێمە ریزی ئەهری مەن

❊ ❊ ❊ ❊

چونکە سەرکەوتوومە،
دەنگی من زەنگی
ئاگاداری کردنەوەی جەنگە،
ئەم جەنگە
بۆنەهێشتنی چەپ ڕەوو
سەگ ڕەوەکانە
❊ ❊ ❊ ❊

بۆ گەڕانەوەی دەنگی
ڕاست ڕەوەکان
دەنگی هەقە
هەواڵی دووکەڵی جەنگ
هێزومتمانەم
زیاتر پێ دەدات

❊ ❊ ❊ ❊

بۆئەوەی بگەم
بەدوورگەی عەرەب
بۆوەرگرتنی دەسەڵاتێک
کە لەخوداوە
بۆم ڕەوانە کراوە

❊ ❊ ❊ ❊

بۆنی باررووت وقەوان و

جل و بەڕگی جەنگ

سەنگەری بڕوامان

بەهێز دەکات..

بەدەنگی ئەڵاهو ئەکبەر

فەزای متمانەمان

فراوان دەکات،

شێوازەکانی تاکتیکی شەر

بەشەر کۆتایی دەهێنین

* * * *

واتا جەنگ لە پێناوی جەنگ
دەبێ ئیسرائیل
لەنەخشە نەمێنێت..
ئینجا چ دەبێت بابێت.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠١٧–٠٨–٠٨

## ((منم ئاوێنەی ئاوێنەکەت))

من ئاوێنەکەی تۆم،
زۆربەی کاتەکان خۆت لە ناو من دەبینیتەوە،
چونکە بۆ جوانی تۆ درووست کراوم
لەهەمووشوێنێکم

❊ ❊ ❊ ❊

بۆدڵنیابوون لە خۆت

پشتی خۆشت لێ دیارە

چونکە ئەوەی پشتی بەرنەدای

ئەوە خۆشەویستەکەتە

ئەم جوانیەی تۆ خەونی ئەم ئاوێنەیە

کەس نەیشکاند بێگانە نەبێت،

❊ ❊ ❊ ❊

چیرۆکی ئەم شکانەیە
هەرپارچەی شکانی لای کەسێکە
دەڵێ من زانیاریم هەیە
بەچیرۆکی ئەم عیشقەیە.
لەلای من هێشتان فەرمانی بەسەر نەچووە
ڕۆژێک دادێت
لەگەڵ کوردستانێکی چوار پارچە و
فەڵەستینێکی داگیرکراو
ئێمەش یەک دەگرینەوە.

❊ ❊ ❊ ❊

وا هەست دەکەم
ساحیرێک سحری ڕەشی لێ کردوومە
بۆیە بوومە تۆقەی قژەکەت
تاژیانت تێک نەچێت
هەتا منت هـــــەبێت
ڕۆژ بە ڕۆژ شۆڕەبی تردەبیت
هەتا لەگەڵ من بیـــــت
دوژمنت بۆ زیاد دەبێت،

❊ ❊ ❊ ❊

چونکە شـــــەرم
لـــــەپێناوی هەق کردووە
ئەگەر شکام و وون بووم
تۆش دەشکێیت و دەمریت
من شانەیەکم
دەست نوێژم شکابێت
یان نەشکابێت
هێشتان بە هیچ قژێک نەکەوتووم

* * * *

سوراوەکەت منم
بۆ ووشکی لێوەکانت و
بۆ ئەوبیابانەی تیای لە ژیانت
پێویستە ڕۆژووی
فیراق بشکێنی
تاخۆڕ لەخۆڕئاواوە
هــەڵنەهاتووە

❊ ❊ ❊ ❊

بێ وێنەی وەک من
لەخۆشەویستی،
من وەک ئەو ڕەنگەم کە لێت دێم
بێتۆیی وای کردووە
هیچ ڕەنگێکم لێ نایێت
جگە لەڕەش

* * * *

بچمە(مەككە)ش
ئەوها زوو ئیحرام ناپۆشم
تادەبیتە بووک بۆ من بە گەڕانەوەت
دەمەوێت بێیتە (مەككە)
لەوێش بۆ شەری گەورە
لە دوای سێیەمی جەنگە گەورەکە
ئەوکات ئامادەم بۆ حەجی خودا.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠١٠-٠٢-٠٤

# ((کڕنۆشی خۆشەویستی))

کڕنۆش و چەمانەوە بۆخودا
گەورە ترین بەندایەتیە
لەم کاتەدا هەرچی بڵێی سەبووریە
جوانی ئەم پەیوەندیە
لێرە دەست پێدەکات

❊ ❊ ❊ ❊

لەگەڵ هەر دڵۆپێک فرمێسکی
بەردەوام بوونی دوێنێت
وەک ئەوەوایت
تازە لەدایک دەبیت،
لەهەمووکەسێک جوانتردەبیت لەلای خودا
هەوڵبدە لەکاتی سوژدە
ئەو فرمێسکانە بە دەست بێنیت

* * * *

تافەزای ئێستاو
داهاتووت فراوان بێت،
ئەمەجوانترین
گرتەی خۆتە بۆخوداکەت
ئەوەی تۆ دەیکەیت بۆ پەرستن
ئەوە نزای دۆزەخیەکـــانە

* * * *

لە کاتێکا
هیچ شتێک نەما نەیدۆڕێنین
بۆ بەزیی خوداکەت
هێشتان ئەگەری لێخۆش بوونی مایە
بەرامبەر بەو کەسانەی
زوڵمیان لە خۆکردووە.

ئێراق –کوردستانی باشوور– هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠١٨–٠٩–٠٦


دەرگایەک ماوە لە دەرەوەی دەرگاکان

## ((لە دوای تـۆدا))

لە دوای تۆدا بە تۆ ناسرام
بە هۆی تۆ لە زیندان تاسام
لەوکاتەی تۆم ناسی
هەموو شتێکم بە هۆی تۆ ناسی
تا بوویە باس و خواستی هەموو دونیا
تۆ یادێک بووی
لەوپەڕی خۆشەویستی
بەڵام بۆ ئەم بەیەک گەیشتنە

❊ ❊ ❊ ❊

پێم وایە
خودا سزای داین
بۆ داهاتوویێک
پڕلە یادگاری.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٤-٠٥-٠٦

## ((شاژنەكەی ئەمڕۆ))

بۆبینینت پڕپڕم لەم قـــــسانەی
كە ووزە بەخش و ئارام كەرەوەن
بۆ كلی چاوەكانت
پێش ئەوەی بم دركێنی
پێویستیم بە ئامێزیكە
كاتەكەی بەقەد دووری نێوان
مەودای دابڕان و ئەو فیراقە بێت..
❊ ❊ ❊ ❊

لەخودا داوادەکـــــــــــەم
ئەم مەودایە تەواو نەبێت
بێگومان پڕیەتی
لەگریانی شادی

* * * *

وەک چاوە بێوارەکەی بەهەشتی خودا
دەزانم وەک (عین المرضیه)
لە چاوەڕوانیت
بۆئەوەی هەرچی ئازارو مەینەتیە
کۆتایەکەی تێپەڕێنین
ئەوەش باوەشی گەرمی تۆیە

* * * *

ئەوەی نەكراو نەبیسترا
لەناو دووجەستەی جیا
دەبین بەخاوەنی یەک دڵ
لەدوای ئەمە بەهیچ جۆرێک
دوودڵی و نە دووڕای
وەک جاران لێکمان ناکات.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٣٠-٠٤-٢٠٠٤

## ((درامایەك لەژیانی من))

دونیایەک خەم

وەک بوومەلەرزە لەژێر باڵەخانەیەک

بەسەرماداڕمایە

ژیانی مـــن وەک

سینماو دڕامایە

بوونی مــــــن

ئامڕازی نیشانەی قیامەتە..

* * * *

پێویستیم بە
ئەبووبەکرە،(عەبدڵای کوری قەحافە)
بۆکرینی کۆیلەکان
لە ژێر بێ ڕەحمی دەستی
ئومەیەو ئەبووجەهلەکانی ئەم سەردەمەیە
بـۆئەمەش کاتی
کۆچ کردنمان نزیک بۆتەوە
بەئاراستەی (مەککە) لەوێش بۆ شام
ئینجا ئێش و ئازارمان
کۆتادێت لە قودس

❊ ❊ ❊ ❊

لەقودسیش دەبێت
جوولەکە بێ دەنگ بکرێت
من ناڵێم ستەم لە یهودیەکان دەکەین
بەڵکو قورئان و سونە
چی گوتووە وادەکەین.

* * * *

موسڵمانان پێویستیان
بەسەربازێکی
وەک مــنە
بۆدینەکەم
لەپێناوی
خۆم بەخت دەکەم

❊ ❊ ❊ ❊

چونکە ڕۆڵی
خۆ بەختیم زۆر بینیوە
ئەوەی من دەیکەم
لەفلیمەکانیش نەت بینیوە.
ئەمە بۆ خۆدەرخستن نیە
بەڵکوو سرووشتی من
وام پێدەکات.

ئۆکرانیا – کیڤ
٢٠٠٩-٠٢-٠٢

## ((لە ناو خوێنمای))

ئەگەر خۆت بە
پێنووسی من دەزانیت
دەبێت بــــزانیت
خودا ســوێندی
پێ خواردوویت
بەڵام ســــەرەتا
من پێنووسی تۆ بووم
من تۆم نووسیوە

❋ ❋ ❋ ❋

بە ویژدان و بەخوێنم،
بەسەدان خەونی پەمەییم
پێت بینیوە

❊ ❊ ❊ ❊

باپێنووسەکانمان
ئاراستەی دوژمنان بکەین
قەڵاغانی ئەرزیان
بەگاسنی مەرگ
قەڵغانەکەیان بدرێنین..
باخەڵک هاندەین
بۆسەرخستنی دینی خودا..
بەهەرنرخێک بێت
بەرامبەر ئەم بێ نرخانە.

ئۆکرانیا – کیڤی پای تەخت
٠٩-٠٢-٢٠٠٩

## ((سپێسی عەشق))

خۆشەویستی
نیوان من و تۆ
ئـــــەهریمەن
بەینی خستە
نیوانـــــمان

❊ ❊ ❊ ❊

تەکنەلۆژیا وەک یاسا
بەسەرماندا زاڵبوو
بەخێرایی بۆتێپەڕاندنی کات
لەدەریایەکی بێ بندا
بەهۆی حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان
لەیەک وون بووین..
لەناو ئەم بازارە بێ بەزەییە دا
بێ ئومێدی بەرۆکی گرتووین،
بەچەقۆیەکەی
تاسەر ئێسقانی بردووین..

* * * *

بەهۆی ئەم نەشتەرگەریە
چاونەترس بووینە..
ئالەوکاتەدا
ئەوشتانەی بەکۆتاهاتن..
لەسەرەتادا
دیسان درووست بوونەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢-٠٥-٠١

## ((کات ژمێری مەرگی مرۆڤایەتی))

کاتژمێری
نزیک بوونەوەی
مەرگ و
تیا چوونی مرۆڤایەتی
بەم زووانە
کاتەکەی لەدەستی چەپە و ڕاستەی
دەستم دەکەم،.

بۆئەم کارەی لەمە گەورەترنیە..
بەهیچ شێوەیەک سڵ ناکەم
بۆئەوەی کۆتایی
بەم جەنجاڵیە بێت.

❊ ❊ ❊ ❊

ئەم کاتژمێرە
سوپرایزی ڕووسیایە
بۆ دەستی چەپەم
بەمە هەمووشتێک بڕایەوە،
جەنگی سێیەمی جیهانی
ڕووسیا چاوەڕێی
زستانێکی سەخت دەکات.
ئەمە شەڕی یەکلاکەرەوەی
تەمێ بوونی مرۆڤـــایەتیە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٠٢-٠٥-٢٠٢٢

## ((لەبارانیکی نم نماوی))

بـــــارانێک
لەڕەوشێکی
بێ ڕەوتی ئەم خەڵکە
بـــارانێکی نم نماوی
بـەویەکسانیەی خودا
هەمووجل و بەرگی تەرکردم
*　*　*　*

لەم شارە تەنهامن

تـــــەڕبووم

بەم تەریەش

هەستم بە ئازادی دەکرد

چوونکە چوومە

بەررەحمەتی

خودا..

لێرەدا داد پەروەری

خودا دەستی پێکرد

❊ ❊ ❊ ❊

لەگەیشتنی هەواڵەكانم،
ئەم بێ هەواڵیە
هەروەک وابێ
لـــــــەسارابم..
وەها بەئاسانی
لەم ئاپۆڕەیەدا
وون نــــابم،

* * * *

چونکە ئامانج مان
دیاری کراوە
بەردەوامین لەپەرستنی خودا
بۆ بەرز ڕاگرتنی خودا.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠-٠٥-٢٠٠٠



پلووکە بەردێک بەسە بۆشکانی ئەوەی نوێ

## ((ڕقی خودا بەرامبەر بازاڕەکان))

من بەرزیی و

لێژی لۆژیکی بازاڕەکانی جیهادم

بەرامبەر بەجیهان

❊ ❊ ❊ ❊

کرێچی کرێی،
سەربەرزیم
دەنگی زووڵاڵی
منداڵێکی برسیم
من باوک و
دایکی ڕاستیم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢١-٠٥-٢٠٢٢

## ((نامەیەك بۆ مەسعود بارزانی))

بۆ ئەوسەرۆکەی
پێش ئەوەی ماڵئاوایی بکات
لەم دونیایەی کە بەخێرا
خۆشیەکان تێدەپەڕێت،
بەراستی عیبە لە سەر جێگا بمریت

❊ ❊ ❊ ❊

تۆبۆئەوە درووست کرای
لە سەنگەردا شەهید بکرێت..
من هیچ گومانێکم نیە
لەوەی کەکەسێکی بەڕەوشتی
بەڵام من زۆر نیگەرانم
لە ودووڕوانەی لەگەڵتانن

* * * *

هەتا کەی وەک سەگی نارەسەن
ڕایان وەردەگرن و ڕایان دەگرن،
تێیان هەڵدەن تا تێیان هەڵنەداون
من بۆ بەرژەوەندی تەسکایەتیم نیە
وە بۆپاداشتیشم نیە
من خەمێکی گەورەی ئیسلامم
لەکۆڵناوە

*　*　*　*

ئەمڕۆ نیە دڵم سووتاوە
بۆ دین و کوردایەتیەکەم
من بەمناڵی زۆر
ڕۆڵی خۆبەختیم بینیوە
لەپارتەکوردستانیەکان

*    *    *    *

لەم سەکۆیەدا پێت ڕادەگـەینم

بۆسەرخستنی ڕەوتی ئیسلامەکەم

پێت دەڵێم وەک مامێکی من بـە

ئەگەر دەبیت بە ئیمامی حـەمزە

* * * *

وەرە لەگەڵ من
درێژە بەپلانی سەربە خودایی بدە
ئینجا
سەربەخۆ دەبین.
لــەسێبەری خـــەلافەتەکەم
لە داهاتوودا
وولاتان سەربەخۆ دەکەین،
ئەگەر ناتەوێت گوێم لێ بگریت
بۆئەم مژدەیە
ئەوە وەک ئەبووجەهل،
دۆزەخێک لەنێوانماندایە،
هیوادارم حەمزەبیت.

* * * *

وە نێچیرڤانیش خالیدی کوری وەلید بێت
بۆفەتح کردنی (مەککە)،
لە مەراسیمی حەج
دەرفەتێکی باشە
بۆکودەتایەکی پێچەوانە.
بەسەرکردایەتی محەمەدەی
ئێوە بەدوایدا وێڵ بوون

❊ ❊ ❊ ❊

لە داهاتوێک کە خودا
کاتەکەی دیاری کردووە..
بەردەوامین
لە چاوەڕوانی زەمەن و زەمانەین
کە خۆی بگەینێت
بەوکاتەی ئێمە دەمانەوێت.

ئۆکرانیا – کیڤی پایتەخت
٢٠٠٩-٠٢-٢٩

# ((فیلاربوون لەپێناوی ئیسلامەکەم ))

شارو وولآت بەدەری
دێوانەی عەشقی تۆبووم
عەشقی تۆبووم،
بێ جێگاو بێ ماڵ بێلانە و
بێ پەنابووم
بێ دایک و باوک
بی پشتی چیا
بێ نان و ئاوبووم
❊ ❊ ❊ ❊

وەک موسا

رۆژێک دادێ

ڕادەستی قەدەرێکی سەخت دەکرێم

❊ ❊ ❊ ❊

وەک عیـــسا
هەندێک لە هاوڕێ کانم
خیانەتیان لێ کردم
وویستایان لە هەرەمەکەی
فیرعەونی کورد
ئەوکاتی ئەگەر بۆیان
بچووبایە سەر
لەخاچیان دەدام
بەڵام بۆیان نەچووە سەر
هەربەهیوای ئەم خەونەن
جارێکی تربکەومە دەستیان

* * * *

ڕێی سەربەرزی
زۆری نەمایە
وەک سەربازانی خودا
بۆی دەردەچم،
لەشادەماری
بنەماڵەکەی ئالی سعودا
بدین بەیەکەوە..
ئەم خاکە پیرۆزە
ژیرانە بەویستی خودا
لەژێر دەستیان دەردێنین.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٢-٠٥-٢٠٢٢

## ((بـمبوورە))

بۆئـــــەوچاوەی
کـــەم دەخەوێت
وەک ئەوە وابێت
خوێیان لەچاوم کردبێت
بۆئەم چاوەڕوانیە
بەدرێژایی ئەم یەکترناسینە
لێت پەشیمان نیم

❊ ❊ ❊ ❊

چونكە تۆ شیاوی
هەمووكەسێک نیت
بمبوورە شەو وڕۆژ
ئۆقرەم لێ هەڵگیراوە

❊ ❊ ❊ ❊

باش دەزانم
خەمێکی زۆرت لەهەگبەداناوە،
زۆرجارمردنت پێ باشترە
لەدرێژەدان بەژانی ئەو ژیانە.

* * * *

بەهۆی من هەموو دونیات
بەسەردا ڕماوە..
پرسیاری منت بەردەوام لـێ دەكەن
منیش دەمەوێت پێت بڵێم
لەناو ئەم شەڕە جیهانیە تێوەگلاوم

* * * *

چەکی ئەتۆم بەسە
بۆیەکلاکردنەوەی
ئـــــــەم جەنجاڵیە
پاش ئەمە لەگەڵما دەبیت
وەک سێبەر نابێت بشکێیتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٢-٠٥-٢٠٢٢

## ((پێوەری بەرزونزمی))

ناوی من پێوەری
پەستانی بەرزوونزمی
حکومەتە لەرزۆکەکەی ( ئالی سعودە )
وەک ئێوە
سەربازانی پاشاکەتان
ڕۆژێک دادێ لیتان هەڵدەگەرێنەوە

*   *   *   *

بەڵام هەرگیز
بەبیرم نایت
وەک ئێوە
بێ ئەدەبیم کردبێت
بەرامبەر بە خودا
لەکاتی خۆیدا رێ دەگرین
بۆنەهێشتنی
یەکێتی بێ ڕەوشتانی جیهان..
منیش خۆم
ئاشکراکردووە بۆنەهێشتن تان

❊ ❊ ❊ ❊

بەڵام چ لە ناوبردنێک
مێژووش ڕووداوێکی
لەوجۆرە بەخۆیەوە نەنووسیوەتەوە
نزیکە بینینی..
ئەگەربتەوێ دەیبینیت.

ئیراق – کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠١٤ - ٠٧-٢٦

## ((دوای دوا ئیکلامی حکومەتی کوردی))

ئیکلامێک خەریکە
لەسەنگەردا
ئاکام یاخەی یەکەبەیەکە تان دەگرێت
کورد لکاوە

❊ ❊ ❊ ❊

بە ئێراقیێکی
شکست خواردوو
وکوردیش بەرامبەری شکاوە
لەلای شیعە مەسهەب
کورد وەک جنۆکە
بەشکاوی دەرکراوە.
ئەوە ڕوئیای بەشێک
لە شیعە و خەواریجەکانە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٥-٠٥-٢٠

## ((کەیسەری قەیسەری قەیسەر))

من.
قەیسەری کەیسەری
قەیسەری کات ژمیری
١٢ی تەواوی
نیشانەیەکی دەروازەی
قەیسەریم بۆ قەیسەرەکەی رووسیا،

❊ ❊ ❊ ❊

چەکی ئەتۆم

بەکاتی هەڵسانی قیامەت.

ئێوەش خەوتون

بە لەرزۆکی،

❊ ❊ ❊ ❊

سەیردەکەن و دانیشتوون.
زستانی ئەم دووکەڵەیە
هەموو دونیا دادەگرێت.
ئەمەش گەورەترین
سزای خودایە بەسەر خەڵک
بێ هیچ جیاوازیەک.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٧-٠٥-٢٠٢٢



جادوو لە مەقەسەکەم کراوە
بۆماوەیەکی دوور درێژ دەمی
نەکراوە ..

## ((ئـازارێـك لە ئــازادی))

ئەی ئازادی
لەوەتەی بووی بە ئامراز!
زیندانیەکان خۆزگەت
پێ دەخوازن
بە هەزارەها کەس
لە پێناوت کوژراوان
ئێستا خەریکە دووبارە
* * * *

خۆرەکەت هەڵبێتەوە،
ئەم جارە ئەگەربێتەوە
خۆرەکەت پێچەوانە دەبێتەوە
سەرتاپای جیهان دەگرێت
دەبێتە دووبەش
بێ باوەڕو باوەڕدار..
وەک ئاوێنە،
خۆتان تیا دەبینەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٣٠-٠٥-٢٠٢٢

## ((خـەریکە))

خەریکە هەمووشتێک
هم تێک دەچێت و
هەم لەناودەچێت و
هەربەمەش هەرگیزو هەرگیز،
وەک ناوی خۆم بێ وێنەیی تۆم
لە یاد ناچێت،
چاوەڕێی سووڕی ژیان دەکەم
پیاوێک
بۆقسەیەکی باش بێتەدەنگ،

* * * *

بۆئەوەی ڕازو نیازمان
یەک بخەین
بۆئەوەی مەودای ئەم
دووریە تێک بشکێنین
وەرە لــــەچاوی
منا خۆت ببینە
بزانە چ شۆڕەبی
ئەگەرمن لەچاوتا
خۆم ببینم دەبم بەچی

❊ ❊ ❊ ❊

وەک چاوانم شازو ئەزیزیت
پەیمان نامەی
عەشقێکی تازەیت
لەدڵماقەد کۆن نابیت
زۆر ئەزیزیت
هەرکەسەکەی جارانیت.
لەلای من وەک
وانەی بیرکاریت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٥ - ٠٨-٠٤

## ((بــاغــەڵ))

ئەگەرئەم جارە جلەکانم دووری
باغەلەکەی لای پێچەوانەی دڵم
دەدوورم وبەدەستی ڕاستم،
لەڕاستەم هـــــەرشتێکم
بوێت دەری دەهـــــێنم

❊ ❊ ❊ ❊

هەربەدەستی ڕاستیش،
چەپ ڕەوەکان بەشەرعی ئیسلام
مافی خۆیان وەردەگرن.
لـــــەکاتی حکومرانی.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٧-٠٦-٠٤

## ((بە فیشەکی فیراق))

بە فیشەکی فیراقت
بەشێک لە ڕووحیانەتی شیعرەکانت کوشتم
سەهەند ئاسا
ڕووم کردە دۆڵ و
دەشت و شار و وولاتی
خێر لە خۆنەدیوەکان
تا وای لێهات
سەگی نارەسەن
بە ئێمە ڕەوین و
تاویان دامێ

❋ ❋ ❋ ❋

بەهۆی بۆشاییەکەی
نێوان من و تۆ
تا دوو ڕووەکان
بە ڕووێکی شەرمەزاری،
ڕۆژی جەژنی
دۆڕاویان نیشان کرد.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٣-٠٣-٢٠١٢

## ((نـامەكانـم))

دەمەوێت نامەکانی

ئەویندار‌ی

لەبەرتا بدوورم

هێندە زۆرن هەمووی هەڵگیراون

بەدوورینێکی شەرعی

چونکە بێ وێنەی

بێ ڕکابەری

❊ ❊ ❊ ❊

نامەوێت نەکەس بتبینێت
نە بدوێنێت،
ئامانجم ئەوەیە
ئەمری خودا بەجێ بگەینیت،
بەردەوام بیت
هەتا دەمریت.
ئەم تۆبەیە لەدەست مەدە..
ئینجا بمریت
بەومردنەی کەشایستەیت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٢-٠٧-٠٤

## ((بێ وێنەیی لەچیرۆکێك))

خەونی نێوانمان
وەک پێچەوانەبوونی
خۆرهەڵاتە لەخۆرئاوا
چونکە کەس بڕواناکات
ئێمە بۆیەک بین
وەک هەموو ئامرازێک
پێچەوانەیە..

* * * *

هەرکەس بەجۆرێک
چیـرۆکی منت
بۆ دەگێڕێتەوە،
کەی خـــــــۆڕ
پێچەوانە بۆوە
ئینجا خـــــــۆم
بۆت دەگێڕمەوە
لەژێر سێبەری
عەرشی خودامان.

❊ ❊ ❊ ❊

هەزاردروود بـــــــۆ ئەم ڕۆژە
هەمووكات بەپەلەم بۆ هاتنی.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٣٠-٠٥-٢٠٢٢

## ((زیز بوون))

ئەی ئازیزترینی ئازیزان
دەزانم بەهۆی من زیزی،
ئەی ئازیزی خودای من
دەزانم سەرسام بـــووی

❊ ❊ ❊ ❊

بەهاتنی من..

لـــــەم ڕۆژەوە

هەمووشتێک

وەک خۆی نەما.

* * * *

دەمامکی دووڕوی خەڵک و
هەندێک بێ ڕەوشت
نێوان من وتۆی تێکدا،
بەڵام بۆ ئەم عیشقە
ڕازو نیازی ئەو شەپۆڵەین
بۆفەنابوونی
خۆزگەکانی دووژمن.

* * * *

ئەو ڕۆژەی تیایدا دەمرین
گرینگ وایە وەک ترسنۆکەکان
لەسەر جێگا نەبین.

ئۆکرانیا – کیڤ و ئۆدیسە
٢٠١٨-٠٤-١٦


ئەو زیندانە چەندەها چیرۆکی
بەرائەتی لە پشتە

## ((ئـیکلام بـۆنزیـك بـوونـی ئـاکام))

ئیکلامێک بۆئاکامی
پارچەکەی باشوری باکوری کورد
لکاوە بەچواردەوڵەتانی
تورک و فارس دوو وولاّتی عەرەب
من کوردم دەکردە دەوڵەت
بەلاّم کورد لە شانزەی ئۆکتۆبەر
بەهۆی توورە بوونی من
ئەم سەربەخۆیەی لە دەست دا

* * * *

بەڵام ئەم جارە ئەگەر لە خۆبایی نەبنەوە
ئەوە ئێمە دەیانکەین بە دەوڵەت
بەمزووانە بەخوایەکی کەریم
جیهان دەخەینە ژێردەستمان
حکومی هەرچوارجەمسەر
دەخرێتە ئەستۆمان.

❊ ❊ ❊ ❊

بەپشتیوانی ئەوخودایەی
کەلەپێناوی دەجەنــــگین،
هەتا دەمرین،
ئومێدم وایە قەد نەبەزین
چونکە لە ڕێگای سەربەرزین.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٤- ٠٢-١٦

## ((جامی جیهانی))

ئەوجامە
زەلیل بووە بەدەستی کورد
بۆبەرزکردنەوەی ئەم جامە
کێ یان بە دڵ بێت

❊ ❊ ❊ ❊

ئەودەیبات
دیسان لەسەرمان
لەگەرمی جامەکە
ئەم جامە بەرز دەکەنەوە.
ئای چ بازرگانیەکی
هێڵی چەوتی چەتەکانی ماسۆنیە
ئەوەی دەست نیشانیان کردیە..
هەرئەوەیە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢-٠٥-٠٣

## ((ئیرتیجال))

پلـــــــەوپایەی
کەسایتی دەست
نــــــیشانکراوە
لەلایەن خـــودا
بەشێوەی
ئیرتیجال نەبووە

* * * *

بەڵكو لەئەزەلەوە
لە لایەن خودا
کارێکی زۆر پوخت و دال بووە،
بۆهەڵگرتنی پەیامی پیغەمبەران
مەدلوولی ئیرتیجالیە کانتانـــم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢- ٠٥-٣١

## ((دڵ))

دڵــێک بەندبێ
بە خودا
ئەستەمە لەلای ئەهریمەن
فێڵی لێ بکرێت
بەمەش فریوبدرێت
ئەستەمە دڵگران و ئاڵوودەی
خەم بێت..
چونکە دەزانێت خودایەکەی
لە خەمەکەی گەورەترە
باکی نیە بەمە،

* * * *

ئەوانەی بـــــــۆخودا دەژین
هەردەم بەهیواو ئامانج دەژین
ئـــــــەم جۆرە ژینە
هەمووشتێكت جوان دەكات،
وە لەكاتی مردنیش
ئاسوودەی بۆ قیامەتەكەت.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٣١-٠٥-٢٠٢٢

## ((زریپۆشی بێ شەرمی))

ئەوەی زریپۆشی
بێ شەرمی لەبەرکرد
بزانە،
مووشەکی ئاڤان گاردی
ڕووسیش کاری تێناکات..

* * * *

نەوەک سەرزانشتی لۆمەکاران.
وە ئەم لۆمەکاریە
مافی هیچ کەسێک نیە لۆمەی بکات
تەنها خودا نەبێت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢١-٠٥-٠٢

# ((من کەلێن و بۆشایم))

من کەلێن و
بۆشایەکانی کاربەرێ کردنتانم
یەکێکم لەحەفتاوسێ
تیمەکەی موسڵمانان
زەنگی کەنیسەی
مەسیحیەکانم
بۆ گرتنی بەرۆکیان
کەعیسا ماوە
لەخاچ نەدراوە
وەک پێغەمبەرەکەی جاران
براوە بۆ لای خودا..

❊ ❊ ❊ ❊

دەستە واژەی ڕاستەکانم
بەهای هاوکێشەی
نیشانەکانی قیامەتم.
پێچەوانەی خۆرم لە خۆرئاوا.

* * * *

لەپێشم
بۆپێشڕەوی موسڵمانان
بۆکوشتنی دەجال.
دڵ خۆشم بەو
کاتانەی تیام
بۆ ئەمەش هێزوو(ئەنێرجی) و
پتەوبوونی ئەژنۆی موسڵمانانم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢١- ٠٣-٢٢


## ((دەردەدڵ))

دەردەدڵ لەگەڵ هیچ کەس
شیاوی باس نیە
تەنهاخودا
جێگای ئەو نەشتەرگەرییە
بۆلابردنی وەرەمی ئازارەکان،

❊ ❊ ❊ ❊

ئەوانەی جاران
دەردە دڵم
لەگەڵ دەکردن
لەسەدا نەوت و نۆ
دەرد دەرچوون
هیچیان پیاوی
خودا نەبوون
پێچەوانەی دەرمان بوون.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢١--٠٣-٢٢



پێکهاتەیەک لە جیاوازی

## ((تێك شكاو))

هێشتان تێک
نەشکاوم وەک لق و
پۆپی رێکخراوەکانتان
لەجەنگی سارد و
پاشماوەکانتان
بۆسوتان و
گەرمکردنی دۆزەخەکەتان
هەربەگەرمی ماوم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢١-٠٣-٠٩

## (( چایەکی بەڕەنگی جیهان))

چایەکەتان بەڕنگ بێت
یان بێ ڕەنگ
بەڵام هزری دانیشتنەکەتان
لەبنەڕەتابێ دەنگە..
دەروونتان پڕ پڕە لە دووڕوویی
بەئاشکرا پێتانەوە دیارە

* * * *

لەلای دەزگایە،
سیخورەکانتان هاتوون
لەناو ئەم بەڕەنگ و
بێ ڕەنگیە
تێوەگلاون
لەدەنگ وهاواری من.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢-٠٦-٠١

## ((بەرەو كوێستانەكەم))

ژيـــــان سەختی
ئێمەی دياری كرد
كەلێرەش بەدواوە
بـــێ وێنە بژيم
تـــــا ئەو ڕۆژەی
دەبێت چۆنبم
* * * *

بـــەرەو زەنگی
گەڕانەوەی ڕەوەندەکان
بۆکوێستانەکەم
دیاری دەکـــەم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٠-٠٦-٠١

## ((دیـجـلەو فورات))

ئەگەر سەرچاوە
دارایەکانم ووشک بکەن،
منیش ئاوی ( دیجلەو فوڕات ) تان
لێ ووشک دەکەم،
ئەمەش یەکێکە
لەنیشانە گەورەکان
بۆدەرکەوتنی ئەم چیایە زێرە
دڵخۆشم بەدرکەوتنی
بۆهەژارەکان
لەڕێگای محەمەدی مەهدی.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢-٠٦-٠٥

## ((داخ گران))

ئەی داخ گران
داخ بووم بەهۆی تۆوە
بەکەلە ڕەقی
هەردووکمان
بە بەهای نزم بوون و دابەزینی ئەم بازارە
نەبووین بە کۆیلە

* * * *

فاریزە کەوتە نێوانمان
بەیای کۆتایی تەواو نەبووی
بۆیە بەسەرگەردانی ڕۆیشتی
چوویە ژێر باڕانی بەکوولّی
چاوە بێوارەکەم
ئەم چیرۆکـەیە
زۆری لێکردم
بەبێ گۆڕانکاری بمێنمەوە.

ئێراق–کوردستانی باشوور–هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢-٠٦-٠٥

## ((ڕێـدار))

لەم وولاتە دەبێت
وەک ڕادار بیت
نەوەک وەک رێدار
نەتوانێت لەڕێگاکەی
دارێک بۆ قیامەت بچێنێت
سەرت بخورێنە بۆ
دارێـــــکی بەبەر
نەوەک تەنها بۆسێبەر

❊ ❊ ❊ ❊

مەرجی بیرکردنەوەی
ئەندازەی چاندنەکەت
لەدارێکی بەبەر
وەک خۆت بەرهەم داربێت
وەک ئەم سەرۆکانە نەبێت،
کەتەنها بۆ سێبەربێت..
کەتەنها بۆ سێبەربێت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢-٠٥-٠٦

## ((فەرمان کردن بەبا))

بێ وەستان لەهیچ
بازگەی ئاسمانەکان
تایبەتانە ڕاستەوخۆ
سەر بـــــەخودام
هەرکاتێک پێویستم
بە بابێت بەشەپۆڵ
دێنە ژێر فەرمانی خوداکەم.
چیمان بوێت دەیقەومێنین..
لەژێر ڕەگا دایدەتەکێنین.

ئێراق–کوردستانی باشوور–هەولێر ویژگەی چاوەڕوانی
٢٠٢١–٠٦–٠٤

بخوێنەوە با ببیت بە خوێندنەوە

## ((بەهۆی دابڕانت))

بەهۆبێ یان بێ هۆ
هیچ مانای نیە
ئەم عیشقە بێ توو
خۆت لێم لامەدە
من هەرلەگەڵ تۆم
هەتا ترپەی دڵم
دەوەسێت کەبێ تۆم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٤-٠٨-٠٧

## ((مەكری ماسۆنیەت))

سیخورێ كیان نـــارد
ووتی پشتم وەرگەرایە
منیش ووتم وولاتەكەت
سەربەخۆیی دەوێـــت،
بۆلای ڕست بێت یان چەپ
بۆچـــــاك بوونەوەی
دووبارە ١١ی ئازارەكەی
ئازادی دەوێت.

❊ ❊ ❊ ❊

پەروەردەکــردنی
ئەم ئازاد خوازانە
کەسێکی خۆنەویستی دەوێت.
دەبێت وەکوو وەسفەکەی
محەمەدی مەهدی بێت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٥-٠٢-٢٠٢٢

## ((سەرخەران))

هەرسەرخەرێكی دین
لە سێبەری دین
خۆی قەڵەو كرد
ئەوە بێ گـومان
بزووتـنەوەكەی
هـــــەژاردەبێت

* * * *

وئەگەر
هەرسەرخەرێکی دین
ئارامی گرت
لەسەر سەرخستنی دین
ئەوە ئێکس پرێس
دین سەردەکەوێت.
باروگوزەرانی حکومەتەکەی،
باش دەبێت.

ئێراق–کوردستانی باشوور–هەولێر ویژگەی چاوەڕوانی.
٠٦-٠٥-٢٠٢٢

## ((دەوڵەتـی كورد زۆزان))

سرووشتی بەهەشتی
ئەم بەهارەكورتەی
كـــەتۆم تیا ناسی
پڕبوون لەوخەفەتانەی
كە چێژم لێیان وەردەگرت
بۆن و بەراتی هـــــەڵاڵەی
ئەم گوڵەی كە بۆم دانایت
لە ناونامەكەم كە دونیایەك
ئومێدی تیابوو
ووتم دووبارە سەوز دەبیتەوە
ئەگەرەكانی ناوئەم نامەیە

زۆر بەهێز بوون

بۆگەرانەوەی ئەم ڕووە پاکەت.

بەڵام بۆ گەرانەوەی ئەم وەڵامەیە

دڵم لە دڵی منداڵێکی بێ ناز ناسکتربوو

کەکاتێک دڵت شکاندم..

دوای ئەمە

دەنگم تێکەڵاوی میلۆدی خەم بوو..

* * * *

چەندەها شیعرو گۆرانیم
چریوە بۆ ناوی تـــــــۆ
چونکە بووی بەنیشتیمانێکی داگیرکراو
بەناوی نیشتیمانی (کورد زۆزان)
لە داهاتوودا ئەگەر کوردستانمان
ئازادکــــــرد،

❊ ❊ ❊ ❊

ئەوە ئەودەوڵەتە دەبێتە (کورد زۆزان)
بەمەرجێک ئەگەر بێیتە (مەککە)

* * * *

بۆدرووستکردنی
دەوڵەتێکی پان و بەرین
کەهەمووقاڕاکان
لە ئەستۆی خۆی بگرێت
بەسەرکردایەتی پێشەواکانتان.
لە هەموو نوێژێکی بەکۆمەڵ
ئەوەی منی دەوێت
بابێتە ڕکن و مەقام

ئێراق – کـــورد زۆزان– هەولێر
٢٠١٧-٠٦-٠٥

---

تێبینی: ئـــەم داواکاریە بگات بە دەستی ئەندازیارانی نەخشە ڕێگای دەوڵەتی کوردی لەسەر دەستی(دەوڵەتی کورد زۆزان) و(عەبدوڵا عەلی)کەلەڕابردوو بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێربوو،

هزری ئەم کتێبەی بەردەستان وەک نەخشە ڕێگایەکە بۆ دەست نیشان کردنی ئامانجێکی گەورەی دەوڵەتداری دوورمەودا، کارکردن لە سەر ئەم نەخشە ڕێگایە گەورەترین ژیریە بۆ کورد، من وەک ئەم سەربازە خۆبەخت کارە شیاوی ئەم سەرسەختیەم لەلای خوداوە، خوداش ئاگادارە بۆ ئەم ئامادەکاریەم، پێم باشە کاک مەسعود بارزانی و عەلی باپیر و پاڤڵ تاڵەبانی و تەواوی بەرپرسەکان باکار لە سەر ئەو هێڵە نەپچراوەی ئایندەی دەوڵەتداریە بکەن، بە پشتیوانی خودایەکی گەورەی دەرووکراو وبەخشندە.

## ((جیهان و ئایندەی ڕاپەرینێك))

سێ بەشی جیهان
بەهۆی سەفەری
بیابانی ناوچەی حیجازی
دوورگەی عەرەبی سەرقاڵن
لەترسی گەرانەوەی خەلافەتی ئیسلام
بۆئەم موژدەیە ئیسلامیەکان
دەستیان لە ژێر سەری عیلمانیەکانە
بۆگڵۆپی سوورو سەوز
لە کوردستان پارتی دیموکرات

مامۆستای قیامەتیان

بۆچاودێری من داناوە

جگە لە ئەستێرە

دەستکردە کوشندەکە..

کە بازگەکەی بەدەستی پارتیە..

هەمووپارتە سیاسیەکانی عێراقی و

کوردستانیەکانی

بەم هۆیە ڕاگرتیە..

بۆیە ڕەوشی ئێراق وجیهان

لە دەوری خۆیدا چەق بەستووە،

شانەی ئەم گرێ کۆرەیە

❊ ❊ ❊ ❊

بە دەستی ئیمامی مەهدیە،

هیچ کەس لەم کەسەیە دادپەروەرتر نیە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر

٢٠٢٢- ١١- ٠٣

---

تێبینی: بۆئەم ڕەوشە بێ ڕەوتە هەوڵدان بۆ چاکسازی وولات وووڵاتان ڕێگاچارە ئەوەیە دووبارە کاربکرێت بــۆ درووستکردنی نەخشەی هەیکەلی حکومەتی خــــەلافەتی ئیسلامی لـــە سەردەستی (ئیمامی محەمەدی مەهدی)، و (عیسای مەسیح) لە ڕێگای ئەمانە دادپەروەری و بەختەوەری دەگەڕێتەوە

# ((ڕێگای شاولەکەی حەسەن بەنا))

بـــــەهۆی
خاکیەکەتەوە هێشتان ناگەیتە حەسەن بەنا
چونکە ئەو لە زیندان مرد
مردنەکەی بۆئەم سەردەمەی تیابوو
دەگونجا بۆ ئەم پێشەوایە..

* * * *

بەڵام ئێستا لەو سەردەمەی تیای دەژین
هەقی ئەوە نیت
یەک سەرخۆت بدەیتە بەردەستی مردن
ئەی کرێکار
ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئازادی زۆر نزیکن
تۆبەسودفەی عیلمانیەکان گیراوی
بەحیساب تۆ کوری یەکی ئایاری

* * * *

بەڵام تۆ ئەی کریکار
پەروەردەی خودا و پێغەمبەرێکی گەورەی
ناکرێت بۆ ئەم زیندانە
خۆت بچووک بکەیتەوە.
چونکە تۆ بەتەنهانیت
موژدەکەت وەک پێغەمبەر یەعقوب
گەڕانەوەی جوانترین
خەلافەتی ئیسلامی لەگەڵە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٣١-٠٦-٢٠١٣

---

تێبینی: ئەم شیعرە پێشکەشە بەبرای خۆشەویست مامۆستا کرێکار کە لە یێکێ لە زیندانیەکانی ئیتالیا گیری خواردووە بەدەستی ناحاڵیەکان و دوژمنانی ئیسلام، هیوای بۆ دەخوازین لە ئایندەدا لە سەر دەستی رابوونێکی ئیسلامی جیهاد و جیـــهانی

ئازاد بکریێت وەک تۆمەت بارێک نەوەک تاوانبار وداواکـــــارم وەک ساڵی ٢٠٠٩ ئەنساری ئیسلامی بگەرێنەوە بۆ نـــــاو حکومەتی کوردی کە من هۆکاری ئەم دیاردەبووم لە نیوان عــیلمانیەکان و ئیسلامیەکان کە لەم کات دکتۆر بەرهەم ســـــەرۆک وەزیران بوو، ئەنساری ئیسلام بێ هەڵبژاردن چەند کورسیەکی بەدەست هێنا وە لە کاتێکا من لە زیندان بووم و لـــــە ریگای (گۆگڵ ئیـرس)، سەرپەرشتی بالآنسی سیاسەتی ناوخۆو جیهانم دەکرد بــــێ ئەوەی لە ناو زیندانیان خۆم بەدەربخەم کە من کەسێکـی وام بەڵام لە ڕێگای ئەم ماوە دووروو درێژەی لە زیندان مامەوە کە ساڵێک و شەش مانگ بوو ئەمەش بۆئەوە بوو لە هەموو ڕووەکان بەهۆی من ئەو ئەستێرە دەستکردە تاقی بکەنەوە هید..
لە ڕێگای چاو و دڵ و فۆنەتیکی زمان توانیم کۆنترۆڵی حکومەتی ئێراق و کوردستان و جیهان بکەم بەڵام بـــەهۆی کارە سەر سورهێنەرەکانم توانیم ئەوەی لە نـــاو خەیاڵم بوو کردمە واقیع، وە لەڕێگای ئەم پەیوەندیە بەردەوام ڕاو بۆچوونمان دەگۆڕیوە بەهەمان شێوە ئەمە بۆ من سەروەتێکی گەورە بوو بۆ تێگەیشتن لــە نهینیەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە کە پڕپڕە لە زامنکردنی ئاسایشی نەتەوەیی کە هەموو زانستەکانی لە خــۆی دەگرێت کە زۆرانێک لە کەسایەتی ناوداریان نارد بۆ زیندان بە مانای تۆمەتی جیاواز جیاواز بـــــــەڵام توانیمان ڕاو و بۆچوونەکانمان ئاڵوگۆر بکەین بۆ نموونە برای عەبدوڵا ئۆجەلان (فەرهاد ئۆجەلان) وەک نوێنەری پەکەکە کە بەیەکەوە زۆر ماینەوە هید..
وە تەلەفیزیونیش دەورێکی باشی دیت بۆ ڕاڤەکــردنی ئەم سیاسەتەی بەرامبەرم دەکرا لەزیندان دەمتوانی بە زۆر ئاسانی بیبرێنمەوە بە هاتنی خەونە پەمەیەکەی چرای دڵ بەڵام زانیم

ئەوكات ئەگەر بمبڕاندباوە ئــــەوە ئامانجە ئیستراتیجیەكەم لە كیس دەچوو كە سەرخستنی دینەكەمە لە دوورگەو بیابانی عەرەبی بەڵام بریــــارم دا لە ڕووی هزرو تێرامانیكی حەكیمانە باڵانسی بەدەست هێنانی هەموو ئامانجەكان بەدەست بێنین بە پشتیوانی خودایەكی زاڵ و بەدەسەڵات...

## ((جوولەکە))

جوولەکە بۆتە
جووجەڵە
وەک هێلکەی ئەژدیهاکان دەپرووکێن
دونیایان داگیرکردیە
هیچ ڕۆژێکی
ڕۆشنیان نەهێشتیە
بەهۆی ئەمان
هەموو دونیایان
تاریک کردیە.
بۆگەڕانەوەی
تیشکی ئەم ڕووناکیە
عیسای مەسیح و محەمەدی مەهدی
کۆتا شیکاری ئەم چارەسەرەن.
لەوێش هەتا دونیا مایە
فاتیکان شەرمەزارتانە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر ویزگەی چاوەڕوانی ٠٠:٠٠

٢٠٢٢-٠٦-٠٧



بۆکۆچی باڵندەکان نامەکانم لە ناو لەپتە

## ((خۆراكی ئـاغـاكـان))

عبدوڵای كوری
سەلوولەكەی
سەدی بیست و
یەكی ئەمڕۆ
بە پیلانێک
ڕووداویان خستە
پێش ڕووداوەكانی من

❊ ❊ ❊ ❊

خۆیان یەک خست
ویستیان بمکەن
بەبەشە خۆراکی
ئاغای ئێراقیەکان
هەرچی دەکەن بۆیان ناچێتە سەر
منیش بەئاسانی نابڕێمەوە
هەتا ئەوان دەبڕێنەوە.

ئێراق –کوردستانی باشوور –هەولێر ویێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢- ٠٦-٠٧

## ((پارتێکی هەڵوەشاوە))

ئەوەی دەیەوێت
بەزەبری زەنگی
کەنیسەکان
کفتەکەم بخوات
داوەشاوەیە
وەک بەڕەکەی بنم

* * * *

بەهەموو ڕەنگ و
پێکهاتە کانی
بێ کۆنگرە
وەک پارتێکی هەڵوەشاوەیە.

ئێراق–کوردستانی باشوور–هەولێر ویژگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢-٠٦-٠٧

## ((كرینەوەی كۆیلەكان))

دوای بەیان كردنی
دینەكەم،
بتان كڕمەوە بە پارەی ئەبووبەكر
وەک كڕینەوەكەی بیلالی حەبەشی
لە ئومەیە و ئەبوو جەهلەكانی،
ئەم سەردەمەیە.

عێراق –كوردستانی باشوور–هەولێر ویێزگەی چاوەڕوانی
١٧-٠٣-٢٠١٤

## ((ئیسلام و غوربەت))

عیشقی پاکیزەت
ئەگەرچی لەسەرەتایەکەی
سەری نەگرت
بزانە خەونەکانت
گەورەن لەئاستی باڵان
بۆیە کاتژمێر و ڕۆژ و
حەفەتە و مانگ و ساڵ

* * * *

وادەزانیت کاتژمێریکە پێش وازیت لێکردیە،
باسی خۆت کردووە
بۆخۆشەویستەکەت،

❊ ❊ ❊ ❊

ئەم دەستە باڵایە
دەستی هەموولایەکی تیابووە
بۆئامادەکردنی ئەمارەتێکی جیهانی
لەڕێی ئەم عیشقە
زۆرهەواڵیان پێ گەیشتووە.
دەوری خۆر و مانگیان گرتووە.

ئێراق – کوردستان – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی،
٢٠٢٢-٠٦-٠٩

# ((ئیرتیجالی شانۆکار))

جێگای ئومێدێک
بەدی ناکەم
بەرامبەر ئەو ئومێدانەی
جێگای ئومێد نین
سینە پڕپڕن لە
بوغزووکینە
ئومێدکم دەوێت
تازەلە دایکبێتەوە بە تۆبەیەکی گیرا

* * * *

تا سەرتەختی شانۆکەی
بەئاسانی چۆڵ نەکات.
بۆسەرخستنی
پەیامە ڕاستەکەی.
پێویستی بەکات و
دەرفەتە بۆگەیاندنی ئامانجەکەی.

ئێراق – کوردستان – هەولێر ویێزگەی چاوەڕوانی.
٢٠٢٢-٠٦-٠٩

## ((ڕۆژنـامەی ڕێگای كوردسـتان))

بە هەموو
یەكێتی نووسەران
پیلانیان داڕشت
لە ژوورێكی لاكیشە
ویستیان بیكەن بەكێشە
پاش بەخێر
هاتنێكی گەرم

* * * *

دەستم برد بۆ
ڕۆژنامەی
ڕێگای کوردستان
بۆئەوەی پیلانی
یاریەکەیان هەڵوەشێنمەوە
ڕوو بەڕوو بوین
سیاسەتی دانیشتنەکەمان
هونەربوو
پیلانەکە خواردنی چایەک
لەگەڵ خوێندنەوەی

* * * *

ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان
لە بەرامبەر هەردوولامان بوون
تا ئاغاو شوعیەكان
لەرێی ئەم یاریە
یەك بگرن لە دژی
ئیسلامی ڕاست ڕەو..
بەشكستی ئاغاكان،
یاریەكە كۆتایی پێهات.

ئێراق – كوردستان – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی،.
٢٠٢٢-٠٦-٠٩

## ((نەوتی چراکانمان))

هەردەم سەری ساڵی
هیجری هیجرانمان پیرۆزبێت
ئاسمانمان بە رزقی
خودا بەرەکەت داربێت
دوای نزایەکی
وەرگیراو.
ئاواتمان بەدی بێنە

❊ ❊ ❊ ❊

دوای ماڵئاوایی لە کارەبا

چراکانمان بێ نەوت نەبێت.

ئاواتمان بە دی بێت.

بەخێربێت گەڕانەوە بۆ زەمەن..

بەخێر بێت گەرانەوە بۆ زەمەن.

ئێراق –کوردسانی باشوور–هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی

٢٠٢٢-٠٦-٠٩


قیامەتی گەورە هەڵناستێت ..
تا عاشقان هەڵنەستنەوە
شیعرەکانی فەرید تەنیا

## ((ژمارەی ڕاستەقینە))

کات ژمێر ۲۱ بیست و یەک
تا کابینەکەی پەرلەمان و
حکومەتی کوردستان
هەڵنەوەشێتەوە
ئەوە ئەم ژمارەیە
پێچەوانە نابێتەوە

❊ ❊ ❊ ❊

ئەوەش ترسە لەکات
ژمێر ١٢ی تەواوی
بە کاتی جەنگی جیهانی سێیەم
بۆهەڵسانی قیامەت.

ئێراق –کوردستانی باشوور- هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٠٣-٠٦-٢٠٢٢

# ((چاوەكانـت))

چاوەکانت گەشن
وەک ئەوگوڵەن هەرگیز
جوانی وبۆن و بەراتی تەواونابێت،
جوانیەکەی تەنها
بەمن وەسف دەکرێت،
وەک زەرد ونارنجی ئێوارانی
کە جارێکی تر
ئەم خۆرە هەڵنیتەوە

❊ ❊ ❊ ❊

لە خۆرهەڵات..
ئەشێت بۆ من پێچەوانە ببێتەوە
تۆ ئەو هەویرەی
ئەوەندە ئاوت ناوێت.
و هەویرێکی هەڵاتووی بۆ نان..
وەک فرن دڵم دەسووتێت
بۆ نانی ئێوارانی بەشێک لە منداڵان.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢-٠٦-١١

## ((گڵۆبـاڵۆیـزم))

مۆژدەی شەپۆڵێکی
گەورەی ترسناک و لەناوبەرم
گڵۆباڵۆیزمی سیاسی
پەک دەخات

* * * *

یەک یەک یاخەتان ناگرم
چونکە بەشێکی زۆر لە ئێوە
لەگەڵ گەورەکانتان یەک جەستەن،
وەک یەک جەستە
مامەڵەتان لەگەڵ دەکەم..

❊ ❊ ❊ ❊

ئەوەی نیەتی
سەرخستنی خودا بێت.
بێگومانبن خودا،
هەرسەری دەخات.
لەکاتێکدا
خوداو پیغەمبەرەکەت
لە خۆت خۆشتربوێت.

ئێراق –کوردستانی باشوور –هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢-٠٦-١١

## ((خودا سەرخە سەرت دەخات))

شیاو ترم
بۆ سەرخستنی دینی خودا
زۆر جار لەسەر خودا
خەتابار کراوم،
دراوم بە دادگا.

* * * *

زوڵمی گەورە گەورەم لێ کراوە،
تەنها خودا
لەوزاڵمانەی دەربازکردوومە..
چاوەڕێی،
ئەم سەرکەوتنە گەورە بکەن،
لەخودا وەک میراتی بۆئێمەماوە،
هەرئێمەین براوە.
تیری مووسڵمانانین
لە نێوکەواندا

❊ ❊ ❊ ❊

دوژمنانی دین
کەسیان لێ دەرباز نابێت
لە ڕووبەڕووی ئێمە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢-٠٦-١١

## ((فڕمانی لکاو، لکاوە بەلیکاو))

دەمم بۆجەنگێکی
جیهانی ئاودەکات
ووتیان ترشە دەمت ناگاتێ
پێکهاتەی ئەم خوانە
خواردنی منە..
دوای ئەم جەنگە
نۆرەی منە وشەڕی منە..
بۆپێداگیری وسەلماندنی
هەمووڕاستیەکان.

ئێراق -کوردسانی باشوور –هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
١٢-٠٦-٢٠٢٢

## ((دووری تیژی چاوەکان))

وەک هەڵۆ
هەردەم ڕۆشنایی
بڕینی پێوەری دووری
چاوەکانم بووی،
بمەوێت هەر
نێچیرێک بگرم
دەبێت گەز
لەدەسی خۆی بگرێت،
❊ ❊ ❊ ❊

تالەم تەنگانەیە قوتاری بێت،
ئەم ڕۆژە زۆری نەماوە بێت
بۆ زۆنی زەرد،
وەک زۆنی سەوزی لێ دێت
وەک ماڵێکی بێ خاوەن
هەردەمێ کەسێک گەورەیانە
ئەوکات نێچیرەکان
بەئاسانی ڕاوەدەکرێن

* * * *

بەکەم شتێکیش

وەک سەدام حوسێن دەفرۆشرێن.

ئەگەر چی هەتا زووە داوای لێبوردن

لە خەڵکی کوردستان بکەن.

ئەمە گەورەییە،

نەوەک بچووک بوون و،

چەمانەوە.

ئێراق –کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی

٢٠٢٢–٠٦–١٠

## ((چنینی دەوڵەتداری))

چنین و چاندنی
دrووست کردنی
چیایەکی سەخت
وەک دوای ناوبڕەیەک
❊ ❊ ❊ ❊

لە سەردڵی ڕەقت
گوڵێکی زەرد
دوای دابرانت
زۆنی سەوزو زۆنی زەرد
دەست نیشانیان کرد.

* * * *

یان دەوڵەتێکیان
بۆ درووست بکەم
بەناوی کوردستان
کەلەلای من (کورد زۆزان ـە)
ئەم مەرجە بێ دانیشتنە

❊ ❊ ❊ ❊

لەگەڵ سەرانی کورد
لەڕێگای چەندەها
ڕووبەڕووبوونەوەی تایبەت
لەڕێگای مانگی دەسکرد لەزیندان.
کێشەی کوردو جیهان بە گشتی.
هیشتان کۆتایی پێ نەهاتووە بەباسەکە.

عێراق – دەوڵەتی کورد زۆزان – هەولێر وێزگەی
چاوەڕوانی،
١٢-٠٦-٢٠٢٢

---

تێبینی : بۆکورد ئیمزاکردنی ئەم پەیمان نامەیە بەناوی دەوڵەتەیە بـــــەناوی کورد زۆزان تاکە چارەیە بۆ سەربەخۆی کورد.


پەڕینەوەی ئەم سنوورەیە زۆر بەئازارە

## ((پۆیلە ئاگرەکەی ناو لەپ))

بۆ ئەم پەیامەی هەڵمگرتووە
وەک پۆیلەی ئاورێ لەناولەپمایە
خەریکە دەستم دەسوتێ
بەری دەدەم دینی خوداکەم
لە دەست دەچێ،
داواکارم لە(مسعود بارزانی)
دەمەوێت وەک ئیمامی حەمزە بێت
هەڵگەڕێتەوە،
بۆبەیان کردنی پشتگیری پەیامەکەم
* * * *

لەکارە خراپەکانی پارتەکەت

ئێمە دەمانەوێت ڕەوتی خودا

بچەسپێنین لەسەرئەرز

ئایە ئەوە تاوانە..

* * * *

نامەوێت وەک ئەبوجەهل بیت
لەڕق وەک درک تێمان ڕابچیت
ئەوکات دەبیت بە باوکی نەزانەکان.
بەناوی ئەبووجەهلێکی ستەمکار
ئومێدەوارم
بێ دەنگ نەبیت حەمزەکەی کورد،
ببیت بە وورەی چەکەکەی (محمەدی مەهدی)
تا زووە خۆت یەک لابکەوە
دەتوانیت بە ئێمە بلکێت
نەوەک ئێمە بێینە ناو پارتەکەت،

❊ ❊ ❊ ❊

چونكە بەرلە درووست كردنی
دەوڵەتێكی سەربەخۆ
بە ناوی(كورد زۆزان)
گەورەترین شانازیە،
جیهان بە ئاراستەی ئێمە..
ئاڵای خۆی دەیاری دەكات،
هەرچی كێشەیە،
دەبێت كۆتایی پێبێت.

ئێراق – كورد زۆزان –هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٠٩-٠٣-٠٣

---

تێبینی: بەباشی دەزانین ووردبینینانە كارلەسـەر ئالیاتی هەنگاو بـە هەنگاوەكان كاری لە سەربكرێت بـۆ زەمینە خۆشكردنی دووبەرەی جیاواز لە جیهان...

## ((لە ئامادەباشی بە))

ڕووخانی بێ دەنگی
دەمێکە
ماڵە کەلاوەکەی
دەجالەکانی
وەک جاران لە یاری
درۆینەکانیان

* * * *

بەسورەتی یارانی ئەشکەوت (الکهف)
لەگەڵ هەموو شەوانی هەینی
دووشەش یان
لە دەست تۆپیوە
وەک کەلاکە سەگی خوانەکەیان

❊ ❊ ❊ ❊

دووشەشم خستە
بەردەستی
گرووپی بکوژ بکوژەکە،
ئینجا پێم گووتن
نەڵێن پێی نە گوتین..

* * * *

ئەم گرووپەیە
ئاڵا کەیان بەڕەنگی
جلەکەم دەیان ناسنەوە.
ئەگەرلەسەر سینەش بووی
بکەونە ڕێگا بۆلایان.

ئێراق – کوردستانی باشوور - هەولێر
١٤-٠٦-٢٠٢٢

## ((پڕاوو پارە))

پارە چیات بۆ
تەخت دەکات،
پارە دەوڵەتت بۆ لە
بن ئەرز درووست دەکات،

* * * *

پارە بیابانت
بۆسەوز دەکات،
پارە بەشێک لە
سەیرو سەمەرەکانی
ئاسمانەکانت پێ نیشان دەدات،

❊ ❊ ❊ ❊

پارە ناپیاوت بۆ پیاودەکات،
لەڕواڵەت،
ئەگەرعەشقی پارە
لەئەقڵ ودڵت بدا
بۆکاری خراپەکاری
گەورەترین سەرسەری و
خوێریت لێ درووست دەکات
لە کۆتایی دا

پارە گرینگە بۆ ئەوکەسانەی
کە دەزانن چۆن خەرجی دەکەن
پارە بەهەشتیشت بۆ
دابین دەکات
ئەگەر بە پیاوانە خەرجی بکەی،

❊ ❊ ❊ ❊

بەڵام ئەوەی بە پارە
نەکڕابێت ئەوە منم.
ئەوەی منی پێ کڕابێت
ئەوە خودا و میراتی پێغەمبەرەکەیە.

ئێراق –کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی.
١٤-٠٦-٢٠٢٢

# ((دایکێك لەسۆنگای ڕەوشت بەرزی))

فرمێسکی پێنووسەکەم
لە دەست دانی دایکمی نووسیوە
لە دوای باوکم
چۆن دەستی بەسەرئێمە داگرت و
خەونەکانی ئێمەی
بەدەستی من نووسیوە
دایکێک بوو پڕپڕاو پڕ بوو
لە پاراستنی شەڕەفەکەی
❊ ❊ ❊ ❊

دەمووت دایکە
بۆ ئەم جل و بەرگە
شپرێوانە بۆ لەبەردەکەی
دەیووت کوڕم
باکەس تەماحیم لێنەکات.
هەتا مرد هەر بە جوانیەکەی

❊ ❊ ❊ ❊

ماوە بۆلای خودا
من قەرزاری نموونەی
دایکی دایکایەتیم..
لە ناوتیرو هۆزی (ڕۆژبیانیەکان)
ناوت بە ژنە
بەرەوشت و ڕۆشمبیرەکە دەرکردبوو،
لەگەڵ ئەم هەژاریەش
چاوت چەند تێربوو

* * * *

بەردەوام دڵت وەک ئەستوکێکی
نەرم بوو بۆهەموولایەک..
هەتا لە ژیان بووی
ماڵ مان لانەی میوانداری بوو،
دەرووومان لەسەرپشت بوو
بۆهـەژاران،
ئێستاش هەمان هەرئەو خزمانەن

❊ ❊ ❊ ❊

کەنامان ناسنەوە.
دەڵێن تا ئێوە ژن نەهێنن
نایێنە ماڵتان
منیش نە ئەو ژنەم ویست نە ئەو خزماتیە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر ویزگەی چاوەڕوانی.
١٤-٠٦-٢٠٢٢

---

تێبینی: ئەم شیعرە پێشکەشە بە ودایکانەی نموونەی دایکایەتین بەتایبەت دایکی خۆشەویستم (بەهیە عەبدوڵا وسوو ڕۆژبیانی)

## ((محەمەدی مەهدی))

ئەی محەمەدی مەهدی
وامەزانە ڕۆڵی پێشەواییەکەت هێندە ئاسانە
بەوهەمووسەرکێشیەت
بێگومان بە
وەک پێغەمبەرەکەت
دەربەدەر دەکرێت.
لە ووڵات و شارەکەت

❊ ❊ ❊ ❊

دوورنیە وەک موسات لێ بێت
بۆ ئەم دەربەدەریەت هەمووی خێری تیایە
بە پشتیوانی کردنی پێغەمبەر عیسا
ئەم سەرکێشیانەی دێنە پێش
دەبێت تێیان پەڕێنیت
دەستگرتن بەودینە
گریان وماندووبوونی دەوێت،

* * * *

بۆسزای دوژمنانی خودا

دەبێت خوێن بڕێژرێت.

بۆ دوای ئەم جەنگ

ئاوبەدوایدا دەرژێت،

❊ ❊ ❊ ❊

هەمووشتێک دەکەین
بۆدرووستکردنی هەیکەلی ئەم خەلافەتەیە
تارێگای ڕاستەقینەی خۆی بگرێت،

ئێراق –کورد ستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢-٠٦-١٤

## ((دەستگرو دەستگیرکردن))

سیخورەکان وەک هێما
دەستیان گەیشتە
دەستگری چێشتی
هەرسێ ژەمەکەم
ویستیان بەو دەستگرە
دەستگیرم بکەن
لەسێبەری ئەم هێمایە.

*   *   *   *

ژەمەکانم بگوازنەوە بۆ زیندان،
بەڵام ئەم خەونەیان
بۆ نەچوە سەر
لەگەڵ فریشتە یەکی بێ تاوان.

ئێراق –کوردستانی باشوور –هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢-٠٦-١٦

## ((چونکە تەنها قسەم داوە))

وەک شەپۆڵێکی
تورِو توند،
ملم لە ڕێی زەریاناوە،
مردن یان ڕێگای بیابانی حیجاز
کات ژمێری سفریان داناوە..

* * * *

چونکە سوورم بۆ
بڕینی ئەم ڕێگایە،
لەبەرئەوەی
تەنهاپەیمان و قسەم داوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٦-١٢-٢٠٠٧


ئاگادار بن ئاییەنەوە !
مەبەست یاری لەگەڵ پاشاكانی جیهان

## ((عیشقێك بەدرێژایی تەمەن لەگەڵمادێت))

خۆشەویستی و
عیشقە کۆنەکەم هەرنوێیە لەلام
هەردەم تازەو زۆرتایبەتی
وەک ئەم دوو دەریایەن شیرین و سوێر
لە ناو یەکین
وەک ئامێزێکی تایبەت
لە ڕوواڵەت لەدەرەوەی یەکین
نەئاوێزانیش دەبین.

* * * *

هێڵێکیان کێشاوە لە نێوانمان
تاتێکەڵ بەیەکتر نەبین
تۆ دەڵێیت من شیرینم
منیش دابڕانی تامی سوێرەکەی دوێنێتم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێرویژگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢- ٠٦-١٩

## ((بۆن و بەراتت))

بۆن و بەرات
ڕۆژە ڕێگایەک دەڕوات
بە هاتنت
تەمەنی گەنجایەتیم دەگەڕێنیتەوە
هەرکە هاتیەوە
ئەم بەهارە
ڕادەستی هیچ وەرزێکی
دوای ئەم وەرزەم مەکەوە،

* * * *

لە وەرزی ئەم عیشقە
ئینجا هەموو ئەو هۆیانە
دەبنە مایەی بەختەوەری.
دواین داواکاریە
بۆگەڕانەوەی
ئەم دابڕانەیە
سزایەکەی لە لیل بۆ مەجنوون زیاترە..
دراماکانی نێوان مان،

❊ ❊ ❊ ❊

گشتی ئەمانەته..

هەمووی هەڵگیراوه بۆ قیامەت..

من دواین

شانست پێ دەدەم

بۆ گەڕانەوه هەرکاتێک که هاتیەوه.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر

٢٠٢٢- ٠٦ -١٩

## ((پێشەوایەتی))

وەک باپیرە گەورەی
فەقەی ئەحمەدی دارشمانی بابانەکان
بەمنداڵی فەقەی حوجرەکان بوومە،
وەک قوتابی لە خزمەت قورئان بوومە
هەربەمنداڵی وەک خەبات گێرێک
بیرم لە خەباتی دینی خودا کردووە،

* * * *

ئەم شەڕەفە پشت بەپشتی بابانەکان
سەرخستنی دینی خودا بە ئێمە ڕاسپاردرا..
ماسۆنیەکان
بە ناوی شێخایەتی تەریقەت
دەستیان هەبووە
لەپشت بەپشتی بابانەکان
بەدرێژایی حکومرانی
دوو سەدە و یەک ساڵ

❊ ❊ ❊ ❊

ماسۆنیەکان

گفتوگۆیان هەبووە

لەگەڵ میرنشینی بابانەکان

بەدرێژایی حکومرانی،

بەڵام من

باوەڕناکەم ئەم حکومرانیە

ڕادەستی کەسی تربکەم

* * * *

چونکە نیشانەکانی قیامەت
زۆر نزیک بووە
بۆسەرهەڵدانی پێشەوایەک
کورد و بابانەکان،
لە من زیاتر شک نابەن بۆ کەسێکی تر،
وەک خۆبەخت کارێک
لە مەیدانی جەنگێکی چاوەڕوانکراو
بۆئەوەی جیهان
بخەینە ژێردەستی ئیسلام..
بەحکومی خودا.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٠ – ٠١– ٢٦

## ((عەشق هیچی پێ نەهێشتم))

بەهۆی ئەم عیشقە
لەسەرتۆ
زۆربەی ئافرەتانەی لێم نزیک بوون
لە خۆم زوویرکردن
بۆ ئەوەی تەنها تۆ هی من بیت
وە منیش هی تۆبم
بەڵام وا هەست دەکەم
تۆباکت بەکەس نیە

❊ ❊ ❊ ❊

چونکە زۆرلەخۆبایی
و بەزەییت بەم عیشقە نیە
چونکە نانی ئەمڕۆم هەیە
نانی بەیانیم دیارنیە..

* * * *

ئەو ڕەوشەی
بەسەرمندا هات
تاقی کردنەوەیە
بۆهەمووکەسە
دوور ونزیکەکان،
وانەیەک بوون
بۆ ئەوکەسانەی
ڕۆیشتن لە ژیانت
بۆیەک جاریش ئاورت لێ نادەنەوە

❋ ❋ ❋ ❋

بۆ ئەوەی وێرانترت بكەن،
بەڵام تۆ یەكێكی لەو كەسانە
كە خودا نایانبوورێت
ئەگەر بەردەوام بیت
بە سەرەڕۆیەكەت
مۆرانەی ئەم سەرەڕۆیەت
هێدی هێدی سەرت دەخوات.
منیش لە دواتا،
ڕێگای ڕاستەقینەی خۆم دۆزییەوە.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٠٤-١١-١٢

## ((گڵپەی شیعر))

لەیەکەم نیگای
دەست پێکی
کردنەوەی گرێی
زمانت
بۆ شەنگەکەم
نیشانەکانی قیامەت هات،

* * * *

وەک خەدیجە بوویە
پشتی محەمەدی کوڕی عەبدوڵا
بەتەوەرەی ئامانجێکی گەورە
پێویستیم بە
خەدیجەیەک بوو

❊ ❊ ❊ ❊

تاخەدیجەی ڕاستەقینەم دۆزیوە
لێرەو لەویٚ
ڕاستیەکانی خودام بلاوکردەوە
بەتەنیا جەنگم بەرپاکرد،
لەدژی وولاٚتانی زلهێز
سەرەتا لەحکومەتی
بەعس دەستم پێکرد
تالەڕێی من
ئەمەریکا بەعسیان ڕووخاند
زۆرپێوویستایان
بە من بوو

❊ ❊ ❊ ❊

تالەریزی
ئەمریکیەکان کاربکەم
بەهەر ڕەهەندیک بێت
بەپارە هیچ کەسێک و لایەنێک
منیان پێ نەکرا
چونکە من لەسامان و سەروەتی ئەوان
کێشم وەک چیابوو،
بەرامبەر کۆگاکانی
زێری پاشەکەوت کراوەکانیان

* * * *

زۆر گرانتر بۆم کێشرا،
ئۆنسێک لە ڕەوشتی دینەکەم
بەشی ئومەتێک دەکات،
پێداگیریەکەی( عینادی )من
بەشی ئەم
سەرکەوتنە گەورەیەدەکات..
کەخۆم بۆئەمە هەڵگرتووە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٥- ٠١- ٠٢

## ((سەگی تۆپی))

تەواوی هەموو
مەردوومە بێ
ئەمەک و بەد ئابڕۆ و
سەهنەو بێ وەفاکان،
بە قوربانی تۆ و
عەشقی درۆینت دەکەم..
تۆش بە قوربانی
سەگێکی

* * * *

تۆپی دەکەم،
لەسەرشاکاری شەرمەزاری تۆ
بەسەدان شیعر
لەسەرت کۆپی دەکەم..
لەسەرت کۆپی دەکەم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٢-٠٣-٠٣

## ((ئـێستاو پـێشوو))

ئێستا و پێشوو
بۆ تێشووی عیشقە
شۆڕەبیەکەمان
پەیامی ئەم پەیمانە
ئەلف و بێ یەکی
لێ نەگۆڕاوە
بەڵام بۆبەجارێک
هزری ئەم خەڵکە گۆڕاوە

❊ ❊ ❊ ❊

دونیایان گۆڕی و دۆڕان
بەڵام من هیچ کات
هەوڵم نەداوە لە
خەڵکی ئەم سەردەمە بچم

* * * *

بێ وێـــــــــنەم
وەک بێ بەڵگەی
دوژمنانی خودا.

ئۆکرانیا – ئۆدێسە سەردەریای ڕەش
٢٠٠٧- ٠٦-٢٦




یاریەك لەناو دوورگەی عەرەبی لەگەڵ مككە و مەكیەكان

## ((میراتی من))

ئەوەی پێم ووتی
هەرئەوەیە
ئەم ڕەوشت و ڕاستگۆییە
بەشی ئەوەت دەكات
نەخوازەڵا
هەمیشە بێ منیش بژی
مانەوە لە ژیانی من،
یەكسانە بە ژیانی تۆ..

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٠٤- ٠٦-١٣

## ((ئاتاجی دەروو ))

ئەگەروەک ئەبووسوفیان
پەیوەندی کۆمەڵایەتی و
هێزی هزری ماددی و
دەرووی دارایەکانم لێ بگرن
ئەوە منیش (دیجلە و فورات) تان
لێ دەگرمەوە،

من هەرلەسەر قسەی خۆمم
چونکە دەزانم ڕاستم.
قسەکانم ئەلف و بێ یەکی
لێ نەگۆڕاوە،
بەڵام خۆبەدەست دانی ئێوە زۆری نەماوە.

*  *  *  *

من ڕێگای سەرخستنی
ئیسلامم گرتۆتەبەر
ئێوەش بەدوای کڵاوێکی
بابردوو کەوتوون
هەرچەندەکەن
بەو دۆزە چەوتە
بۆتان نادۆزرێتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢- ٠٥-١٢

## ((بۆشـایی وبـەدەن))

ئەگەر گوڵی خۆشەویستە
ڕاستە قینەکەم بیت،
لەسەر بەردیش بیت دەڕوێتەوە،
بۆ ڕوانگەی ڕوانەوەت
هەناسە گەرم و
پڕ لە حەسرەتەکەت
بەسە بۆ ڕوانەوەت،
بووین بەو ئارامیەی ئەیوب

❊ ❊ ❊ ❊

تارەگی ئارامی
ڕێی برینی خۆت
سەرلەنوێ
سارێژ بکەیتەوە،
لەناو هەموو ئەو
بۆشاییانەی بەدنیان نیە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٣ - ٠٩-٠٨

## ((زانستی ناسین))

لەوە دڵنیابە،
دەزانم هاتی بۆسەیری
پێشەوایەک،
لەخۆت زیاتر دەتناسێت،
بەرلەوەی خۆت خۆشکەی
لەگەڵت بدوێت
هەمووشتێکی دەزانێت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٣- ٠٨- ١٤

# ((مامۆستای وانەی منداڵی))

ئەی مامۆستا
بەرزو بەرێزەکە
تۆلەگەڵمابووی تامنت گەیاندە لووتکە
بۆ بڕینی ئەم ڕێگایە
ئینگلیزیەکی
بەریتانیت فێرکردم
من شایەدی دوارۆژم
وانە بێژێکی بێ وێنەی

❊ ❊ ❊ ❊

شێوەی مامۆستایەتیت
لە خۆرئاوا یەکان دەچێت
شێوازی وانە ووتنەوەت
وەک مامۆستا ڕووسەکانی
تاهەموو ڕۆژ سەختیمان ئاواکرد
گەیشتینە رۆژگارێکی
سەخت تر،
بەڵام هەرئێوە جێگای هیوابوون
ئێوە وانەتان
بەپێشەوایەک گووتووە
وەک برایەکی خۆتان

❊ ❊ ❊ ❊

سلاووتان لێبێت
ئەی ڕووناکی چاوان،
هیوادارم دەنگم بتانگاتێ
تابتوانم ڕۆژێک لە رۆژان
چاکەکانتان بدەمەوە
بەهیوای دیدار..بەهیوای دیدار.

ئۆکرانیا – کیڤی پایتەخت
٠٤-٠٢-٢٠٠٨

---

ئەم شیعرە پێشکەشە: بە مامۆستا نەریمان لــــــەبەشی ئینگلیزی لە هەولێر- کوردستان. و پێشکەشە بە مامۆستا تامارە دیمیتری لە وولاتی ئۆکرانیا و مامۆستا ئــــــۆلگەو مامۆستا ڤێکی سلاڤـ لە ئۆکرانیا.

# ((قەراری هـێزی عـەقڵ))

زۆرجار ئەم
فەرمایشتە دەووترێتەوە
کە موسڵمانی بەهێز
خێری زیاترە
لە موسڵمانی لەڕو لاواز
بەڵام لە نیشانەکانی
ڕۆژی دوایی

❊ ❊ ❊ ❊

یەکەم،

هێزی عەقڵ قەراردەدات

دووەم،

ئینجا هیزی جەستە.

نەخشەی ژیری

هەنگاوەکانی دەچەسپێنێت.

ئێراق –کوردستانی باشوور– هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی

٢٠٢٢– ٠٦– ٢٢

## ((بۆیەکی لەعەلیەکان))

بەرێز عەلی باپیر
ئەگەر بەراستی
ناتوانیت ڕۆڵی عەلی کوری ئەبو تالیب ببینیت
ئەوە واز لە ناوەکەت بێنە
لە کوردستانەکەی تۆ
لەناو هەموومحەمەدەکان محەمەدێک هەیە
بۆ ئەوەی پشتیوانی لێ بکەی

❊ ❊ ❊ ❊

بۆ محەمەدی
سەدەی بیست و یێک (٢١) ی
ئەم سەردەمە
ئەوە ناوی خۆت بگۆڕە بایەکیکی تر
بێتە جێگات وەک عەلی کوری ئەبوتالیب
* * * *

لەجێگاوماڵەکەی محەمەدی چاوەڕوانکراو
چونکە ئەبوو جەهلی ئەم سەردەمەیە
لە هەرتیرو هۆزێک
یەکیکیان داناوە بۆ
تیرۆرکردنی محەمەدی ئەم سەردەمە
لەکاتی کۆچکردن
بۆ ڕێنوانی ڕێگای خودا.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر ویزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢– ٠٦–٢٢


تامەزڕۆیی ئەم کەشە

# ((دزینی سەنگی کەسایەتی))

ئەوەی ویستی
یاری بەسەنگت بکات
بزانە بەنهێنی
فێڵ لەپێوانە دەکات
بۆ خودی خۆی
گران دەپێوێت

❊ ❊ ❊ ❊

بۆ لە لێدان لە
ناوبانگی ئەوکەسانەی
پێیان ناگات
بەردەوام دژایەتیان دەکات.

ئێراق –کوردستانی باشوور –هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢- ٠٦- ٢٢

## ((بەندایەتی))

خودایە گیان

بە ئەركوو مافی تۆمان

زانیوە كەپشتیوانی مان بكەی

پەیامەكەت سەربخەم،

چونكە قەدەر

بەئەندازەی

ڕاپەراندنی ئەركەكانم دەزانیت

* * * *

بەرامبەر ڕووگەی کارەکانم
کە یەکێکە لە ئەرکانەکان..
بۆ پشتیوانی کردن لەخودا
بەهەر نرخ و جۆرێک
بە نهێنی و ئاشکرا
بڕیارم داوە پشتیوانی دینی خودا بکەم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێرویژگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢– ٠٦ –٢٢

## ((ڕەنگی خەم))

بەیەک نیگا
ئەو گوڵەی لە باخەکەم دا ڕواوە
ڕەنگی زەردی منی هەڵگرت
پەیامی ئەم دابڕانەی سڕکرد
گوناهی تۆ بوو
هەموودونیامان تێگەیشت

❊ ❊ ❊ ❊

ئەم خەمە، بەخەمی خامەکەم
لە وێنای شیعرەکانمای
بەم خەمە
ئەو بێ کۆتاییە
دەنگی کپ کردم،
بۆئەم ڕەش پۆشیە
وەک خەبات گێرانی دینی خودا
هەتائێستا
هەرمن باجەکەی دەدەم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢-٠٦-٢٦

## ((بكوژی خەمەكان))

ئەی بكوژی خەمەكانم
لەكوێی بۆ كوشتنی خەمەكانم
بەچەقۆیەكەت
هەمووخەمەكانم
بكوژە وسەرببڕە

* * * *

لەگۆڕستانەکەی
پیرە پیرداود
لەتەنیشت
دایکم یان بشارەوە.
تابڵێن ئێرە شوێنی خەمبارەکانە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٧-٠٦-٢٠٢٢

## ((نـزاخـودايـه))

نزاخودايه نزا،
دوژمنانی خۆت
بكوژ بكوژه بەسزا
بۆ جەلاتی نێوزيندانەكان
باوەڕناكەم لە وان
بێ ڕەوشت ترهەبێت
چونكه كەميان
خودا و پێغەمبەردەناسن.

پێ یەکانمان
توونداوتۆڵکە.
بەم هۆیەش سڵمان نەکردووە
بەردەوامین لە نزا
خودایە نەمانخەیە ژێرحکومی سزایک
بەرگەی نەگرین.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢- ٠٦- ٠٢

## ((لەدەرەوەی یـاسـای گولّ))

لەوەتەی گوڵی شادیم
لە دەستی خائینان دیوە
گوڵیش وەکووجاران
مانای نەماوە،
چونکەلەپەنای ئەم گوڵە
درۆی زۆر گەورە کراوە
بەڵام گوڵە سوورەکەی من
بەسەدان شیعری
لەسەرنووسراوە..
چونکە خاوەنی
پێنووسێکی ڕاستگۆم

سرووشتی ئەم عیشقە داماوە
بەم شێوە هەتا ئێستا ماوە.
چەندجار لە خەستەخانە
نەشتەرگەری جوانی
مـەکری بۆکراوە.


ئۆکرانیا – کیڤی پایتەخت
٢٠٠٨- ٠٦- ٠٤

## ((فڕمێسکێك لەدەریا))

کۆتاکەی فیراقی
دواین ووشە بێ خاڵبەندی
پارێزگارێک لەناودونیای مندا
پارێزگاریان لە فاریزەی
دواین ووشە کرد
بۆدیدارێک دوای ئەم دیدارە،
بۆ دوای ئەمە
❊ ❊ ❊ ❊

گومانم نەبوو لەوەی
ئەم نێوەندە دەریایەک
فرمیسکی تیایە،
هەمووی هەڵگیراوە
بۆ قیامەت.

ئۆکرانیا – کیڤی پایتەختی
٢٠٠٨- ٠٦- ٠٤



ئامادەکاری بۆ کۆچ و یاریە چوار قۆلیەکان

## ((قوتابخانەی پێغەمبەران))

وەک پێغەمبەران
تاقی کرامەوەتەوە،
وەک پێغەمبەر یوسف
پروپاگەندەی گەورە گەورەم
بۆ هەڵبستراوە..
وەک پێغەمبەرئەیوب
ئارامیم گرت لە هاتنی قیامەت..

* * * *

وەک پێغەمبەر یونس،
چەندەها جار لە زیندانی
دەمی نەهەنگ (حوت) دەرهاتم..
وەکوموسا،
لەبەرامبەری فیرعەونەکان وەستاوم..
وەکوو ئیدریس،
چەندە هاجار جل و
بەرگی جەنگم دووریوە.

❊ ❊ ❊ ❊

وەکوو پێغەمبەر محەمەد
کە دوایین سجوودەیە
خەڵکم بۆ دینی
خودا بانگ کردووە..
وەکوو فریشتە ڕۆڵم بینیوە
هەموو کەسێک
دەتوانێت وەک من بێت
ئەگەر لەسەر ڕێڕەوی خودابێت.

ئۆکرانیا – کیڤی پایتەخت
٢٠٠٨- ٠٦- ٠٥

## ((چەكی ئەتۆم))

ئەگەر دوا وادەی كات ژمێری
چەكی ئەتۆم
لە دەستكەم
ئەوە دەبمە
دیلی دەستی هەموو دونیا.

* * * *

وهەموو دونیای ماسۆنیەکان
ئامادەکاری بۆدەکەن.
عینادی یەکەی من بەسە
بۆدوابریاری سەرکەوتن.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢٢– ٠٦–٢٨

## ((دۆزی دۆزەخیەکان))

لە دواین دیدارو
لەقوولایی بە یەکەوەبوون
کەناو برەیەکت وەرگرت
بۆئەمەبوو
بەلێوئاڵەکەت بگەرێتەوە
تابڕینەکە نویٚ کەیتەوە
وەک ناونیشانی بابەتەکە
خوێی تیابکەی

❊ ❊ ❊ ❊

هێندەی پێنەچوو

منیش لێوم ووشک بوو

بۆ درووستکردنی

قومێک چای دەستەکانت

بۆ میوانداریە ناوەختەکەم

میهرەبانی خۆت لەدەستدا

چوویە خانەی بێ وەفایی.

* * * *

بەهەشتەکەمان چۆڵ بوو
ناحەزانیش بە
دەستی گەزیویان
پڕو پڕبوون لەدۆزەخی دوایی
بەردەوام بووین
تادەقمان گرت بەم دابڕانە

* * * *

سەرەتاکەی سەخت بوو
ئەم دابڕانە
بەڵام ئێستا بیست و حەوت ساڵە
لەسەفەری فیراق،
ئەمە ڕێگامانە.

ئێراق –کوردستانی باشوور –هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٠٤– ٠٦– ٢٨

## ((كە بە بووكیان بردی))

كە بەبووک یان بردی
دەنگم کپ بوو
ڕەنگم ئاڵودەی خەم بوو
بێ هێزی لە هەمووشتێک
وەک شێرپەنجە
هەمووجەستەی داگرتم.

* * * *

ئەم بەیەک نەگەیشتنە
دەستی چەند لایەنێکی تیابوو
بەڵام قەدەری ئێمە
هەروەک هەورێکی ڕەشی
تۆقینی تۆفانێکی لە چاو بوو
ڕەحمەتی ئەم بارانە دواخرا
وەک مژدەکەی زەمانی مووسا!

❊ ❊ ❊ ❊

چەندەها حیکمەتی تیابووە
بەرامبەر خۆشەویستی
گەورەترین هەڵەی ژیانت
ئەمەبوو کە
بێ باکانە ڕۆیشتی
نەتزانی مانای خۆشەویستی
ئەم خۆشەویستیە
بەرژەوەندی تەسک تێکی شکاند
بە سزایەکی ناداد
منت پڕکرد لە خەم و
خەمیش کۆتایی پێ هێنام

❊ ❊ ❊ ❊

دوای تۆ ژیان مانای نەبەخشی،
من نەم دەویست وا زوو
ببین بە ژن مێرد
چونکە پێش ناسینی تۆ
قیامەت هەڵساوە
تۆش ڕۆڵی خۆت دیت
* * * *

وەک فاکتەرو ئەکتەرێک
لەگەڵ ئەوەی
یەکترمان ناسی
وهەموو دونیاش ئێمەی ناسی
وهەموو دونیاش ئێمەی ناسی.

ئۆکرانیا – پایتەختی کیڤ
٢٥ -١٢-٢٠٠٧

## ((کوردستان بوو بەدەوڵەتی کورد زۆزان))

پەیمانم داوە،
لە دوای گەرانەوەی
خەلافەتی ئیسلامی،
کوردستان بەناوی( کورد زۆزان)
لەسەر نەخشەکەیان
ئیمزای سەربەخۆییان بۆدەکەم
لە پەنا دەوولەتەکەی
محەمەدی مەهدی

* * * *

وولاَتیان ئازاد دەکەم..

پێش سەربەخۆیی

لای ئێمە

دەبێ سەربەخودا بن

ئینجا سەربەخۆدەبن.

* * * *

و بەهیچ جۆرێک
ستەمتان لێ ناکرێت
لەسەر هەرشتێک ناکۆک بووین
ئەوە دەگەرێینەوە
سەر بوونەوەریەکەی
یاسای خودا و پێغەمبەر
لە ژێر ڕۆشنایی فەرمانی خودا.

ئێراق – ( کورد زۆزان ) – هەولێر
٢٠١٣- ٠٥-١٩

---

تێبینی: کوردستان بوو بەدەوڵەتی داهاتوو بەناوی (کورد زۆزان) لە منەوە بابیێت بەپەیمان نامە لە نیوان من و کورد و فەلەستینیەکان کە دوای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لە سەرنەخشەی هەردوودەوڵەت ئەوە ئیمزای سەربەخۆییان بۆدەکەم بەمەرجێک پێش سەربەخۆیی، دەبی بۆ سەربەخودای خۆیان ڕاپرسی بـــــــکەن.

## ((وەفای سەگ))

لەگەڵ سەگ ژیاوم
دەزانم چەند بەوەفان
ئەگەر هەڵەیەكی كرد
سەری لەژێرپێت دادەنێت
بۆچاكردنەوەی هەڵەكەی.

* * * *


مرۆڤی وامان هەیە
هەڵی وادەکات بەرامبەرت
پێی تاوانە داوای
لێ بووردنت لێ بکات.

ئۆکرانیا – پایتەختی کیڤ
٢٩-١٢-٢٠٠٧

## ((وێنەیەكت))

وێنەیەک
لە ئاوێنەکەت
بۆم بچرکێنە
بۆ ئەوەی زۆر زۆر سەیری بکەم
تا لەچوارچێوەی
دیواری دڵم بدەم.
تا لە ڕاموسان و قوڵاییەکەی،
نێمە دەرەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٧-٠٧-٢٠٢٢



وەلامێك بۆ ئەستێرەی دەسكردی ( گۆگڵ ئێرس )
كە دراوە بەكورد بۆسیخوری كردن لە سەر یەكێ لە
محەمەدەكان وە بەشێكی تریان پالپشتی دەجال دەكەن .

## ((دووجەمسەری جیاوازین))

ئامێزێک بەقەد
دووری نێوان
ئەرزو و عەرشی خودا
نامەوێت ئەو مەودایە تەواو بێت
ئەوە چ بەزەییێکە
ئەگەرلەلای خودا
بۆمان چووە سەر..

❊ ❊ ❊ ❊

بۆ زەمەنی
دوور مەودای ئەم ئامێزە
تکام وایە لەناویەکدا زۆربمێنینەوە
لەبۆ ئەم بەیەک گەیشتنە
گریانێکی دەوێت
ئەودابڕانە دەبێت
لەکاتی گەڕانەوەی
هەردوو جەمسەری عیشق
جەمسەری (فەرید)و جەمسەری (زۆزان)
وەک ئەوەوایە خۆرلە خۆرئاواوە

* * * *

دووبارە هەڵبێتەوە

ئینجا بۆی هەیە بگەڕێتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر

٠٣-٠٧-٢٠٢٢

## ((ئەودووریە هەر نەبڕایەوە))

بەهۆی دابڕانت
بەقەد مردنی ئازیزەکانم و زیاتریش
بۆت شێواو وێران بووم،
هیچ شەوێک نەبوو
چاوم تەڕنەبایە بەهۆی تۆوە
لە وولاتی بەفر
چونکە ناخم لە لایەن تۆوە
داگیر کرابوو.

* * * *

دەنگم لە ئاست
بێ دەنگی تۆوە کپ کرابوو
گولاجی ئازار شکێنیش
کاری تیا نەمابوو..

❊ ❊ ❊ ❊

ئەو دووریە تێکی شکاندم..
ئەو دووریە ڕەنگی پێوە نەهێشتم..
ئەو دووریە فێری ئارامی کردم..
ئەو دووریە فێری خۆشەویستی
خودا تاقانەی کردم..
خوداش فێری خۆشەویستی
ڕاستە قینەی کردم..

❊ ❊ ❊ ❊

ئەودووریە وەک ئاسنی لێکردم
لەکورەی دوژمنانیش
بۆ کەس نە چەمامەوە.
ئەو دووریە چەندەها
بەڵای بۆ درووست کردم
بەڵام نەجاتم بوو لە هەموویان..
نەئەو دەسەڵاتە
بەئاسانی وازم لێ دەهێنن
و نەمنیش وازیان
لێ دەهێنم بە ئاسوودەیی بژین.

❊ ❊ ❊ ❊

ئەو دووریە خودایەکی
گەورەی پێ ئاشنا کردم
گەورەییەکەی لە
دووریەکەی نێوان من تۆ فراوانترە..
ئەو دووریە دڵی بە جارێک شکاندم
بۆ چاک بوونەوەی
قەراری خودای دەوێ

* * * *

ئەو دووریە فێرە
ویژدانی کردم..
لە ئاست هەژاران و
بێ نەوایان
دڵم وەک
ئەستووکێکی نەرمە بۆیان..
ئەودووریە
بۆسەفەرێکی یەک لاکەرەوەیە
شیاوی شکۆی جیهان
لەحیجازی دوورگەی عەرەبیە،

❊ ❊ ❊ ❊

بۆ ئەو دووریە
کەس بە سزای
ئەو دووریەم ڕازی نە بوو
بەڵام هەر بەقسەی خۆم کردوو
هەرئەوەم هەڵبژارد
ئەوەی سەرکێشی وسەختە بۆم..
لەم دووریە کەسەیری
ڕاست و چەپی خۆم کرد
کەس لە دەورم نەما
چونکە ترسان
لە سزای ئاغاکان..

* * * *

بەڵام خەڵکی قەڵاتەکەم هەرماون.
سەربازانی خودا چاوەڕێم دەکەن
بۆ کەوتنی پاشایەک بەسیفەتی ئاغا
لەرێی ئەندازەی خودا..

❊ ❊ ❊ ❊

ئەو دووریە جوانیەکەی
لە هەردوو بەهەشت دەچێت
بەمەش دونیاو دوارۆژت
سەلامەت دەبێت
نابیت بە نێچیرو تیابچت..
ئەو دووریە دەوارێک
لە خەمی هەڵگرتووە
پشتی دوژمنانی خودای شکان دووە..
ئەو دووریە چرای ڕووناکی هەڵگرتووە
ژیانی دوژمنانی خودای تاریک کردووە..

*   *   *   *

ئەودووریە دەرمانی دڵی
بۆ ڕۆژی خۆی هەڵگرتووە..
ئەو دووریە پاپۆڕی عیشقێکی
بێ کۆتاییە..
دووبارە بوونەوەی
خۆشەویستەکەی جاران
گومانی تیانیە..
ئەو دووریە لە رێی خودا
تاوانەکانی ئێوەی
بەخاک سپارد
بەتۆڵە سەندنەوەی

❊ ❊ ❊ ❊

ئەو دووریەت بۆ
دەرد دەرمانی بردیە..
چەندەها جار سەردانی
دەستی شیفای کردیە.
ئەو دووریە شەوە زەنگی
لەخۆی حەرام کردیە..

* * * *

بۆ ئەم دووریە کە بە بووکیان بردی
هەمووشتێک بە عورفوو عادەتی
ئێوە بڕایەوە..
بەڵام کاریگەری و
گیرابوونی دووعاکانم
لەلای خودا وەک شاهید ماوە..
چونکە وەک چیا تەختی کردووم.
بەڵام ڕێگاکانم هێشتان بەرز و نشێوی تیایە.

* * * *

ئەو دووریە لە ئەندازەی عەشقا
ملی لە ڕێگا ناوە..
قیامەت بەم هۆیە هەڵساوە
لەدووری ڕێگاتا هەردووپێ یەکانم
هەڵئاوساوە..
ئەو دووریە ئافرەت و کوڕێکی
ئازای تیایە،
وەک سەربازانی خودا ڕۆڵ دەبینن
بەهەشت لە ژێر پێ یان دایە..

❊ ❊ ❊ ❊

ئەو دووریە وەک ماستە
مووێکی تیایە..
کڵاو وجامانەکەتان
توخمی باهەڵی دایە.
لەڕێگای رووسیاو ئەمەریکا
سزادراوون،
لە دژی من ئەندازەی
یاریەکەتان تێکدایە،

❊ ❊ ❊ ❊

ئەو دووریە شانەبوو
بەرامبەر ئاوێنەی
سوژدەی خۆشە ویستی
دەستم لە شانە هەڵنەگرتووە،
بەهۆی جوانی قژەکەت..
بەم بیست و حەوت ساڵە
ژیان ژانی درووست کردووە..
زۆربەی ژەمەکانم
فرمێسکی تۆبووە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٠٣-٠٨-٢٠٢٢




دەروو کۆدەکەی یانجوجوو مەنجووج

## ((بۆ نـامەرد و مەردەکان))

ئەو کوردستانە
هی چەند کەسێکە
بەپەنجەی دەست دەژمێردرێت،
بستێک ئەرزی
من و تۆی تیا نیە..
چونکە ئێمە
بەهاوولاتی ئەم وولاتە
هەژمارنەکراوین
پیاوی نازدار
لەپێناوی فەوتاوە..

* * * *

نامەردانیش لە
پەناو سێبەرەکەی
نانی باش باش یان خواردووە
بێشەرمانەش ڤێلە وباڵەخانەکانیان
لە ئاسمانی خودا بڵند کردووە
خێریان بۆ هیچ کەس نەبووە
قاسەکانیان جێگای نابێتەوە
لەبەر پارەی بلۆکی بردراوودزراو..

❊ ❊ ❊ ❊

هەموو ڕۆژێ زاوای حەرام زادەن.
هێشتان مانگی هەنگوینیان
تەواو نەبووە..
هەر ڕۆژی لە دەوڵەتێکن
وادەزانن بە میراتی
بۆیان بە جێ ماوە

❊ ❊ ❊ ❊

هەنگاوەکانی بەختەوەریان
لە چەماوەی هەرێمی ئەم کوردستانەیە
پاشان لەدەرەوەی
ئەم چەماوەش
سیخوری بێگانەن.

ئێراق –کوردستانی باشوور –هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢ –٠٨–٠٣

## ((نەشتەرگەری))

ئەو پیاوەت
لێ حەرام بێت،
لەمەزیاتر لەگەڵی بژیت،
چونکە دەزانم
تۆ بێ من ناژیت..

* * * *

دەزانم چەند جارێک
بێ هیوایی
سەرتاپای داگرتی
دیدارو دەنگی منیان
لێ حەرام کردی،

❊ ❊ ❊ ❊

خەونەکانیان لێ کوشتین
وەک کوژراوی ڕابردووی ئەم زەمەنە
بەڵام ئومێدەوارم
بەشێک لە خەونی من
ببن بەڕاستی
بۆی هەیە خەونەکانمان یەک بن
* * * *

دەزانم تۆ لە چارە نووسم دەترسی،
وادەزانی زۆر پەلم
لەهیچ شتێک بەپەلەنیم
چونکە هەمووشتێک بەکات لکاوە
پێنووسی من لە سەرکات وەستاوە
هەمووجارێک دراوە بەدادگا
بێ شک ناشادی بە هۆی من
تکایە بۆ ئازادی، تکایە بۆ ئازادی
هەمووشەوێک میوانی
ئەزیزو زیزو دیسان دەبیتەوە دەزگیرانی..
کوانی ئەوانەی پشت یان گرتی

* * * *

هەرئەوانیش بوون
لەهزری ئەم خۆشەویستیە
بێ باکانە دەریان کردی،
من لێرەم سەنگەریش
بۆکەس چۆڵ ناکەم
تامن و تۆ
یەک لایی دەبینەوە..
هاتنت بۆپیلانەکەی مەککە
لەوێ هەمووشتێک یەک لایی دەبێتەوە
تێ دەپەڕێت

* * * *

ناخۆشی کۆسپەکەمان
هاتنی تۆ خۆشی بەداوەیە
شیعرەکانم جەژنێکن بۆقوربانی تۆ..
هاتنت بۆئەو وێزگەی من تیام
خەیاڵێکی ڕاستیە
وڕاستیەکی خەیاڵیە
من ژیانی ئێستا و دوێنێت دەگۆرم

* * * *

چوونکە بــە هەموو

دونیات ناگۆڕم

لەبەرئەوەی تۆ

بەنرخ ترین ئافرتی

لەلای فەریدێک کە خێری لە خۆی نەدیوە..

تۆش وەک (زۆزان لەکویستانی) من دەژی

هیوادارم پێش من نەمری

بەشادی و شاهیدی ئەو عەشقە بژیت.

ئێراق –کوردستانی باشوور – هەولێر ویزگەی چاوەڕوانی

٢٠٢٢ –٠٨–٠٣

## ((تەنیایی خوداکەم))

تەنیایی خودا کەم
لە تەنیایی هیچ کەس ناچێت
کێ هەیە سەری
لەم شیکارە دەردەچێت..
ئەوانەی تۆیان
کردووە بە باوک
درۆیەکی شاخداریان کردووە
عەقڵی زۆرێک
لەخەڵکیان بردووە،

* * * *

بەڵام ئەوانە
بەراستی دڵیان مردووە..
توانای درووست کردنی
هەموو ئاسمانەکان
ئایە لە کاری باوک و خێزانێک دەچێت.
درووستکردنی ئەم کەون وکائیناتە.
ئەشێت نێر و مێیەکی تیا بێت،
بەڵام ناکرێت نابێت خوایەکی گەورە،
یەک لەو دوو ڕەگەزە بێت.

* * * *

کاری پاشای
جیهانیانی کاربەجێیە
چ بڵی دەبێت،
هەمووشتێک کە
گووتی ببە دەبێت.

ئێراق –کوردستانی باشوور –هەولێر ویژگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٢ -٠٨-٠٨

# ((دامەزراندنی خەلافەت))

هاوبەڵێن و یەک پەیمان بن
با خەلافەتی ئیسلامی بنچینەبێ
کێ لەگەڵ مە
لە یار و یاوەرانی خودا
هەروەک عیسای مەسیحی
برامان فەرمووی
ئێوەش ببن بەفریشتە و
بەندەی خودا

*   *   *   *


باکەس نەزانی کی پێشەوا تانە
باهەموومان ناومان
((مەحمەدی مەهدی)) بێت
لەیەک جەستە پێک بێت ئەم سوپایە
یەک ناو بێت
ئەوە بەچی دەشکێت
پەلەبکە لە هاتنی ئەم نیشانەیە
لەقیامەت.

ئێراق - بەغداد
١٨-١٢-٢٠١٣

## ((شـــەڕی خودا))

ئەگەر شەڕی خودا
ناکەیت بەشەڕی خۆت
شەڕیش، بەرامبەر
سەربازانی خودا مەکە.
لەکاتی گەڕانەوە
بۆلای خودا
شەرم و شوورەییە..
چ وەڵامێک دەدەیتەوە
بۆکوشتنی براکەت.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠-١٢-٢٠١٣


عیسا المسیح
محمد المهدی
الدجال المسیح
فرشته له
بەشتی فەورگ٤

## ((ناوبانگ دەرکردن))

ناوبانگت دەرکە لەلای خوا ((الله))
خوا ((الله)) لەناو موسڵمانان
دەست نیشانت دەکات
بەوکارەی کەشایەنی بیت
وەک پەنجەی شاتمان
شایەدیت بۆدەدەن.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٦-٠١-٢٠١٦

## ((بـنـەمـاڵـەیـەكی مـۆڕانـە))

ئەو بنەماڵەیە بەناوی كوردایەتی
وەكوو مۆرانە لە هەموو لایەكەوە
گۆچانی دەستی بەساڵاچووی
ئەو میللەتەیە دەخۆن
هەتا گۆچانەكەی ئەو میللەتەیە
لەبەردەستیان
بەردەبێتەوە لە یەك جەستەدا
هاوشێوەی پێغەمبەر سلێمانی
لێهاتوە

* * * *

جنۆکەکانیش نەیانزانی
کە مۆرانە گۆچانەکەی دەخوارد
ئینجا زانیان پێغەمبەر سلێمان مرد
ئەو بنەماڵەیە هەر وەک ئەوە وان
کتێبەکەی ژێر
(بەیت المقدس) تان لەلایە
دەجال لەخۆتانە کاری بۆ دەکەن.
بۆ دروستکردنی
کوفر لە جەستەتان.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٠٤-٠١-٢٠١٦

---

تێبینی / بۆ مەبەست گەیاندنی ئەم شیعرە واتای هەردوو مۆرانەی بنەماڵەکە سەرەخۆرەی کوردن.

## ((دوورونـزیـك))

نزیک ترین کەسم
ئەو کەسانانەن کە
خوداو پێغەمبەرەکەیان
لە خۆیان خۆشتر دەوێت
ئامادەن بە سەدان جار
لەپێناوی بژین وبمرن

❊ ❊ ❊ ❊

وناشیاوترین کەسم
ئەو کەسانانەن
کەبەرنامە پڕووپووچەکانی
دژی خودا سەردەخەن.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٦- ٠٦-١٦

## ((کـــــەڵك))

دڵم وەکووجاران
مرۆڤی بێ کەڵکی تیانەمایە
ئەوانەی لەلای من گرینگن
بەخۆشی و ناخۆشیەکان
گوێڕایەڵی قورئان وسونە و
فەرمانەکانی خودان.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٦-٠١-٢٠١٦

## ((پاشــا))

من لەگەڵ ئەو سەربازانەم
بەسیفەتی پاشا وەک شا شەردەکەن
دەکوژن و بە ئاسانی ناکوژرێنەوە
ئەوپاشایەی من دەیڵێم
هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە
لەگەڵ سەربازەکانی

❊ ❊ ❊ ❊

بەیەک ریزە دەجەنگن
وەکووئاسن وپۆڵان
لەکاتی حکومرانیدا
پێشەواکەی خۆی
بەگەورەتر نازانی
لەوانەی کەبەیعەت و
پەیمانی دەدەنێ.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٦-٠١-٢٠١٦



کاسەسەرەکەی فیدائەکانی یهود

## ((درۆ وبێ ئەدەبی لەشیعر))

زۆر شاعیرمان دیت
زۆر بەقوولّی باسی ئەویندار‌ی دەكرد
یەكەم زیناكاری لێدەرچوو..
زۆرشاعیرمان دیت
زۆر بەقوولّی باسی دۆزەخی دەكرد
بەڵام ئێستا
یەكەم خوانەناس و
سەرسەری لێ دەرچوو

* * * *

زۆر شاعیرمان دیت
هیچ وەفایەکی بۆ خودا بەدی نەدەکرد
کەچی ڕەخنەی لە خودا دەگرت

❊ ❊ ❊ ❊

زۆرشاعیرمان دیت
باسی شکۆوڕاستگۆیی
پێنووسەکەی دەکرد
لە هەمان کاتدا
پێنووسەکەی
هیچ هەیبەتێکی نەبوو
وەک پاشکۆ
خزمەتکاری ئاغاکانی
ئەم سەردەمەیە بوون..

❊ ❊ ❊ ❊

زۆر نووسەرم دیت
هەمووی ماستاوچی دەرچوون
بوونە بەندەی بەندەکان
بێ هیچ پێچوو پەنا
باسی ئەم دیاردە باوانە دەکەم

* * * *

تانووسەرەکان
تۆزێک شەرم دایان گرێ
بۆ ئافەرینێک و چەند
دینار و دەرهەم و دۆلارێک،
بەسووک و چرووکی و
پێنووسەکەت شەرمەزای خودا مەکە..
چونکە سوێندی پێخواردووە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠١٥-١٢-١٦

## ((نامەیەکی زیندوو))

لەپێناوی خودا
وەکوو فریشتەی مەرگ
خۆیان وتۆش دەکوژن بەهەق
لەکاتی تەنگانە زمان تیژن
وکاری خواش فەرامۆش ناکەن
هەرشتێک بکەن دەیکەن

* * * *

بۆ دینی خودا
وەک شانەیەکی خەوتووین
بۆهەڵهاتنی خۆرەکەمان..
هەمووومان بە سیفەت پێشەواین

❊ ❊ ❊ ❊

بچووک و گەورەمان تیا نیە
بەگیانێکی گەنجانە
بۆشەڕی قیامەتی گەورە
خۆمان هەڵگرتووە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٣٠-١٢-٢٠١٢



بزمارەکەی شام وەک ددانێکی کلۆر پێویستی بە دەرهێنانە

## ((قیامەت هەڵناستێت تاعاشقان هەڵنەستنەوە))

ئەگەر تۆ عاشقی خودای
قیامەت هەڵناستێت تا تۆ هەڵنەستیتەوە
وەکوو ئیبراهیم بە
بۆ سڕینەوەی بتەکانی ناو حکومەتەکەیان
ناو پەرلەمانەکەت پاک بکەوە

وەک ئیبراهیم!

ئاگر ئیبراهیمی نە سووتاند

تۆش ناسوتێنیێ ئەگەر نیەتت ئەم کارەبێت

ئەگەر ڕێبازی ئەو هەڵدەگری

دەبێت سەرکێشی بکەی

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر پیاوی خودابیت
نابێت پیاوی حکومەتێکی بێ دین بیت
ئەگەر وەزیری
چاو لەیارانی ئەشکەوت کە
خۆبە زل زانی گەورەکەت
لەشکۆو گەورەیی بچووکی کەرەوە
پێویستە و کاتی هاتووە
لەگەڵتا هەموودونیا هەڵدەستیتەوە

* * * *

ئەگەر تۆ عاشقی خودای

وەرە هاورێ و

کەسە نزیکەکانی خۆت ئاگادار بکەوە

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودای
خۆت بەرامبەر برای
دینیت بچووک بکەرەوە

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودای
هەتا زووە خۆت ئامادەبکە
بەزمان وکردار، بەقەڵم، بەهەڵگرتنی چەک
ئەم ئەرزە پاک بکینەوە
لەکاتی پێویست
خۆت مەتەقاێنەوە
تاتێکەڵ بەجەستەی پیسی ئەوان نە بیت
فۆبیابە لەدڵی بێ بڕواکان

* * * *

ئەوهاقیامەت هەڵدەستێت
چونکە کوفر لەسەر ئەرز
تەلەسمیان درووست کردووە.

* * * *

ئەگەر عاشقی خودای
زۆر بە ووردی بیر بکەوە
چۆن
ئەندازەی کوفر و ئیلحاد تێک دەشکێنیت

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودایت
بتوانیت تیپێکی تۆپێن بەرێوە بریت
دەتوانیت سەرکردایەتی
کوشتنی هەموو سەرسەختەکان بکەی

* * * *

ئەگەر عاشقی خودای
بەقورئان وسونەت
حوكمی دینی خودا دەكەی
لەسەر ئەرز دیسان سەرلە نوێ
خێزانەكەی ئادم وحەوا
دروست دەكەینەوە
موژدەی عیسای مەسیح یش زۆری نەماوە
دوای خۆڕاگیری ئەو ئومەتە

* * * *

ئەگەر عاشقی خودای
وەرە با (مەککە) فەتح بکەین
تا پیاوێک لەناویان هەڵبژێردرێت.
ئەگەر عاشقی خودای
ئەم ڕێگایە دەبریت
تاعەرشەکەی ئالی سعود تیا بچێت

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودای
نە من
نەخۆت بەکەم و بچوک نازانی
دینی خودا ((الله)) سەردەخەی
تاوورەی بێ بڕواکان لەناوبەریت،

* * * *

ئەگەر عاشقی خودا بیت
دەبی ئالأی سەرخستنی
دینی خودایەکەت ڕەش بێت
تاله کۆتایەکەی
دەستی سپی بگرێت
تادارو دەستەکەی شەیتان
هەردەم لێی بلەرزێت
ئەگەر ئەمڕۆ زەلیلی
نزیکه خۆرهەڵاتی
سەربەرز بوونەوە

* * * *

ئەگەر عاشقی خودا بیت
ترس دروست دەکەی
بەم فۆبیایە
هەمووعاشقێکی خودا پەروەردە دەکەی
تاتێکی نەدەین درووست نابێتەوە

* * * *

ئەگەر عاشقی خودا بیت
پشت تەنها بە خودا دەبەستیت
هەموو شتێکت بۆ ئاسان دەبێت

* * * *

ئەگەر عاشقی خودا بیت
هەموودونیای کوفرو بێ باوەڕی
لەخۆت زووير دەکەی
لەدوای سەرکەوتنێکی گەورە
ئاشتی بەرجەستە دەکەی

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودا بیت
خۆت بچووک دەکەی
وکەسیش لە خوت بە گەورەتر نازانیت
خوداش خاڵی هاوبەشە
بۆ چارەسەرکردنی کارەکان

* * * *

ئەگەر عاشقی خودا بیت
نابێت بێ دەنگی بنوێنی بەرامبەر
بەکوفرو بێ باوەڕی

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودابیت
شانەیەک درووست بکە
چیت زانی ئەوەیان فێر بکە
هەتا واتان لێ دێت لە زانست وزانیاری
کەس نەزانێت کامەتان پێشەوان.
ئەگەر عاشقی خودا بیت
وەکووعائیشە
بەشێک لەئەفرەتان
پێشەوایەتی ئومەتێک دەکەن
لەشێوەکانی شەڕی تۆڵەی
(ئیمامی عوسمان) لە شەری ( واقیعە علی الجمل)
شەری خەواریج لیزمەکانی ئەمرۆ دەکەن
❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودا بیت
لەهەر شوێنێک بیت
دەبێ دینی خودا ڕابگەیەنی

❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودا بیت
نابێت هیچ شتیک خۆشەویستی
خودا ((الله)) لەبیرت ببرێتەوە
لەسەرئارام گری خودا
ئەوخۆشەویستیە تاقی بکەرەوە
بزانە خودا چۆن خۆت و تاقمەکەت
سەردەخات

* * * *

ئەگەر عاشقی خودابیت
دارو بەرد، ڕێگات پێ نیشاندەدەن
بەئاراستە و هێما
ئەگەر عاشقی خودا بیت
کەشتێک لە هەموو ووشکانی سەرئەرز
وکووپێغەمبەر نوح ئامادە دەکەی
گوی بەگاڵتەی کەسیش نادەی


❊ ❊ ❊ ❊

ئەگەر عاشقی خودا بیت
لەسەر خودایەکەت بکوژرێی
بکووژی بەناهەق
هەردەکوژریتەوە
بەسزایەکی نەمری دۆزەخ

* * * *

ئەگەر عاشقی خودابیت
بەپاکروانیش هەر لە تەرمەکەت دەترسێن.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
١٨-١٢-٢٠١٥




هێمای جەنگ و پاش ماوەکەی

## ((وێنەیەك لە دونیاو قیامەت))

ڕازیم بەقیامەتەکەم
بێ وینەبێت،
وەک هەموو یاوەرانی پێغەمبەرەکەم
لەوەتەی هەن بە نەمری ماونەتەوە.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٠٢١-٠٨-٢٧

## ((برایەتی))

هەرکەسێک
هانای برایەتیم
بۆبێنێت
برای ڕاستەقینەی دەبم..
وپێچەوانەکەشی
وەک پێغەمبەران
مامەڵەی لەگەڵ دەکەم.

ئێراق – کوردستانی باشوور – هەولێر
٢٧-٠١-٢٠٢١

## ((١٦ی ئۆكتۆبەر))

١٦ی ئۆكتۆبەر
بەیانكردنی كوردایەتی بوو
یان دەمارگیری و لەخۆباییبوون بوو
بێگوومان بن
بێ من
دەوڵەتتان بۆ درووست ناكرێت
كورد
هەتا ئەم تاكڕەوانەی وەك ئێوەی هەبێت
ڕەوشی لەمە باشتر نابێت
بەڵام
دوای بەیانكردنی دینی خودا،.
ئەبوو سوفیانەكەتان

* * * *

خەریکە هەموو پەیوەندیەک
لەگەڵ سەرخەرانی دین دەبڕێت.
بۆ چەسپاندنی
دەسەڵاتێکی گەورەتر
لە ویست و داخوازی ئێوە،
ڕووبەڕو و بوونەوەی ئێمە
لەگەڵ ئومەیە و ئەبوجەهلەکانی
ئەم سەردەمە،
دەریایەک خوێن ماوە
لەگەڵ ئەم داماوانە،

پەیمانم داوە
دەبێت دەوڵەتێكی
ئیسلامی درووست بكەین
سەروبنی دیارنەبێت،
ئەمەش لەسەر ئەندازەی
میراتگریەكەی پیغەمبەردەبێت
بیر فراوانیەكەی.
بە چەسپاندنی دادگەری دەبێت.

ئێراق – كوردستانی باشوور – هەولێر
١٤-٠٤-٢٠١٩

## ((دڵ شکاوەکەم))

ئەگەر دەتەوێت،
بمناسیتەوە..
بە کوڕە دڵ شکاو وزوویرەکە
دەمناسیتەوە..

هەمووشەوێک..
ئازارەکانم نوێ دەبێتەوە،
خەمی ئەمڕۆت
لە خەمی دوێنێت گەورەترە،
ئەم خەمە بە تێپەڕبوونی کات!
وەک سێبەرم بۆ سێ بەردەکەی
هەتا جیادەبنەوە..

لەگەڵ ئەوەش..
هەرکورەعینادەکەی دوێنم،
بەهۆی دوراپی و جودایی
خەریکە هەمووگیانم دەشێوێت..
زۆری نەماوە
هەموبریاوخۆزگەکانم
لەگۆڕبنێت..

ئەوپەمەییە..
چونكە وەک من
خەم یاخەی نەگرتیە..
تاوان و تۆمەتەكەم ئەوەیە،
دڵم لكاوە بە عیشقەكەی.
لەوەتەی هەی!
هەرلەناو قوڵایی ئەم دڵەی.

چونکە هەرشاژنەکەی دوێنێی..
تێکەلاوی بەشەی ئەندامە
پاکەکەی جەستەی.
دڵم خوانی ناو قاپە شکاوەکەی
ژووری چێشتخانەی ماڵەکەتی..
تەنها شاڕەوانی
بەم دڵە شکاوە جوانەکەیان زانیوە.

چۆن هاتمە داوات،
چی بکەم کەنەبووی
ئەم جارە
خۆشە ویستە ڕاستە قینەکەم
دێتە داوام
ئەویش مەرگە
بۆئاسمانەکانی لای خودا..

تا دوا هەناسە
لێرەش بەدواوە لەگەڵتام
هیچ کات بێ هیوانیم
لە کۆتایەکەت.

چونكە هەردەم
موژدەیەكی
بۆرووحیانەتی ئەم دڵەم..
چ بەژینی مەردوومایەتی
یان بەمردنی مەردایەتی..
خۆتم بۆئامادەبكە،
تالە ئامانەتی ئەم ئامادەباشیە بم.

ئیراق – كوردستانی باشوور- هەولێر وێزگەی چاوەڕوانی
٢٠٢٣-٠٢-١٤



# ((پیاوە مـاندووەكەی كورد))

دوای ماندووبوونێکی
حەفتاو چوارساڵە
هیوا لەڕاست تۆ
بێ هیوانەبووە..

*　　*　　*　　*

هەرچوار خاکی دڵە لەت لەت کراوە

داگیرکراوەکەت

بەمزووانە یەک دەگرێتەوە..

لەسەردەستی نەشتەرگەریەکەی

محەمەدی مەهدی!.

* * * *

بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە
هەموولایەک
لەگەڵ هیوا و ئومێدەکان بەیەک بگەن
هەموو نهێنیەکی ئاشکرا..
بەڕەوشێکی هەستیار تێدەپەڕێت
بۆیەکخستنی ئەم چوار پارچە
لەگەڵ گەڕانەوەی
خاکە داگیرکراوەکەی قودس
بۆموسڵمانان..

* * * *

ئەم پیاوە بێزاربوو
لەپەیمانی درۆینی خۆرئاواکان
هەمووی دووبارەوسەدبارەیە
بۆبێ پەیمانیەکەیان،
بەهێزترین کارت
بۆ کوردوفەڵەستینەکان
گەرانەوەی خەلافەتی ئیسلامیە
لەسەردەستی محەمەدی مەهدی

❊ ❊ ❊ ❊

وەک سەڵاحەدینی ئەیوبی
یەکێکە لەخۆتان
ئەگەرپەیمانتان بداتێ
دەتانکاتە دەوڵەت
لە هیواو ئومێدەکانی ئێوە گەورەتر،

❊ ❊ ❊ ❊

پشتگیری کردن بۆ پێشڕەوی کردنی
ئەم خەلافەتە،
وەک دەرفەتی تەمەن تامانە
لە دەست مەدەن..
چونکە ئێوە بەشێکن
لەستەم لێکراوەکان
بۆئەم پشتگیریە
گەورەترین ژیریە،..

* * * *

کوردوفەلەستینیەکان یەکێکە لەمان..
ئەی کاکی هەمووکاکەکان
لەسەرئاستی باڵا
کاربۆ بزووتنەوەی
ئەم خەلافەتەیە بکە،
بەعەقڵی ئەندازیارانی
دینی خودا.

* * * *

بۆخاتری خودای پیاوە خۆنەویستەکە..
ئەویش محەمەدەیە
لەناو ئەم ئیسلامە
خواوخۆی وخوشک وبرایانی
بەتەواتی ناسیوە،

❊ ❊ ❊ ❊

خۆم بۆسەرکەوتنی
کۆتایی هەڵگرتووە.
هانام بۆ خوداو تۆ هێناوە
چونکە وەک من عیناد و
خاوەن قسەی خۆتی.

عێراق – کوردستانی باشوور– هەولێر
١٦-٠٨-٢٠٢١

---

تێبینی : ئەوکەسەی لە نێو شیعرەکەمدا کە قسەی لەگەڵ دەکەم کە بە ((پیـــــاوە ماندووەکەی کـــورد )) ناوم هێناوە ئـــەویش کاک مسعود بارزانیە لەگەڵ تەواوی خەبات کارانی ڕێگای خودا .

## ((محەمەدو ویێزگەی چاوەڕوانی))

تێبینی / ئەمەیان شیعرنیە بەڵام هەوێنی شیعرەکانمە...


لە دوای ڕێکەوتی ٢٠٠٩ی ٢٦/٠٢ لە شەوی ٢٧ی مانگی دوو لە وولاتی ئۆکرانیا لە پایتەختی کیڤ دەستەیەک لە مۆسادی ئیسرائیلی و ماسۆنیەکان لە پێکهاتەی چەند نەتەوەیەک وەک کورد وعەرەب و ئازەری و ئۆکرانی و فارس ویستیان بم دزن بەدەستی ئەم تاقمە هەرلەم شەوە خودا ئامادە و ئاگاداری کردم بۆ دەرباز بوونم لەم پیلانە گەورەیە لە دوای نوێژی عیشا لە بەشی ناوەخۆی جامیعەکەم خودا بە شێوەی تی ڤی (TV) لە سەر دیواری ژوورەکەم دووجار لە سەر یەک پیلانەکەی ئەم دەزگایەی هەموو پێ نیشاندام دوای ئەمە خۆم گۆڕی و لە شوێنەکەم دەرچووم تابەرەبەیان دوای ئەمە پیلانەکە هەڵوەشایەوە، دواتر ڕاستەخۆ خۆم ڕادەستی حکومەتەکەی ئۆکرانیا کرد ووتم مەسیحیەکان بمگرن

باشترە لە وەی بدرێم بە یەهودیەکان دواتر شامون پیریسی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا ڕاستەخۆ و بەپەلە هاتنە وولاتی ئۆکرانیا بۆ گفتوگۆکردن لە سەر ڕادەست کردنی من بۆ ئەمان یاخود ڕێگاچارەیەکی تر بۆ ئەم کێشەیە...

ئەمەی دەیگێرمەوە لەسەردەمی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئۆکرانیا (یولیا شیفجینکو) پشتگیری کردم و منی پاراست گەڕانەوەی من بۆ کوردستانی باشوور ئەمە بووە هۆکارەکەی هەربەم هۆیەش پارتی دیموکراتی کوردستان گۆگڵ ئیرس لە ئەمریکای کڕی و بە هۆی هاتنەوەی من بۆ کوردستان و لەکاتی گەڕانەوەم بۆ کوردستانی باشوور لە سنووری نێوان ئێراق و سووریا ئەمریکیەکان پشکنینی چاویان بۆ کردم تا بەبەردەوامی چاودێریم بکەن لەڕێگای جینایات وهید.

ئۆکرانیا – کیڤ ویژگەی سەرکەوتن

٢٨-٠٢-٢٠٠٩




ریگای ئازادی

# ناوەڕۆک

| ژ | ناوەڕۆک | لاپەڕ |
|---|---|---|
| ١ | پێشـــەکی | ٧ |
| ٢ | مـن وتـۆ | ١١ |
| ٣ | سەرکردە | ١٢ |
| ٤ | بـەخت وتـەخت | ١٣ |
| ٥ | گڵـکۆی ماڵە تازەکەت | ١٤ |
| ٦ | ئۆخەی خەوێک | ١٥ |
| ٧ | خەوتن و بەخەبەرهاتن | ١٦ |
| ٨ | تـــاڵ | ١٧ |
| ٩ | ستریس | ١٩ |
| ١٠ | سەربازانی خودا | ٢٠ |
| ١١ | ئاڵای قیامەتی عاشقان | ٢٢ |
| ١٢ | دیلی دەستی هەرەمەکەی فیرعەون | ٢٤ |
| ١٣ | گەڕانەوە لە ئەرزی مەسیحیەکان | ٢٧ |
| ١٤ | لەسەر قورئان گیرایە | ٣٢ |
| ١٥ | یاسای بچووک و گەورە | ٣٤ |
| ١٦ | لەعەشقت تەقیمەوە | ٣٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | پێت گەیاندم | ٣٩ |
| ١٨ | دوای مەرگم مێ | ٤١ |
| ١٩ | چاوەڕوانی | ٤٤ |
| ٢٠ | سەگ و نامەکەی | ٤٦ |
| ٢١ | گوڵچین | ٤٨ |
| ٢٢ | تاوانبار | ٤٩ |
| ٢٣ | دیل | ٥٥ |
| ٢٤ | ئەستێرەی شیعرەکان | ٥٧ |
| ٢٥ | چەنگاڵی مەرگی ئەوین | ٥٩ |
| ٢٦ | ڕێی هات و نەهات | ٦١ |
| ٢٧ | دیوانی ڕووخاوم | ٦٣ |
| ٢٨ | بۆ شەرم لە ئاسمانی دڵم ناکەی | ٦٤ |
| ٢٩ | بەفری خەمت | ٦٧ |
| ٣٠ | پێت ووتم | ٧٠ |
| ٣١ | دیمەنێک لە سنووری هیوا | ٧٢ |
| ٣٢ | دایکی شیعر | ٧٥ |
| ٣٣ | بیرەوەریە بێ نازەکان | ٧٩ |
| ٣٤ | مەرگ بڕ | ٨٠ |
| ٣٥ | دەمێکە نەمدیوی | ٨٢ |
| ٣٦ | خەونێکی ڕەشی تازیەدار | ٨٥ |
| ٣٧ | تەونۆکەی کۆچ | ٨٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٨ | کێ وەک من | ٩٢ |
| ٣٩ | لە یادت چوو | ٩٤ |
| ٤٠ | حوکمی وەفا | ٩٦ |
| ٤١ | ڕێــگا | ٩٩ |
| ٤٢ | لەدێرێکیان نووسراوی | ١٠١ |
| ٤٣ | سەربەخوا پێش سەربەخۆیی | ١٠٣ |
| ٤٤ | تەر و ووشک | ١٠٥ |
| ٤٥ | کیبۆردوو پێنووسەکانم | ١٠٦ |
| ٤٦ | بریاری کۆتا | ١٠٧ |
| ٤٧ | لاکێشە | ١٠٨ |
| ٤٨ | تەور | ١٠٩ |
| ٤٩ | نموونەی شەی پوور | ١١١ |
| ٥٠ | ڕێک بۆ ڕوکن و مەقام | ١١٣ |
| ٥١ | خۆفرۆشی تەنها بۆ خودا عەیب نیە | ١١٦ |
| ٥٢ | ناخ چۆڵەکان | ١١٨ |
| ٥٣ | بەهۆبێ یان بێ هۆ | ١١٩ |
| ٥٤ | سەربەخۆیی | ١٢٠ |
| ٥٥ | سەرخەری دین | ١٢١ |
| ٥٦ | پـارە | ١٢٢ |
| ٥٧ | ئەوەی پێم ووتی | ١٢٥ |
| ٥٨ | خوداکەت بناسەکە(الله)یە | ١٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩ | فریشتەیەک لەدڵ ڕەقی | ١٢٩ |
| ٦٠ | شکایەتی شکانی بێ دەنگی | ١٣٣ |
| ٦١ | ڕووگـە | ١٤٠ |
| ٦٢ | یاریەک لەگەڵ پاشاکان | ١٤٧ |
| ٦٣ | هەولێر باوەشی دایکە | ١٥٤ |
| ٦٤ | من کوڕە شاسواری موسڵمانانم | ١٥٨ |
| ٦٥ | بە بارگاوی بوونت | ١٦٧ |
| ٦٦ | خۆری جوانیت | ١٦٨ |
| ٦٧ | کانگاکانی نەوتی کورد | ١٦٩ |
| ٦٨ | نەجات | ١٧٥ |
| ٦٩ | ببوورە هاوڕێ گیان | ١٧٩ |
| ٧٠ | وێزگەی چاوەڕوانی وچاوڕوونی | ١٨٣ |
| ٧١ | فرمێسکی تۆم | ١٨٧ |
| ٧٢ | سەرگرتنی خەلافەت | ١٩٣ |
| ٧٣ | تاقامەت نەکرێت هەڵناستمەوە | ١٩٨ |
| ٧٤ | بیست و حەوت ساڵ | ٢٠٣ |
| ٧٥ | تاسەکانی ڕێگات | ٢١٤ |
| ٧٦ | یاریەکانی چەکی ئەتۆم | ٢١٧ |
| ٧٧ | منم ئاوێنەی ئاوێنەکەت | ٢٢٥ |
| ٧٨ | کڕنۆشی خۆشەویستی | ٢٣٣ |
| ٧٩ | لەدوای تۆدا | ٢٣٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٠ | شاژنەکەی ئەمڕۆ | ٢٤٠ |
| ٨١ | درامایەک لەژیانی من | ٢٤٤ |
| ٨٢ | لەناو خوینمای | ٢٤٩ |
| ٨٣ | سپێسی عەشق | ٢٥٢ |
| ٨٤ | کاتژمێری مەرگی مرۆڤایەتی | ٢٥٥ |
| ٨٥ | لەبارانیکی نمنماوی | ٢٥٨ |
| ٨٦ | ڕقی خودا بەرامبەر بازاڕەکان | ٢٦٣ |
| ٨٧ | نامەیەک بۆ مەسعود بارزانی | ٢٦٥ |
| ٨٨ | فیلاربوون لە پێناوی ئیسلامەکەم | ٢٧٣ |
| ٨٩ | بمبووره | ٢٧٧ |
| ٩٠ | پێوەری بەرزونزمی | ٢٨٢ |
| ٩١ | دوای دوا ئیکلامی حکومەتی کوردی | ٢٨٥ |
| ٩٢ | کەیسەری قەیسەری قەیسەر | ٢٨٧ |
| ٩٣ | ئازارێک لە ئـازادی | ٢٩١ |
| ٩٤ | خـەریکە | ٢٩٣ |
| ٩٥ | بـاغـەڵ | ٢٩٦ |
| ٩٦ | بە فیشەکی فیراق | ٢٩٨ |
| ٩٧ | نامەکانم | ٣٠٠ |
| ٩٨ | بێ وێنەیی لە چیرۆکێک | ٣٠٢ |
| ٩٩ | زیزبوون | ٣٠٥ |
| ١٠٠ | ئیکلام بۆ نزیکبوونی ئاکام | ٣١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠١ | جامی جیهانی | ٣١٢ |
| ١٠٢ | ئیرتیجال | ٣١٥ |
| ١٠٣ | دڵ | ٣١٧ |
| ١٠٤ | زرپپۆشی بێ شەرمی | ٣١٩ |
| ١٠٥ | من کەلێن و بۆشایم | ٣٢١ |
| ١٠٦ | دەردەدڵ | ٣٢٤ |
| ١٠٧ | تێکشکاو | ٣٢٧ |
| ١٠٨ | چایەکی بەڕەنگی جیهان | ٣٢٨ |
| ١٠٩ | بەرەو کوێستانەکەم | ٣٣٠ |
| ١١٠ | دیجلە و فورات | ٣٣٢ |
| ١١١ | داخگران | ٣٣٣ |
| ١١٢ | ڕێدار | ٣٣٥ |
| ١١٣ | فەرمان کردن بەبا | ٣٣٧ |
| ١١٤ | بەهۆی دابڕانت | ٣٣٩ |
| ١١٥ | مەکری ماسۆنیەت | ٣٤٠ |
| ١١٦ | سەرخەران | ٣٤٢ |
| ١١٧ | دەوڵەتی کورد زۆزان | ٣٤٤ |
| ١١٨ | جیهان و ئایندەی ڕاپەرینێک | ٣٥٠ |
| ١١٩ | ڕێگای شاولەکەی حەسەن بەنا | ٣٥٣ |
| ١٢٠ | جوولەکە | ٣٥٨ |
| ١٢١ | خۆراکی ئاغاکان | ٣٦٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٢ | پارتێکی هەڵوەشاوە | ٣٦٢ |
| ١٢٣ | کرینەوەی کۆیلەکان | ٣٦٤ |
| ١٢٤ | ئیسلام و غوربەت | ٣٦٥ |
| ١٢٥ | ئیرتیجالی شانۆکار | ٣٦٨ |
| ١٢٦ | رۆژنامەی ڕێگای کوردستان | ٣٧٠ |
| ١٢٧ | نەوتی چراکانمان | ٣٧٣ |
| ١٢٨ | ژمارەی ڕاستەقینە | ٣٧٦ |
| ١٢٩ | چاوەکانت | ٣٧٨ |
| ١٣٠ | گلۆباڵۆیزم | ٣٨٠ |
| ١٣١ | خودا سەرخە سەرت دەخات | ٢٨٣ |
| ١٣٢ | فڕمانی لکاو، لکاوە بەلیکاو | ٣٨٦ |
| ١٣٣ | دووری تیژی چاوەکان | ٣٨٧ |
| ١٣٤ | چنینی دەوڵەتداری | ٣٩٠ |
| ١٣٥ | پۆیلە ئاگرەکەی ناو لەپ | ٣٩٥ |
| ١٣٦ | لە ئامادەباشی بە | ٣٩٩ |
| ١٣٧ | پڕاووپارە | ٤٠٣ |
| ١٣٨ | دایکێک لەسۆنگای ڕەوشت بەرزی | ٤٠٨ |
| ١٣٩ | محەمەدی مەهدی | ٤١٣ |
| ١٤٠ | دەستگرو دەستگیرکردن | ٤١٧ |
| ١٤١ | چونکە تەنها قسەمداوە | ٤١٩ |
| ١٤٢ | عیشقێک بەدرێژایی تەمەن لەگەڵمادێت | ٤٢٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٣ | بون و بەراتت | ٤٢٤ |
| ١٤٤ | پێشەوایەتی | ٤٢٧ |
| ١٤٥ | عەشق هیچی پێنەهێشتم | ٣٣١ |
| ١٤٦ | گڵپەی شیعر | ٤٣٥ |
| ١٤٧ | سەگی تۆپی | ٤٤٠ |
| ١٤٨ | ئێستاو پێشوو | ٤٤٢ |
| ١٤٩ | میراتی من | ٤٤٦ |
| ١٥٠ | ئاتاجی دەروو | ٤٤٧ |
| ١٥١ | بۆشایی وبەدەن | ٤٥٠ |
| ١٥٢ | زانستی ناسین | ٤٥٢ |
| ١٥٣ | مامۆستای وانەی منداڵی | ٤٥٣ |
| ١٥٤ | قەراری هێزی عەقڵ | ٤٥٤ |
| ١٥٥ | بۆیەکی لەعەلیەکان | ٤٥٨ |
| ١٥٦ | دزینی سەنگی کەسایەتی | ٤٦٢ |
| ١٥٧ | بەندایەتی | ٤٦٤ |
| ١٥٨ | ڕەنگی خەم | ٤٦٦ |
| ١٥٩ | بکوژی خەمەکان | ٤٦٨ |
| ١٦٠ | نزا خودایە | ٤٧٠ |
| ١٦١ | لەدەرەوەی یاسای گوڵ | ٤٧٢ |
| ١٦٢ | فرمێسکێک لەدەریا | ٤٧٤ |
| ١٦٣ | قوتابخانەی پێغەمبەران | ٤٧٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦٤ | چەکی ئەتۆم | ٤٨٠ |
| ١٦٥ | دۆزی دۆزەخیەکان | ٤٨٢ |
| ١٦٦ | کە بەبووکیان بردی | ٤٨٦ |
| ١٦٧ | کوردستان بوو بەدەوڵەتی کورد زۆزان | ٤٩١ |
| ١٦٨ | وەفای سەگ | ٤٩٤ |
| ١٦٩ | وێنەیەکت | ٤٩٦ |
| ١٧٠ | دووجەمسەری جیاوازین | ٤٩٨ |
| ١٧١ | ئەودووریە هەرنەبڕایەوە | ٥٠١ |
| ١٧٢ | بۆ نامەرد و مەردەکان | ٥١٧ |
| ١٧٣ | نەشتەرگەری | ٥٢١ |
| ١٧٤ | تەنیایی خوداکەم | ٥٢٨ |
| ١٧٥ | دامەزراندنی خەلافەت | ٥٣١ |
| ١٧٦ | شـــەڕی خودا | ٥٣٣ |
| ١٧٧ | ناوبانگ دەرکردن | ٥٣٥ |
| ١٧٨ | بنەماڵەیەکی مۆڕانە | ٥٣٦ |
| ١٧٩ | دوورونزیک | ٥٣٨ |
| ١٨٠ | کـــەڵک | ٥٤٠ |
| ١٨١ | پاشـا | ٥٤١ |
| ١٨٢ | درۆ وبێ ئەدەبی لەشیعر | ٥٤٤ |
| ١٨٣ | نامەیەکی زیندوو | ٥٤٩ |
| ١٨٤ | قیامەت هەڵناستێت تاعاشقان هەڵنەستنەوە | ٥٥٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨٥ | وێنەیەک لەدونیا و قیامەت | ٥٧٨ |
| ١٨٦ | برایەتی | ٥٧٩ |
| ١٨٧ | ١٦ی ئۆکتۆبەر | ٥٨٠ |
| ١٨٨ | دڵ شکاوەکەم | ٥٨٣ |
| ١٨٩ | پیاوە ماندووەکەی کورد | ٥٩٢ |
| ١٩٠ | محەمەد و وێزگەی چاوەڕوانی | ٦٠١ |

# سوپـاس و پـێزانـین..

سوپاس ودەست خۆشی لە کـاک ئاسۆخالید سەدیق کە لە دیزاینی کتیب و بەرگی کتێبەکەم بەژداری کــــــرد وسوپاس و پێزانینی کاک محەمەد قاسم محەمەد تــــاها کەلە یەک تابلۆیەکانی ناو کـــــــتیبەکەم بەژداری کرد سوپاس و پێزانین ئاراستەی خوشک و برایانم دەکــــەم لە چاپەمەنی ئیران تاهران کە هەڵسان بە چـــــاپکردنی کتێبەکەم..

وە هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆم لە هێرش حەمەد دەکەم، کە کتێبەکەی بۆ دیزاین کردم...

Direct to the corner and the position

Прямо к углу и позиции

مباشر الــى ركن والــمقام

# STROIGHT TO THE CORNER AND DENOMINATOR

# مباشر الى ركن والمقام

ERBIL - 2023 م - 1445 هـ



پۆلاینی قەڵـەمەکەم
لـــەراستگۆیی
ئەبوبەکر دەچێت
بــۆ چەند دۆلار و دینارێک..
بۆکەس نەنـوشتاوەتەوە
هەر بەراستگۆیەکەی ماوە
قەڵـەمەکەم هزرو هێزی
(محەمەدی مەهدیە.)
ئامادەکاری دەکا بۆ
هەستانی قیامەتەکەی .

کوردستانی باشوور - هەولێر
2014-02-14

ISBN 978-9922-21457-3